لە مارکسیزم و ناسیۆنالیزمەوە
بۆ دیمۆکراسیی رادیکاڵ...

ئاندرێس پیەرانتۆنی گیوا لا٢٦

دۆگماتیزم و مەزهەبگەرایی و
ئایین لە یۆتۆپیای ئازادییدا

هاوژینی مەلا ئەمین لا٣٥

رۆڵی ژنان لە بورای سیاسی و
کۆمەڵایەتی لە رۆژهەڵاتی ناویندا

ویژدان نورەدین لا٥٤

# ئازادی کۆمەڵگە

٨
ساڵی یەکەم
ژمارەی هەشتەم
1-8-2016
خەرمانان
٢٧١٦

گۆڤارێکی سەربەخۆی سیاسی، هزری، جڤاکی، مانگانەیە




## ئۆجالان وەک بیرمەندی رۆژهەڵاتی ناوین پەسەند کرا

## د.محمود عوسمان؛
## ڕاستە بەغدا کێشەی هەیە، بەڵام بەغدا زۆر لەتورکیا باشترە بۆ هەرێم




**خاوەن ئیمتیاز:**

محەمەد کیانی عەبدولرەحمان (د.محەمەد کیانی)

**سەرنووسەر:**

گۆران عەلی حەسەن (گۆران پێنجوێنی)

**دەستەی نووسەران:**

د.سالار باسیرە — سەردار ستار

بەیان عەلی — نەجیبە قەرەداخی

کامەران گوڵپی — کوردۆ شوانی

**ڕاوێژکاری یاسایی:**

پارێزەر هیلال ئیبراهیم



ناونیشان: نوسینگەی سەرەکی: کوردستان.
سلێمانی. گەڕەکی ئاشتی. باخی سەعید بەگ

پەیوەندیەکان لەڕێگەی سەرنووسەرەوە دەبن.
(٠٧٧٠٢٢٢٧٢٧٤)یان(٠٧٥٠١٥٣٩١٩٧)
azadi1@gmail.com
www.facebook.com/Azadi Komelge



تیراژ (١٠٠٠) دانە

نرخ (١٥٠٠) دینارە


# ناوەڕۆک

هەرنوسینێک گوزارە لە رای نووسەر خۆیەنی




باشوری کوردستان و قەیرانە بەردەوامەکان
ڕێکەوت ئیسماعیل ٤١





قەیرانی سیاسی لەهەرێم، مێژوو و واقیع و چارەسەرییەکان
سامی عەبدولقادر ڕێکانی ٣٢





خۆراک و شۆرشی سۆسیالیستی
جۆن پیتەرسۆن ٤٥





گۆڕانکاری لەباشوور بەئەلتەرناتیڤێکی نوێ دەکرێت
فواد زیندانی ٤٨


**رۆژئاوای کوردستان**

**ئەنجامدانی کۆنفرانسی ساڵی داهاتووی "هزری ئۆجالانی" خستە ئەستۆی خۆی**

# فەرمانی ٧٤مینی ئێزیدیەکان و هەڵوێست

٢٠١٤/٨/٣ بۆ کۆمەڵگەو خەڵکی ئێزیدی بەگشتی و بەتایبەت بۆ خەڵکی شەنگال و تەواوی کوردستان و مرۆڤایەتی ڕووداوێکی سەرسوڕهێنەر و تراژیدی بوو، بۆیە وەك کۆمەڵکوژی و فەرمانی ٧٤مین بەناو دەکرێت. جیهان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش وەك سەیرکەرێکی بێ زراو سەیری تراژیدیایەکەی دەکرد و دیمەنەکانی بەجیهانی بێ بەزەیدا دەگەڕاند. لەدوای پیلانگێڕی نێودەوڵەتی و گرتنی ڕێبەر ئاپۆ گەورەترین کارەساتبوو کە بەسەر هەژارترین و کەمدەرامەترین و بێتاوانترین و چەوساوەترین مرۆڤەکانی میللەتەکەمان بێت، تەنها لەبەر ئەوەی کوردن و ئاینەکەیان جیاوازە و ئێزیدین.

گەورەی کارەساتەکە لەوەدایە لە سەردەمێك بەشێك لە کۆمەڵگەکەمان جینۆساید ئەکرێت کە دەسەڵاتی خۆماڵی کوردی حاکم و دەسەڵاتدار و کاربەدەستی ناوچەکەیە، ئەمەش ئەوەندەیتر کارەسات و تراژیدیایەکەی قوڵترکردەوە، مرۆڤ و گەنج و لاوی کورد کە بەقارەمانترین و چاونەترس و ئازاو دلێر ناوی دەرکردوە، لەسەر دەستی چەکدارانی پ د ك/عێراق لە ڕووبەڕووبوونەوەیان لەبەرامبەر چەتەکانی داعش نمونەی، ترسنۆکترین و بێ زراوترین و نامەردترین و دۆڕاوترین کەسیان نیشاندا، لەوەتەی مێژووی کورد هەیە مرۆڤی ئەوەندە ترسنۆك و دۆڕاو بێهەست و بێ ویژدانی نیشان نەداوە کە داماڵدرابوون لەهەموو بەها و نرخ و ئەخلاقێکی نەتەوەیی و مرۆیی و ئاینی.

دەبێ ئەگەر ئەو حەوت گەریلایەیی پەکەکە نەبوونایە لەسەر چیایی شەنگال ئەو کارەساتە چەندەی تر گەورەتربووایە و شەنگال و کۆمەڵگەیی کوردی ئێزیدی ئیتر لەسەر نەخشەی کوردستان بسڕیباوەو پیاوە ترسنۆکەکانی دەسەڵاتیش وەك ئێستا لەبەر گەندەڵی و دزی و بەتاڵانبردنی نەوت، نە ڕەخنەیان بۆ دەدا و نە خەمی ئەوەیان بوو لەکەسایەتی شەنگال چۆن کوردستان و مرۆڤی کورد ئەتك کراوە. گەریلاکان ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئەخلاقی خۆیان جێبەجێکرد، لێرەوە پێشنیاردەکەم پەیکەرێك بۆ حەوت گەریلایە وەك حەوت ڕزگارکەر لەسەر چیایی شەنگال و لەناو شەنگال بۆیان دروست بکرێ تاکو مێژووی بەرخودان ببێتە سەروەری لەبەرامبەر فەرمان و کۆمەڵکوژیەکانی کەبەسەر ئێزیدیەکاندا هاتووە.

ڕووداوی داگیرکردنی شەنگال بە ڕووداوێکی ئاسایی نەبینراو بەهێزی چەتەکانی داعشیشی نیشان نەداوە، بەڵکو باس لەو سیناریۆیانە دەکرا کە دەرهێنەری هەموویان پ د ك/ عێراق بووە، نمونەکانیش؛ بۆ لەبارچوونی کانتۆنی جزیر و هەرێمی ڕۆژئاوا، لەگەڵ ئیسرائیل ڕێکەوتن، لەپێناو گۆڕینەوەو ئازادکردنی کوڕێکی بارزانی لەدەستی داعشدا. بۆ ئازاد کردنی شەنگالیش لەبڵاوکراوەکانی ویکلیکس ئاشکرابوو کە “پارتی و قەتەر و سعودیە لەگەڵ چەتەکانی داعش ڕێکەوتوون بۆ جێگۆڕکێ لەگەڵ چەکدارانی پارتی، بەڵام گەریلاکانی پەکەکە سیناریۆکەی لێ تێکداون”.

لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا خەڵکی بەرخودانڤانی شەنگال کە چیایی شەنگالیان کردبووە سەنگەری سەرەکی خۆیان توانیان چەندین دەسکەوت بەدەست بێنن هەندێك لەوانە: سازدان و پێکهێنانی یەکینەکانی بەرخودانی شەنگال لە کچان و کوڕانی ئێزیدی، هەمانکات ئامادەکردن و پێکهێنانی ئەنجومەنی خۆبەڕێوەبردنی شەنگال، کردنەوەو ئەنجامدانی خوێندن بەزمانی کوردی بۆ منداڵان، سازدانی هێزی ئاسایش و پاراستنی شەنگال و کردنەوەی نەخۆشخانەو دامودەزگای تەندروستی.

لەگەڵ پارتی هەموو لایەنەکانی هەرێمی کوردستان لەدەرەوەی تەڤگەری ئازادی لە دژی ئەنجومەنی خۆبەڕێوەبردنی شەنگال بوون، هەموویان هەمان قسەی پارتیان دووبارە دەکردەوە کە پەکەکە و ئێزیدیەکان دەیانەوێت شەنگال لە هەرێمی کوردستان دابڕن، بۆیە ئەوانیش پێشنیاری “بەپارێزگابوونیان بۆ شەنگال کرد”، هەرچەندە هەموو لایەنەکان دەیانزانی کە شەنگال لەسنوری مادەی ١٤٠ دایەو لەدەسەڵات و ئیرادەی حکومەتی هەرێم دانیە شەنگال بکاتە پارێزگا!!!.

لەئێستا کە شەنگال ئازادە و یەکینەکانی بەرخودانی شەنگال بەهاوکاری گەریلا پارێزگاری لەشەنگال دەکەن و خۆیان گەیاندۆتە ئاستێك کە دەتوانن لە ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی موسلیش بەشداربن و ئیدی نەك تەنها چەتەکانی داعش، بەڵکو خەونی هەموو ئەوانە تێکبدەن ئەگەر بێتو جارێکیتر خەون بە فەرمان یان داگیرکەری شەنگال و کۆمەڵگەی ئێزیدی ببینن. بەڵام بەداخەوە پ د ك/عێراق ناهێڵێت شەنگال ئاوەدان بکرێتەوەو خەڵك بگەڕێتەوە سەر ئاو خاکی خۆی و قەرەبوو بکرێنەوە.

هەموو مرۆڤە ئازادیخواز و شۆرشگێڕ و نەتەوەیی و دیموکراتخوازەکان ئەرکیانە بەهەموو شێوەیەك بەرگری بکەن لە پێناو مانەوەی کۆمەڵگەی ئێزیدی لە سەرخاك و واری خۆیان و تاکو بتوانن بە ئیرادەی خۆیان خۆیان بەڕێوەببەن و خۆیان بپارێزن و خۆیان پەروەردەبکەن، چونکە دیموکراتیزەکردن و گۆڕانکاری باشووری کوردستان بە شەنگال دا دەربازدەبێت.

( no / 8 )- 1 - 8 - 2016

# د.محمود عوسمان:"ڕاستە بەغدا کێشەی هەیە، بەڵام بەغدا زۆر لەتورکیا باشترە بۆ هەرێم"



د.محمود عوسمان

ئا - هانا ئازاد

سیاسەت مەداروو ئەندام پەرلەمانی پێشووی عێراق د.محمود عوسمان لەمیانەی چاوپێکەوتنێکدا بۆ گۆڤاری ئازادی کۆمەڵگە سەبارەت بە قەیرانی سیاسی لە باشووری کوردستان، بەشێکی قەیرانەکان بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە یەکتر قبوڵکردن نەبووە، بەرپرسەکان ئامادەنین بەیەکەوە دانیشتن، پێشی وایە دەبێت کۆنگرەی نەتەوەی لەنێوان پەکەکە و پارتی و یەکێتی و گۆڕان یەکلای بکرێتەوە ئەوەش بەیەکرپزیان دەبێت و بەوشێوەی ئێستا ناتوانن کۆنگرەی نەتەوەی ببەستن.

**ئازادی کۆمەڵگە: قەیرانی سیاسی باشووری کوردستان نەک تەنها لەمیدیا ناوخۆیەکانەوە، بەڵکو لەئاستی نێودەوڵەتیش باس و خواسی لەسەر دەکرێت، هۆکارەکەی بۆچی دەگێڕنەوە؟**

**د.محمود عوسمان:** قەیرانی باشوری کوردستان لەوەوە سەریهەڵدا کە یەکتر قبوڵکردن نەبوو بەرپرسەکان ئامادەنین بەیەکەوە دانیشتن بکەن و مجالیانداوە وڵاتانی ئێران و تورکیا دەستیان خستۆتە ناوخۆی هەرێمی کوردستان، بۆیە کۆبوونەوەکانیان ناتوانێت چارەسەری کێشەکان بکات و لێکتێگەیشتنیان نیە، ئێستا قەیرانەکان لەباشور زیاتر بوون و لەکێشەی سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمان، کاتی خۆی کە یەکێتی و پارتی ڕێککەوتنی ستراتیژیانکرد من پێم هەڵەبوو، چونکە پێم وابوو دەبێت ڕێککەوتنێکی نیشتمانی لەنێوان سەرجەم لایەنەکان ئەنجام بدرێت و هەموو حزبەکان بەشداربن بەبچووک و گەورەوە و نەیانکرد و نەشیان توانی کۆنگرەی نەتەوەی ببەستن، کێشەکان ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر بوون و ئێستا دابەشبوون هەیە تورکیا و پارتی پەیوەندیان بەهێزە و لەوبەریشەوە ئێران و یەکێتی و گۆڕان لەکاتێکدا لەگەڵ بەغدا دوو لەت بوون، کێشەکان ئاڵۆز بوون دەبێت پێکەوە دابنیشن تاچارەسەری بکەنەوە و پەیماننامەیەک ببەستن.

**ئازادی کۆمەڵگە: بەڵام پێت وانیە ئێستا درەنگ وەختە بۆ ئەوەی ڕێککەوتنی نیشتمانی لەنێوان لایەنەکان ببەسترێت ؟**

**د.محمود عوسمان:** لەسیاسەتدا هیچ شتێک درەنگ وەختی نیە و مەجال ماوە بۆ بەستنی ڕێککەوتنێکی نیشتمانی، ئێستا کورد سەرجەمی مەشغولە بەشەڕی چەتەکانی داعش، بەڵام دوای داعش ڕەنگە کێشەی گەورەتر دروست ببێت کورد و سوننە ببێتە کێشەیان و لەڕۆژئاوا ڕەنگە کورد لەگەڵ جەماعەتی ئەنەکەسە ببێتە کێشەیان، بۆیە پێویستە پێش کۆتای داعش کێشەکان چارەسەر بکرێن و لەگەڵ بەغدا هەماهەنگ بن و ڕێگە نەدەن تورکیا و ئێران بێنە کێشەکان، ئەو دەوڵاتانە بۆ دژایەتی کورد کاردەکەن و کورد بەمەترسی دەزانن .

**ئازادی کۆمەڵگە: تورکیاو ئێرانیش کورد بەمەترسی دەزانن بۆسەر سیاسەت و ژیانی خۆیان؟**

**د.محمود عوسمان:** بەڵی، تورکیا و ئێران کورد بەمەترسی دەزانن، لەکاتێکدا کورد داوای مافی خۆی دەکات.




**ئازادی کۆمەڵگە: کاریگەرییە نەرێنییەکان لەسەر ژیانی خەڵک زۆرە، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەم ڕەوشەی شەقامی کوردی لایەنەکان( پارتی، یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتوو و کۆمەڵ) خەمساردانە لەکۆبونەوەکانیاندا دێنەدەرەوە و بەخەڵکی خۆیان دەڵێن ئەمجارەش ڕێنەکەوتین، ئێوە چۆن لەمەدەڕوانن؟**

**د.محمود عوسمان:** ئەم بێ باکیەی حزبەکان بەرامبەر هاوڵاتیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە حزبایەتی تەسک پێش هەڵوێستی نەتەوەی و نیشتمانیە، حزبەکان خۆیان پێ لەکێشەی کورد گرنگترە و حزب لەخزمەتی کێشەکان دانەنراوە و بەرژەوەندی حزبەکان پێش بەرژەوەندی کورد کەوتووە، حزبەکان بڕیاریان نیە بۆئەوەی بگەنە ئەنجام و ڕێککەوتن، کاتی زۆر لەبەرژەوەندی حزبەکانی باشوری کوردستان نیە.

**ئازادی کۆمەڵگە: لەکار خستنی پەرلەمان و بێ ڕۆڵکردنی دامودەزگاکانی هەرێم و نەبوونی مووچە و بودجە، بارودۆخی دەسەڵاتی هەرێم بەرەو کوێ دەبات؟**

**د.محمود عوسمان:** کارێکی خراپە، دەسەڵات ئەگەر نەتوانێت کێشەی خەڵک و خۆیان چارەسەر بکەن متمانە لەدەست دەدەن و دوو بەرە دروست دەبێت لەنێوان میللەت و سەرکردەکان و ئەوەش کاریگەری خراپی دەبێت و کێشە دێتە پێشەوە، بۆیە نەپارتی دەتوانێ کارەکانی خۆی بەتەنها بکات و نە حزبەکانی تر، بۆیە لەو حاڵەتەی ئێستا هەیە ئێران یان تورکیا و بەغدا دەتوانن سود وەربگرن.

**ئازادی کۆمەڵگە: ئابلۆقەدانی ڕۆژئاوای کوردستان لەلایەن دەسەڵاتی باشوری کوردستان چۆن دەبینی ؟**

**د.محمود عوسمان:** ئەوە کارێکی نەگونجاوە، بەڵام بۆچوونم وایە کە پێویستە پەیەدە لەڕۆژئاوای کوردستان لەگەڵ لایەنەکانی تر ڕێبکەون و ڕێکبخات بۆئەوەی کاریگەری نێودەوڵەتیان هەبێت، پەیەدە لەڕووی سەربازییەوە زۆر زیرەک و ئازان و پێویستە لەڕووی سیاسیشەوە بەوجۆرە بن، بەڵام نابێت دەروازەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بگیرێت بەهەر هۆکارێک بێت، بەڵکو دەبێت هاوکاری یەکتر بن لەبەرئەوەی خۆمان داوای کۆتایهێنان بەسایکس بیکۆ دەکەین نابێت سنور دابخەین و سایکس بیکۆ دوبارە بکەینەوە بۆیە ئەوە کارێکی خراپ بوو کرا .

**ئازادی کۆمەڵگە: ڕێکەوتنی یەکێتی و گۆڕان چۆن دەبینن، چۆن ئەو ڕێکەوتنە ئەگاتە سەرکەوتن؟**

**د.محمودعوسمان:** ڕێککەوتنەکەی یەکێتی و گۆڕان ئاسایی بوو ئەو دوحزبە لەبنەڕەتدا یەک حزب بوون و ئێستا دژایەتیان نەماوە و لەیەک قوتابخانە دەرچوون، پاش مام جەلال لەناو یەکێتی کێشەی زۆر کەوتە نێو سەرکردایەتی و یەک کەس سەرکردە نەبوو هاوکات بزووتنەوەی گۆڕان لەماوەی تەمەنی نەیتوانی نە لەئۆپۆزسیۆن نە لەبەشداری لەحکومەت بەڵێنەکانی جێبەجێ بکات و یەکێتی و گۆڕان پێویستیان بەیەک بوو ڕەنگە لەداهاتوو ببنەوە یەک حزب، هەرچەندە پارتی ڕێککەوتنەکەی گۆڕان و یەکێتی بەدژایەتی خۆی دەزانێت و ئەوەش کێشەکانی قوڵتر کردەوە کە پێویستە پارتی بەئاسایی سەیری ڕێککەوتنەکەی گۆڕان و یەکێتی بکات .

**ئازادی کۆمەڵگە: پێت وانیە کە ئەو ڕێککەوتنە ببێتە زەمینەیەک بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی یان بەڕێزتان ئاگاداری هەوڵێکی لەوشێوەیەن ؟**

**د.محمود عوسمان:** هیچ هەوڵێکم نەزانیوە بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی، بەڵام بەبڕوای من دەبێت کۆنگرەی نەتەوەی لەنێوان پەکەکە و پارتی و یەکێتی و گۆڕان یەکلای بکرێتەوە ئەوەش بەیەکڕیزیان دەبێت و بەوشێوەی ئێستا ناتوانن کۆنگرەی نەتەوەی ببەستن.

**ئازادی کۆمەڵگە: شکستی ئامادەکاریەکان بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی پێشوو چۆن دەبینی؟**

**د.محمود عوسمان:** لێکۆلینەوەی تەواو بۆ کۆنگرەی نەتەوەی

نەکرابوو کێشە لەسەر بەشداری ئەندامانی حزبەکان و سەرکردایەتی کۆنگرە هەبوو، لەهەمانکاتدا ئێران و تورکیا هەوڵەکانی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەییان شکست پێ هێنا و تورکیا دەیویست کۆنگرەکە لەگەڵ سیاسەتی بگونجێت و پشتگیری بکات، بەڵام ناڕازی بوون هەبوو کۆنگرەکە سەرنەکەوت .

**ئازادی کۆمەڵگە: قەیرانە سیاسیەکانی باشووری کوردستان چ کاریگەرییەک لەسەر پەیوەندیەکان لەگەڵ بەغداد دروست دەکات؟**

**د.محمود عوسمان:** قەیرانەکان پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغدای تێکداوە ویەکێتی و گۆڕان پەیوەندیان لەگەڵ بەغدا خراپ نیە و سەردان لەنێوانیاندا هەیە و دەتوانن بگەنەڕێککەوتن، بەڵام پارتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا لاوازە و ئێرانیش پشتگیری بەغدا دەکات و دەیەوێت حزبەکان بەرەو بەغدا بچن، ناکۆکیەکانی هەرێم پەیوەندیەکانی لەگەڵ بەغدا لاواز کردووە و ئەگەر یەکگرتوو نەبن ناتوانن کێشەکان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکەن .

**ئازادی کۆمەڵگە: باس لە پێکهێنانی فراکسیۆنێکی هاوبەش دەکرێت لەبەغدا لەلایەن حزبی دەعوە و فراکسیۆنی گۆڕان و یەکێتی ؟**

**د.محمود عوسمان:** ئەوە کارێکی خراپە و باوڕناکەم سەربگرێت و فراکسیۆنە کوردیەکان دوو لەت دەکات، ئەوەی باس دەکرێت تەنها قسەکردنە و ئەگەر ببێتە ڕاستی ئەوە کێشەی لێدەکەوێتەوە.

**ئازادی کۆمەڵگە: ئەو قەیران و ئاڵۆزیەیی هەیە دروست کراوە یان بەڕاستی قەیرانی ئابوری هەیە؟**

**د.محمود عوسمان:** قەیرانەکە هەیە و هۆکارەکەشی ئەوەیە نەوت هەرزان بووە و لەماوەی ٢٥ ساڵی پێشوو حسابی پاشەکەوت نەکرابوو لەلایەن حکومەتەوە و ژێرخانی ئابوری دروست نەکرا، بۆیە سیاسەتی ئابوری بەهەڵە و ناڕاستی و ناشەفافی قەیرانی ئابوری لەباشوری کوردستان دروستکرد.

**ئازادی کۆمەڵگە: تاچەند قەیرانەکان کاریگەریان لەسەر ژیانی دانیشتوان و یەکڕیزی نیشتمانی و پرسی سیاسی هەیە، ناڕەزاتیەکان خەڵک چۆن ئاراستە بکرێن؟**

**د.محمود عوسمان:** ناڕەزایەتییەکان لەهەموو لایەنەکانە و لەهەولێر و دهۆک و سلێمانی ناڕەزای هەیە و هیچ حزبێک متمانەی گەورەی نەماوە تا جەماوەر بجوڵێنێت و ناتوانرێت ناڕەزایەتیەکان ئاراستە بکرێت و ناڕەزایەتیەکان زیاتر ڕوو لە پارتی و یەکێتیە و گۆڕانە تاڕادەیەک.

**دەبێت کۆنگرەی نەتەوەی لەنێوان پەکەکە و پارتی و یەکێتی و گۆڕان یەکلای بکرێتەوە ئەوەش بەیەکڕیزیان دەبێت و بەوشێوەی ئێستا ناتوانن کۆنگرەی نەتەوەی ببەستن.**

**ئازادی کۆمەڵگە: پەیوەندییەکانی پارتی و تورکیا تاچەند هاوسەنگەو هۆکارە بۆ دروست بوونی قەیرانەکان؟**

**د.محمود عوسمان:** تورکیا دۆستی کورد نیە و حکومەتی تورکیا ئەگەر دۆستی کوردبوایە مافی کوردی باکوری دەدا کە تائێستا داواکاریەکانیان جێبەجێ نەکراوە و بەهیچ شێوەیەک تورکیا ئامادەنیە ئۆجالان ئازادبکات و مافی کوردی باکور بدات ئیتر چ متمانەیەکی پێ بکرێت، بەڵام پەیوەست بەباشور بەرژەوەندی ئابوری و بازرگانیان هەیە و دەیانەوێت باشور دژی پەکەکە بێت لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندیەکانی تورکیاو هەرێم کێشەی تێدایە ناهاوسەنگی هەیە، بەڵام تورکیا بەرەو لاوازی دەڕوات و کەوتۆتە سەر دوڕیانی ئەوەی ئەگەر لەسەر سیاسەتی خۆی بەردەوام بێت کودەتا سەرهەڵدەداتەوە، بەڵام ئەگەر بەرەو دیموکراسی بڕوات کە من گومانم لێ هەیە بارودۆخی باش دەبێت، ئێستا خەریکن دەستور بگۆڕن و دەیانەوێت دیکتاتۆریەت لەتورکیا دروست بکەن .

**ئازادی کۆمەڵگە: هەرێمی کوردستان هێلکەکانی خۆی خستۆتە یەک سەبەتەوە ئەویش تورکیایە ئەوە کاریگەری نەرێنی نیە ؟**

**د.محمود عوسمان:** کارێکی هەڵەیە هەرێم دەیکات لەگەڵ تورکیا




و نابێت پشتیان پێ ببەسترێت، ڕاستە بەغدا کێشەی هەیە، بەڵام بەغدا زۆر لەتورکیا باشترە بۆ هەرێم، نابێت هێلکەی خۆمان بخەینە یەک سەبەتەوە هەرچەندە ئێستا هەوڵ هەیە ئێرانیش بەشداری ئابوری هەرێمی پێ بکرێت، بەڵام لەسەرووی هەموو ئەوانەوە دەبێت گفتوگۆکان لەگەڵ بەغدا بەردەوام بن.

**ئازادی کۆمەڵگە: ڕۆڵی ئێرانیش بۆ باشوری کوردستان هاوشێوە تورکیایە؟**

**د.محمود عوسمان:** بەڵێ، ڕۆڵی ئێران لەقەیرانەکانی باشوری کوردستان نەرێنیە، بەڵام ئیسلوبی ئێران لەگەڵ تورکیا جیاوازە و ئێرانیش دان بەکێشەی کوردا نانێت و ئێرانیش بۆ هەرێم خراپە، بەڵام بەقەد تورکیا نا .

**ئازادی کۆمەڵگە: چیبکرێت بۆ چارەسەری چەقبەستوی قەیرانی سیاسی لە هەرێمی باشووری کوردستان، ئومێدت هەیە؟**

**د.محمود عوسمان:** چارەسەرەکە ئەوەیە بگەنە ڕێککەوتنێک حزبەکان بەپێی بەرژەوەندی کورد و بگەڕێنەوە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا و لەگەڵ ئەمریکا پێکەوە حزبەکان پەیوەندیان هەبێت، ئەگەر زوو فریانەکەون هەڵەیە و کات لەبەرژەوەندی باشوری کوردستان نیە .

**ئازادی کۆمەڵگە: وەک کەسایەتی بڕیارتان نییە ڕۆڵێک ببینن بۆ چارەسەری قەیرانەکان؟**

**د.محمود عوسمان:** نەخێر، چونکە کەس نەهاتووە پرسمان پێبکات بۆ چارەسەری کێشەکان، چونکە دەزانین ناتوانین بەبێ ڕەزامەندی لایەنەکان ڕۆڵ ببینین، چونکە لایەنەکان نایانەوێت تەنها هەندێ جار دەیان بینین .

**ئازادی کۆمەڵگە: ئۆپەراسیۆنی موسڵ و بەشداری کورد چۆن بێت باشە ؟**

**د.محمود عوسمان:** کورد دەبێت ڕۆڵی هەبێت لەو ئۆپەراسیۆنە، چونکە تا چەتەکانی داعش لەموسڵ بن مەترسی لەسەر هەرێم هەیە، دەبێت بەشداریکردن لەئۆپراسیۆنی ڕزگارکردنی موسڵ بەپێی ڕێککەوتنێک بێت لەگەڵ بەغدا و ئەمریکاش بەتایبەت بۆ ئیدارەدانی موسڵ دوای چەتەکانی داعش و ماددەی ١٤٠ ڕێکەوتن بکرێت باشترە و نابێت بێ بەرامبەر بەشداری ئەو ئۆپەراسیۆنە بکرێت.

**ئازادی کۆمەڵگە: هەوڵ هەیە تورکیا بەشداری ئۆپەراسیۆنی موسڵ بکات، لێکدانەوەت بۆئەوە چیە؟**

**د.محمود عوسمان:** کارێکی خراپە تورکیا بەشداری ئۆپەراسیۆنی موسڵ بکات، تێکەڵاو بوونی تورکیا کێشەکان ئاڵۆزتر دەکات.

# پارێزەری پێشووی ماندێلا: دۆسیەی ئۆجالان دەبەینە نەتەوە یەکگرتووەکان




ئا/ کاروان ئیبراهیم

عیسا موسا، پارێزەری پێشووی نێلسۆن ماندێلا و سەرۆکی دەستپێشخەری ئاشتی و ئاشتەوایی نێونەتەوەیی، خەڵکی ئەفریقای باشوور، کە لە کۆنفرانسە نێونەتەوەیەکەی سلێمانیدا بەشداربوو، لەم چاوپێکەوتنەی ئازادی کۆمەڵگەدا باس لە ئەزموونی خۆی وەك پارێزەری نێلسۆن ماندێلا و تێکۆشانی ماندێلا و رۆڵی ئۆجالان و خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان دەکات. هەروەها ئەوەش دەخاتەڕوو کە ئەگەر گۆشەگیری ئۆجالان بەردەوام بێ ئەوا شەڕی خوێناوی روودەدات. دەشڵێت ئەوان لە بواری یاساییدا کار دەکەن دژی گۆشەگیری ئۆجالان و دۆسیەی ئۆجالان دەبەنە نەتەوە یەکگرتووەکان...

**ئازادی کۆمەڵگە: سەرەتا ئەگەر بە کورتی باسی ژیانی خۆت بکەیت بۆ خوێنەرانی ئازادی کۆمەڵگە؟**

**عیسا موسا:** بەڵێ من دەستم بە کارکردن کرد وەک پارێزەرێک لە ساڵی ١٩٦٢، لەو کاتەوە دەستم بە کاری پارێزەریی کرد بۆ ماوەی نزیکەی ٣٠ ساڵ، من پارێزە بووم، دوای ساڵی ١٩٩٤ خانەنشین بووم لە کاری پارێزەریی، دوای ئەوە بوومە بەرپرسیار لە بەشی دادوەریی ئەفریقای باشور بۆ گۆڕانکاری لە رەگەزپەرستییەوە بۆ دیموکراسی بە پشتبەستن بە دەستورێکی نوێ، پاشان لە ساڵی ١٩٧٨ دەستبەکار بووم لە دادگای باڵا لە (کەیپ تاون) وەک دادوەری دادگای باڵا و بۆ ماوەی ١٥ ساڵیش لەوێ کارم کرد. ئێستاش ماوەی سێ ساڵە خانەنشین بوومە.

**ئازادی کۆمەڵگە: تۆ پارێزەری نێلسۆن ماندێلا بوویت، وایە؟**

**عیسا موسا:** بەڵێ، کاتێک نێلسۆن ماندێلا لە دوورگەی رۆبن زیندانی کرابوو، تەنانەت کە ئازادیش کرا من پارێزەری ئەو بووم لە ژمارەیەک دۆسیەدا، هەروەها ئێمە سەردانی دوورگەی (رۆبن)مان کرد بۆ لێکۆڵینەوە لە رەوشی ماندێلا و ئەو زیندانیانەی لەو دوورەگەیە زیندانی کرابوون.

**ئازادی کۆمەڵگە: ئەو کاتەی کە وەک پارێزەرێکی ماندێلا کارت دەکرد، ئایا رووبەڕووی هیچ ئاستەنگی و زەحمەتییەک بوویتەوە؟**

**عیسا موسا:** بەڵێ بە دڵنیاییەوە، حکومەتی رەگەزپەرستی ئەو کاتەی ئەفریقای باشور کێشەی زۆری بۆ ئێمە دروست دەکرد بە دیاریکراوی لەبەرئەوەی ئێمە سپی پێست نەبووین، لە ساڵی ١٩٦٦ من کاری پارێزەریم دەکرد لە کەیپ تاون، ئەو ناوچەی کە من کارم لێ دەکرد، رایانگەیاند کە ناوچەی سپی پێستەکانە و رەشپێستەکان بۆیان نیە لەوێ بن، وتیان ئەوە تەنها بۆ سپی پێستەکانە، ئەوە ناوچەی داون تاون لە کەیپ تاون بوو، لەبەرئەوەی ئەو کاتە من بەرگریم لە خەڵک دەکرد، ئەوانەی بەهۆی کێشەی سیاسییەوە رووبەڕووی کێشە دەبوونەوە و هێرشیان دەکرایەسەر، هەروەها دژی ئەوە بووم کە ئەو ناوچەیە تەنها بۆ سپی پێستەکان بێ، دەمانووت دەبێ بۆ هەموو خەڵک بێ، هێزە ئەمنییەکان هێرشیان کردە سەرمان و بە زۆر نوسینگەکەیان پێداخستین لە کەیپ تاون، دواتر نوسینگەمان کردەوە لە شوێنێکی تر کە لە رووی یاساییەوە دەمانتوانی بەرگری لە خۆمان بکەین، هەروەها لەوێش کارمان لەسەر بەرگریکردن لە کۆمەڵک خەڵکی دیکە دەکرد بەهۆی کێشەی سیاسییەوە رووبەڕووی هێرش بووبوونەوە. کاتێک

بەرگریمان لە زیندانیانی سیاسی دەکرد ئێمەش ڕووبەڕووی هێرش و ئاستەنگی و زەحمەتی دەبووینەوە.

**ئازادی کۆمەڵگە: کەی دەستت کرد بە پشتگیریکردنی کورد و کوردت ناسی؟**

**عیسا موسا:** لە ساڵی ١٩٩٧ چەند نوێنەرێکی کورد لە ئەوروپاوە هاتن بۆ ئەفریقای باشور بۆ کەیپ تاون، ئەوان لەسەر دوو شت لەگەڵ ئێمە قسەیان کرد، ئەوان پشتگیریان دەویست لە ئەفریقای باشورەوە بۆ خەڵکی کورد، خاڵی دووەمیش ئەوە بوو دەیانویست بزانن ئەگەر عەبدوڵڵا ئۆجالان داوای مافی پەنابەری سیاسی بکات لە ئەفریقا باشور ئایا ئەو مافەی پێدەدەن؟ ئەوان ئەو داوایەیان لە حکومەتی ماندێلا کرد، حکومەتەکەی ماندێلاش وتیان ئەگەر ئەو بێتە ئێرە و داوای مافی پەنابەری سیاسی بکات ئەوا ئەو مافەی پێدەدەن، بەڵام بە داخەوە بەڕێز ئۆجالان لە گەلەکۆمەیەکی نێودەوڵەتیدا لە کینیا بە دیل گیرا و رادەستی تورکیا کرایەوە. پاشان دواتر لە ئیمرالییەوە بەڕێز ئۆجالان نامەیەکی نارد و باسی ئەوەی کردبوو کە ویستبووی بێتە ئەفریقای باشور و چاوی بە ماندێلا بکەوێت.

**ئازادی کۆمەڵگە: کەواتە بەو شێویە تۆ کوردت ناسی؟**

**عیسا موسا:** بەڵێ، دواتر چی ڕوویدا، ئێمە چاوەڕێمان دەکرد بەڕێز ئۆجالان بێتە ئەفریقای باشور و ئێمەش دیداری بۆ سازبکەین لەگەڵ نێلسۆن ماندێلا و بڕیار بدات بمێنێتەوە لە ئەفریقای باشور یان نا وەکو کەسێک کە دۆزێکی سیاسی هەیە، ئێمە کۆمیتەیەک بووین، هەوڵمان دەدا ئەو ئاسانکاریە بکەین بۆ دیداری ئۆجالان لەگەڵ ماندێلا، دواتر کە ئەو لە کینیا ڕفێنرا، ئێمە کۆمیتەکەمان گۆڕی بۆ گروپی بەرگری لە مافی کوردەکان، ئەوە وەک ڕێکخراوێکی ناحکومی بوو بنکەی سەرەکی لە کەیپ تاون بوو، کە من بۆخۆم بەرپرسی بووم، کە تیشکی دەخستە سەر پێشێلکردنی مافی کوردەکان و ئەو پێشێلکاریە یاساییانەی دژ بە بەڕێز ئۆجالان ئەنجام دەدرا.

**ئازادی کۆمەڵگە: زیاتر لە ١٧ ساڵە بەڕێز ئۆجالان لە دوورگەی ئیمرالی زیندانی کراوە، ماندێلاش لە دوورگەی ڕۆبن زیندانی کرابوو، لایەنە هاوبەشەکانی نێوان ئۆجالان و ماندێلا چیین؟**

**عیسا موسا:** کاتێک ماندێلا سزای زیندانی هەتا هەتایی بەسەردا سەپێنرا، بردیانە دوورگەی ڕۆبن، ئەوکاتە لە زیندان کاری قورسیان بە زیندانییەکان دەکرد و بەردیان پێدەشکاندن، حەوت ساڵ بەو شێوەیە بەردەوام بوو، پاشان دواتر ڕێگەیان پێدان کە بخوێنن و کتێب بخوێننەوە لە جیاتی بەرد شکاندن لە دوورگەی ڕۆبن، ماندێلا بە تەنیا نەبوو لە زیندان، زیندانی دیکەش لەوێ هەبوون، بەڵام بەتەواوی گۆشەگیر کرابوون، بۆ نمونە سەرکردەی پان ئەفریکان لەوێ بوو، کە ئەویش بە تەواوی گۆشگیر کرابوو، کاتێکیش ماوەی زیندانیەکەی تەواوبوو هەر ئازادیان نەکرد و یاسایەکی تایبەتیان بۆ دەرکرد.

> **"ئۆجالان هەموو ئەو کارانەی کردووە کە ماندێلا کردی، ئۆجالان پێشەنگایەتی جوڵانەوەی کوردی کرد"**

**ئازادی کۆمەڵگە: تۆ وتووتە کە گۆشەگیرکردنی ئۆجالان بە تەواوی نا یاساییە، لە کاتێکدا ئەو بەردەوام بۆ ئاشتی تێکۆشان دەکات، تا ئێستا چەند جارێک باسی ئەوە کراوە کە خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بە ئۆجالان بدرێت، چی لەو بارەیەوە دەڵێی؟**

**عیسا موسا:** ئۆجالان هەموو ئەو کارانەی کردووە کە ماندێلا کردی، ئۆجالان پێشەنگایەتی جوڵانەوەی کوردی کرد لە تورکیا، لە سەرەتادا هەوڵیاندا تیکۆشانی سیاسی و خۆبەڕێوەبەری تاقیبکەنەوە بە گوێرەی پەیمانی سیڤەر، ئەوە بە تەواوی یاسایی بوو بە گوێرەی قانونی نێونەتەوەیی. هەروەکو ANC ئەوان هەوڵیاندا تێکۆشانی سیاسی بکەن، بەڵام دەوڵەتی تورکیا چی کرد، پەکەکەی قەدەخە کرد و سەرکردەکانی دەستگیر کرد، بەو شێوەیە لە باشوری ئەفریقاش پارتەکەی نێلسۆن ماندێلا ANC یان قەدەخە کرد، بەو شێوەیە نێلسۆن ماندێلا و هەڤاڵەکانی دەستیان بە خەباتی چەکداری کرد، چونکە ڕێگەیان پێنەدان کاری سیاسی بکەن، نێلسۆن ماندێلا ڕێبەری ئەو جوڵانەوە چەکداریە بوو، بەهەمانشێوە عەبدوڵڵا ئۆجالان ڕێبەری شۆڕشی چەکداری پارتی کرێکارانی کوردستانە.

هەروەها هەردووکیان نێلسۆن ماندێلا و ئۆجالان دەستگیرکران، لە دەستگیرکردنیانیشدا هێزی هەواڵگری نێودەوڵەتی هەبوو، لە دۆسیەی نێلسۆن ماندێلادا دەزگای هەواڵگری ئەمریکا ڕۆڵی هەبوو، بە شێوەیەکی نهێنی چاودێری ماندێلا و شوێنی مانەوەیان دەرکرد، هەروها لە دۆسیەی ئۆجالاندا سی ئای ئەی و موساد و دەزگای هەواڵگری بەریتانیا بوونیان هەبوو، دەستگیریان کرد و رادەستی دەزگای هەواڵگری تورکیان کردەوە.

**لەگەڵ چەند لایەنێکی ئەوروپا دیدارمان ئەنجامدا کە فشار بخەنە سەر تورکیا دەست لەو سیاسەتە بەربدات**

پاشان ماندێلا لە زیندانەوە دەستی بە خەباتی ئاشتی و گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت کرد، عەبدوڵلا ئۆجالانیش بەهەمان شێوە دەستی بە گفتوگۆ کرد لە زیندانەوە، بەڵام حکومەتی تورکیا ئەو گفتوگۆیەی راگرت، ئەگەرنا ئەوا ئۆجالان رۆڵێکی زۆر گرنگی دەگێڕا لە چارەسەری ئاشتی و راوەستاندنی شەڕ.

**ئازادی کۆمەڵگە: وەکو تۆ وتت ئۆجالان ئامادە بوو بۆ ئاشتی و ڕۆڵێکی زۆر گرنگیشی هەبوو، بەڵام ئەوە ماوەیەکی زۆرە نەیانهێشتووە کەس سەردانی بکات و گۆشەگیری لەسەری بەردەوامە، ئەگەر ئەو رەوشە بەردەوام بێ چی روودەدات؟**


**عیسا موسا:** مانگی شوباتی ئەمساڵ چوومە تورکیا کە سەرکردایەتی گروپێک لە نوێنەرانی نێودەوڵەتیم کرد لە رێکخراوی نێونەتەوەیی ئاشتی و ئاشتەوایی کە نوێنەری وڵاتانی کەنەدا، ئەمریکا، ئەوروپا، ئەفریقای باشور، هەروەها ئەکادیمیست و پارێزە و چالاکوانی بواری ئاشتی و چەندانی تری تێدابوون. مەبەستیش لە چوون بۆ تورکیا ئەوە بوو کە بۆچی گفتوگۆی ئاشتی نەتوانرێ بەردەوام بێ، بۆچی دووبارە دەستپێناکاتەوە لە نێوان حکومەتی تورکیا و عەبدوڵلا ئۆجالان، هەر بەتایبەتیی نامەیەکم نوسی بۆ وەزارەتی دادی تورکیا و داوام کرد کە دەمەوێ دیداریان لەگەڵ ئەنجام بدەم، ویستم ئەوە بزانم کە بۆچی گفتوگۆکان دەسپێناکەنەوە لەگەڵ عەبدوڵلا ئۆجالان، هەروەها ویستم سەردانی ئۆجالان بکرێ و چۆنێتی دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان بزانرێ، دوای سێ رۆژ چاوەڕێ کردن هیچ وەڵامێکمان لە وەزارەتی دادەوە وەرنەگرت، بەڵام دوو هەفتە پێش ئێستا وەڵامیان دایەوە و رەتیان کردەوە رێگە بەوە بدەن دیدار لەگەڵ وەزیری داد ئەنجام بدەین و هەروەها چاومان بە ئۆجالان بکەوێت.

بەڵام ئەو کاتەی لە تورکیا بووین چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر رێکخراوی ناحکومی کرد، هەروەها لەگەڵ چەند پارتێکی سیاسی و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و جوڵانەوەکانی ژنان، ئەوان زۆر نیگەران بوون لە وەستانی گفتوگۆی ئاشتی و بۆچوونیان وابوو ئەگەر ئەم رەوشە بەردەوام بێ ئەوا رێگە لە پێش شەڕ و پێکدادانی خوێناوی دەکاتەوە، هەروەها ئەوان باسیان لەوە کرد کە ماوەی چوار ساڵە رێگە نەدراوە پارێزەرانی ئۆجالان بچنە ئیمرالی، هەروەها ماوەی دوو ساڵە رێگە نەدراوە کەسوکاری سەردانی بکەن، ئێستا نازانرێ رەوشی ئیمرالی چۆنە و بارودۆخ چییە.

رێکخراوی سی پی تی کە بەدواداچوون بۆ رەوشی زیندانیانی سیاسی دەکات، لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠١٣ چوونە ئیمرالی و پاشان داوایان لە تورکیا کرد کە رێگە بە پارێزەرانی ئۆجالان بدرێ بچنە ئیمرالی، بەڵام حکومەتی تورکیا ئەو داوایەی جێبەجێ نەکرد و گۆشەگیرکردنی ئۆجالان بەردەوامە.

**ڕۆڵی کوردەکان بە تەواوی ڕۆڵێکی گرنگە، بەڵام من قوڵتر ئاماژەی پێدەکەم و دەڵێم کە ڕۆڵی عەبدوڵڵا ئۆجالان لەنا ئەو ڕۆڵەدا زۆر گرنگە**

هەربۆیە ئەمساڵ دوای سەردانەکەی تورکیامان چوینە ئەورپا و لەگەڵ چەند لایەنێکی ئەوروپا دیدارمان ئەنجامدا کە فشار بخەنە سەر تورکیا دەست لەو سیاسەتە بەربدات، هەروەها دیدارمان لەگەل سی پی تیش ئەنجامدا و داوامان لێکردن بچنە ئیمرالی، هەربۆیە سی پی تی چوونە ئیمرالی، بەڵام هێشتا راپۆرتەکەیان لەسەر رەوشی ئیمرالی بڵاونەکردۆتەوە، ئێمە ئێستا چاوەڕێی ئەو راپۆرتەین و بزانین چی دەڵێن. ئەوەش پێدەچێ هەندێک کات بخایەنێ.



**ئازادی کۆمەڵگە: ئێوە بەشداریتان لە کۆنفرانسێکی سێ ڕۆژە کرد لە شاری سلێمانی لە باشوری کوردستان لە بارەی ئاشتی و سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هزری عەبدوڵڵا ئۆجالاندا، وەک دەزانیت ئۆجالان بیرۆکەی نوێی خستوەتەڕوو بۆ چارەسەری کێشەکان، چی دەڵێی لەبارەی ئەوەوە، ئایا دەبێتە نەخشە ڕێیەکی گونجاو بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست؟**

**عیسا موسا:** ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەناو گێژاودایە، لە ئێستادا ئاڵۆزی زۆری هەیە، وڵاتانی بیانی دەستێوەردان لەم ناوچەیە دەکەن، دەستێوەردان لە سوریا، عێراق و وڵاتانی تردەکەن و هەوڵ دەدەن نائارامی لەم هەرێمە بەردەوام بێت، هەروها هۆکاری دەستێوەردانی ئەو وڵاتە بیانیانە لەم ناوچەیە ئەوەیە کە دەیانەوێ باڵادەستی خۆیان بەردەوام بکەن، بۆ نمونە ڕێکخراوی داعش کە لە عێراق و سوریا بوونی هەیە بەشێکی زۆری ئەندامەکانی بیانین و وڵاتیش هەن پشتگیریان دەکەن، هیچ لایەنێک نایات بە چارەسەرێکی سیاسیەوە بۆ کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئێمە دەبیبنین کێشەی ئیسرائیل و فەڵەستین و کێشەی سوریا و عێراق و ... چەندین کۆبوونەوە و کۆنفرانسی نێودەوڵەتیان ئەنجامداوە، بەڵام بێ چارەسەربوون، لەبەرئەوەی خەڵکی ڕاستەقینەی ئەم ناوچەیەیان بەشدار پێنەکردووە و نەیانهێشتووە ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان ببینن.

باشترین نمونە بۆ ئەوە دۆسیەی سوریایە، کە لە جنێف کۆنگرەیان ئەنجامدا و نەیانهێشت نوێنەری ڕاستەقینەی کوردەکان بەشدار بکەن، هەروەها لەسەر کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش عەبدوڵڵا ئۆجالان ناخوێننەوە، لە کاتێکدا ئۆجالان بەرنامەی هەیە بۆ چارەسەری کێشەکان ئەوەش کۆنفیدرالیزمی دیموکراتییە، کە خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی بە بنەما دەگرێت، بۆ ئەوەش وا دەیخەنە بواری پراکتیکەوە، بۆ نمونە لە ڕۆژئاوا کوردەکان خۆیان خۆیان بەڕێوەدەبەن بە گوێرەی سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمەکەیان، بەڵام نەک تەنها خۆیان دەستیان کرد بە بەڕێوەبردنی ناوچەکانیان، بەڵکو ڕێگەیاندا بە بەشداری نەتەوە و ئاینی و گروپی جیاوازی ئەو هەرێمە کە بە شێوەیەکی چالاک بەشداری دەکەن لەو خۆبەڕێوەبردنەدا. هەروەها ئەوان گرێبەستی کۆمەڵایەتیان داناوە کە بەشێکە لە سیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی، ئەوە بۆخۆی چارەسەرێکی ڕیشەییە، بەڵام پێویستی بەوەیە پێش بخرێت لە ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی کە هەن لە ناوچەکە.

**ئازادی کۆمەڵگە: ڕۆڵی کوردەکان چۆن دەبینیت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها تۆ سەردانی بەشێک لە گەریلای کوردت کرد لە سنوری شاری کەرکوک کە شەڕ دژی داعش دەکەن، واتا بە گشتی ڕۆڵی کورد چۆن دەبینیت؟**

**عیسا موسا:** ڕۆڵی کوردەکان بە تەواوی ڕۆڵێکی گرنگە، بەڵام من قوڵتر ئاماژە ی پێدەکەم و دەڵێم کە ڕۆڵی عەبدوڵڵا ئۆجالان لەنا ئەو ڕۆڵەدا زۆر گرنگە، هەروەها ئەوەش گرنگە کە ئەو سیستەمە پێش بکەوێت، سیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک، کاتێک عەبدوڵڵا ئۆجالان ئازاد بکرێت، دەتوانێ ڕۆڵێکی زۆر کاریگەر بگێڕێ لە جێبەجێکردنی ئەو سیستەمە بە پشتگیری کوردەکان، هەروەها بە پشتگیری نەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئۆجالان کەسێکی گرنگە لە هێنانی چارەسەری سیاسی بۆ کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام ئەو ئێستا لە زیندانە و ئەوەش زەحمەتە بۆ ئەوەی بتوانێ ڕۆڵی تەواوەتی خۆی بگێڕێ، نێلسۆن ماندێلا وتی؛ وەک زیندانیەک ناتوانم ڕۆڵی خۆم بە تەواو بگێڕم، چونکە لە زیندانم، ناتوانم لەگەڵ خەڵک گفتوگۆ بکەم بۆچوونەکانی خۆم بە تەواوی ڕوون بکەمەوە.

> **بەپێی پەیماننامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ، پەکەکە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی نییە، هەموو ئەو وڵاتانەی کە ڕایانگەیاندووە پەکەکە ڕێکخراوێکی تیرۆریستییە، یاسای گەردوونی پێشێل دەکەن**

**ئازادی کۆمەڵگە: زۆر سوپاس بۆ ئەم دەرفەتەی پێت بەخشین، ئەگەر بتەوێ هەر قسەیەکی تر بکەیت یان هەر پەیامێکت هەبێ دەتوانی بیخەیتەڕوو...**

**عیسا موسا:** ئەوەی دەمەوێ لە کۆتایدا بیڵێم ئەوەیە، کە ئەو کۆنفرانسەی لە سلێمانی بەسترا ڕووداوێکی گرنگ بوو، لەسەر بابەتی گرنگ گفتوگۆ کرا، بە ناونیشانی ئاشتی و سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هزری عەبدوڵڵا ئۆجالاندا، کە کێشەکان شیکرانەوە و چارەسەریش خرایەڕوو، بەڵام پێویستە ئۆجالان ئازاد بکرێ کە بتوانێ پێشەنگایەتی ئەو چارەسەرییە بکات،لەگەڵ گروپە جیاوازەکان بکەوێتە گفتوگۆ لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

هەروەها دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە ئێمە ڕاپۆرتێکمان بۆ کۆنفرانسەکە ئامادە کردبوو ئاماژە مان بە دوو خاڵی سەرەکی دابوو، ئەوانیش یەکەم زیندانیکردن و گۆشەگیرکردنی ئۆجالان نایاساییە، هۆکاری ئەو نایاساییەش ئەوەیە کە پێچەوانەی یاسای نێونەتەوەییە، پێچەوانەی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆ مافی مرۆڤ، هەروەها پێچەوانەی پەیماننامەی مافی مرۆڤی ئەوروپایە، ئەو یاسایانە هەموویان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ڕفاندن کارێکی یاسایی نیە، هەروەها هەموو ئەوانەی دوای ڕفاندنەکەش دژی ئۆجالان ئەنجام دران نایاسایی بوون، هەر لە دادگاییکردنەکەوە هەتا سزادانی و زیندانیکردنی و گۆشەگیرکردنی. ئێمە داوای ئەوە دەکەین کە پێویستە ئۆجالان ئازاد بکرێ.

هەروەها خاڵی دووەم ئەوەیە کە بەپێی پەیماننامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ، پەکەکە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی نییە، هەموو ئەو وڵاتانەی کە ڕایانگەیاندووە پەکەکە ڕێکخراوێکی تیرۆریستییە، یاسای گەردوونی پێشێل دەکەن، بۆیە ئێمە باسی ئەوەمان کرد کە ڕوو لە دادگا بکەین کە پەکەکە لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان دەربێنێ، بەڵام کام دادگا، ئێمە ناتوانین ڕوو لە دادگای تورکیا بکەین، چونکە دەزانین بۆچوونی دادگای تورکیا چیە لەسەر ئەم پرسە، هەروەها دادگای یەکێتی ئەوروپاش جدی نییە و لە ڕابردوو وەڵامی ئەم پرسەی نەداوەتەوە، بەڵام ئێستا ئێمە بیر لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەینەوە و کە لەوێ لە دادگای نێونەتەوەیی داوا بکەین، کە بنکەی سەرەکی لە هۆڵەندایە، هەم لەسەر گۆشەگیرکردنی ئۆجالان شتێک بکەن، هەم هەوڵ بدەن پەکەکە لە لیستی تیرۆر دەربخرێت، چونکە پەکەکە هەرگیز ڕێکخراوێکی تیرۆریستی نییە.

# ژیان و کارەکانی موری بووکچین




جانێت بیل

وەرگێران و ئامادەکاری لە ئینگلیسییەوە:
حەسەن قازی

چاوپێکەوتن لەگەڵ جانێت بیل، نووسەر، بژارکاری کتێب و هاوژینی موری بووکچین تێلێڤیزۆنی ستێرک، بەرنامەی ڕاوێژ ئەم بەرنامەیە لە ڕۆژی دووشەمە ٢٣-ی مانگی مەی ٢٠١٦ ئامادەکراوە و ئێوارەی یەکشەمە ٥-ی ژووەنی ٢٠١٦ بڵاو کراوەتەوە.. جانێت بیل نووسەرێکی ئەمریکایی یە کە بەساڵان وەک هاوژینی نەمر موری بووکچین بەیەکەوە ژیاون و لە سەر کارەکانی زۆر شتی نووسیوە، زۆر کاری کردووە. پێش ئەوەی دەست بە پرسیارەکانمان بکەین دەمەوێ بەڕێزیان بناسێنم. جانێت بیل وەک باسم کرد نووسەرێکی مژاری سیاسی یە، بە تایبەتیش لە سەر ‹ شارەدارێتی ئازادانە ›، هەروەها ‹ ئێکۆلۆژی کۆمەڵایەتی › کاری کردووە. ئەوە دیارە ئەو کۆمەڵەی فکرانەیە کە لەلایەن موری بووکچینەوە کاری بۆ کراوە. بیل کەسێکە ڕەخنە لە فێمینیزمی ئێکۆلۆژیستی دەگرێ. لە ساڵی ١٩٨٦ لە ئەنیستیتووی ئێکۆلۆژی کۆمەڵایەتی دا خوێندی و لەوێوە دەستی کرد بە هاوکاری هەتاهەتایی لەگەڵ بووکچین. بە شێوەیەکی بەردەوام و چڕوپڕ کاری لەگەڵ کرد و لەماوەی بیست ساڵی دواتر دا و بە تایبەتی لە سەر شیکردنەوە و باس کردنی ئێکۆلۆژیی کۆمەڵایەتی لەماڵی خۆیان لە بێرلینگتن، لە ڤێرمانت لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لە ساڵی ١٩٨٧ وە تا ساڵی ٢٠٠٠ لەگەڵ بووکچین ڕۆژنامەیەکیان بڵاودەکردەوە بە ناوی : ‹ گرین پێرسپێکتیفس ›، یانی ڕوانگە کەسەکەکان. کە دوایە ناوەکەی گۆڕا بوو بە ‹ لێفت گرین پێرسپێکتیفس ›. بیل ‹ هەڵبژاردەیەک لە نووسینەکانی بووکچین › ی ئێدیت کردووە، هەروەها سەرەتای بۆ نووسیوە بە ناوی ‹ ئێکۆلۆژی کۆمەڵایەتی و شارەدارێتی ئازاد › کە لە ساڵی ١٩٩٨ بڵاوبووەتەوە، ‹ فکر کردنەوەی دووبارە لە سیاسەتەکانی ئێکۆ فێمێنیستی ›، ئەو دەرسانەی کە دەکرێ لە تەجروبەی ئەڵمان وەربگیرێ. بیل، هەروەها نووسەری ژمارەیەکی زۆر وتاری لە پێوەندی لەگەڵ بیروباوەڕەکانی بووکچین دا، بە تایبەتی سەبارەت بە ‹ شارەدارێتی ئازادانە ›، ئێکۆلۆژی کۆمەڵایەتی، ئێکۆ فێمێنیزم ‹ بووکچین ئەو سەرەتاییەی کە جانێت بیل بۆ ‹ هەڵبژاردەی نووسینەکان › ی نووسیوە بە باشترین سەرەتا دەزانێ کە بۆ کارەکانی نووسرابێ. بیل هەروەها پشتیوانی مافی کوردیشە لە باکووری کوردستان و تورکییە و بە تایبەتی لەگەڵ ئیدەکانی بەڕێز عەبدوڵا ئۆجالان ئاشنایەتی پەیدا کردووە. بەڕێز ئۆجالان لە زیندان دا ئیمکانی بووە بەشێک لە نووسینەکانی بووکچین بخوێنێتەوە و پێی خۆش بووە پێوەندی پەیدا بکا لەگەڵ بووکچین کە لە بەرنامەکە دا لە سەر ئەو مەسەلەیە زیاتر لە گەڵ بەڕێزیان قسە دەکەین. لە دوای ساڵی ٢٠٠٦ یانی لە دوای وەفاتی بووکچین جانێت بیل پێوەندی پەیدا کردووە لەگەڵ چالاکی و پشتیوانی کردن لە مەسەلەی کورد. لە ساڵی ٢٠١١ کتێبی " ئۆتۆنۆمی دێمۆکراتیک لە باکووری کوردستان " ی لە زمانی ئەڵمانییەوە کردووەتە ئینگلیسی و لە ساڵی ٢٠١١ بەم لایەوە خۆی لە ئێکۆلۆژی کۆمەڵایەتی تا ڕادەیەک بە دوور دەگرێ و وەک کەسێکی سوسیال دێمۆکرات خۆی دەناسێنێ. بەڕێز بیل، هەروەها یەکێکە لە ئەندامانی دەستەی نێونەتەوەیی بۆ بەرگریکردن لە بەڕێز عەبدوڵا ئۆجالان کە لەم بەرنامەیە دا قسەی لە سەر دەکەین. لە بەشی یەکەمی بەرنامەکەمان دا زیاتر لە سەر بووکچین ڕادەوەستین.

- **قازی : سپاس بۆ بەسەربردوونت و دیسان بەخێر بێی بۆ ئەم بەرنامەیە، بەر لەهەموو شت پێم خۆشە بزانم چۆن لە گەڵ بووکچین پێوەندیت پەیدا کرد؟**

- **بیل:** سپاست دەکەم حەسەن بۆ ئەوەی بانگت کردووم بۆ بەرنامەکەت. ئەمن لە ساڵی ١٩٨٦ پێوەندیم لەگەڵ بووکچین پەیدا کرد کاتێک لە شاری نیۆیۆرک دەژیام و دەچوومە خوێندنگەیەک کە ئەو هاوینان دەرسی تێدا دەگوت لە ڤێرمانت کە ویلایەتێکە لە باکووری شاری نیۆیۆرک و زۆر نزیکە لە کانادا. ئەو لەوێ خوێندنگەیەکی هەبوو و تێیدا ئیدیئۆلۆژییەکی بە دەرس دەگوتەوە بە ناوی ئێکۆلۆژی کۆمەڵایەتی. لە ڕاستییدا من هاوڕێیەکم هەبوو کە ئەویش لەوێ دەرسی دەگوتەوە، ئەمن لەو دانیشتنە دوو حەوتوویە دا بەشداریم کرد و زۆرم پێ خۆش بوو.

## بووکچین ئانارشیست بوو، ئەو وەک ئانارشیست ناسرا بوو

- **قازی: بەرلەوە ئەتۆ هیچ مەیلت نەبوو بۆ سیاسەت؟**
- **بیل:** با مەیلم هەبوو بۆ سیاسەتی کەسکی

- **قازی: ئەمن پێم وایە ئەتۆ لە بەشی تیاتریش دا خوێندووتە؟**

- **بیل:** ڕاستە. ئەمن پێشتر تیاترم خوێند بوو، هونەرم خوێندبوو و وەک ئێدیتۆری کتێب کارم دەکرد بۆ وەشانگەران لە نیۆیۆرک و هێشتاش ئەو کارە دەکەم.

- **قازی: کە وابوو بە دەم ئەو خوێندنەی هاوینێ بەڕێزت مەیلت تێدا پەیدا بوو لەمەڕ ئیدەکانی بووکچین؟**

- **بیل:** بووکچین ئانارشیست بوو، ئەو وەک ئانارشیست ناسرا بوو، بەڵام ڕاستت پێ بڵێم ئەوە شتێک نەبوو ئەمن حەزم لێی بێ. ئەمن حەزم لەو سیاسەتە تازەیەی لە مەر ئێکۆلۆژی بوو کە ئەو قسەی لێوە دەکرد، کە تێیدا خەڵک دەتوانن یەکتری ڕاهێزێنن [بەهێزبکەن] و لە ئاستی ڕووبەڕوو، لە هەبوون یان لە نەبوونی دەوڵەت دا. ئەو باسی پێویستی هەبوونی بزووتنەوەیەکی کەسکی دژی کاپیتالیستی دەکرد کە ڕادیکال بێ و دژی دەوڵەت- نەتەوە بێ، چونکە ئەو شتانەی بە مەکۆ و هۆکاری قەیرانیی ئێکۆلۆژی دەزانی.

- **قازی: ئێستا ئەتۆ باسی ساڵانی ١٩٨٠ کان دەکەی وایە؟**

- **بیل:** ئەرێ، کۆتاییەکانی ١٩٨٠کان. هەر تەنێ ئەوەش نا، ئەو فەلسەفەیەکی هەبوو کە لەگەڵ ئەو بۆچوونانە بوو و بزووتنەوەیەکی سیاسیش کە ئەو دەیویست ڕێکی خا. جا بۆیە بەڕاستی زۆرم حەز لەو تەرکیبە بوو و کاتێک بانگهێشتنی کردم بچمە بێرلینگتن لە ڤێرمانت و کاری لەگەڵ بکەم گوتم باشە، بڕیارم دا لە هۆدەی دانیشتنەکەیدا فەلسەفە و سیاسەتی لەگەڵ بخوێنمەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەربکەم، ئەو دەمی ئەو مامۆستایەکی خانە نشین بوو و لە هەمان هۆدە لە شەوەکانی دیکەی حەوتوودا کۆبوونەوەی دەستەیەکی سیاسیمان دەبوو واتە کۆبوونەوەی ‹ کەسکەکانی بێرلینگتن›. ئێمە کارمان دەکرد لە پێناو ساز کردنی سیاسەتێکی ئێکۆلۆژی لە بێرلینگتن – ڤێرمانت. قازی: لەو سەرەتایەی دا کە ئەتۆ بۆ ئەو کتێبەت نووسیوە کە لە سەر کارەکانی بووکچین ە لە جێگایەک دا دەڵێی: بووکچین پێی وایە : ” خەڵک خۆیان بە سەری خۆیان ئامانجن و ئامرازی ئەوە نین کە لە دژی یەکتری بەکار بهێندرێن“ دەکرێ ئەوە زیاتر شی بکەیەوە! بیل: ئەو دژی بە ئامراز کردنی خەڵک بوو، ئەوە قسەیەکی گەورە نییە، ئەو پێی وا بوو لە ژێر سیستمی هەنووکەیی دا خەڵک لەوە ڕووتێندراونەتەوە کە بتوانن لە ڕووی سیاسییەوە هەڵسوکەوت بکەن، تەنێ دەچنە پای سندووقان و دەنگ دەدەن.

- **قازی: مەبەستت لە سیستمی کاپیتالیزم دایە؟**

- **بیل:** ئەرێ کاپیتالیزم، ئەوان هەر چەند ساڵەی جارێک دەچن دەنگ دەدەن بە نوێنەران و دوایە چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکرێ وەک ڕانە مەڕ سەر بەردەنەوە و بڵێن ئەو نوێنەرانەی هەڵیان بژاردوون بڕیاریان بۆ بدەن. ئەو لەو باوەڕەدابوو ئەوە زۆر خراپە، هەروەها باوەڕی بەئەوەش هەبوو کە کاپیتالیزم چەمکی هاووڵاتێتیی کەمڕەنگ دەکا و لەناوی دەبا و خەڵک دەکا بە مەسرەفکار، مەسرەفکارانی تاقەکەسیی ئەو کەلوپەلانەی کە بۆ بەرژەوەندی سیستمی کاپیتالیستی بەرهەم هاتوون، ئەو



دەیوست چەمکی هاووڵاتیتی ساز کاتەوە، بیژێنێتەوە و پێی وا بوو ئەوە تەنێ لە ئاستی ناوچەیی دا دەکرێ، لە سیستمێکی لەناوەند دابڕاوی سیاسی دا، کە لە سەر بنەمای سوێ و مەسرەفی تاقە کەسیی هەڵنەنرابێ، بەڵکو لە سەربنەمای ژیاندنەوە و سازکردنەوەی کۆمەڵگەکان بێ لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دا، کە دیارە ئەوە کارێکی زۆر دژواربوو، چونکە ئێمە ووڵاتێکین کە بناخەی تا رادەیەکی زۆر لە سەر فەردییەت و خۆ ویستی داندراوە. ئەو پێی وا بوو ئەوە تەنیا ڕێگایەکە بۆ سازدانی سیاسەتێکی ئێکۆلۆژی، چونکە ئەو دەسەڵاتەی کە بڕیاردەدا سەبارەت بەو شتانەی کە شوێن دەکەن لە سەر جیهانی نەتەوەیی دەبێ لەلایەن خەڵکەوە خۆی بێ نەک لەلایەن شەریکە گەورەکان و خاوەن پیشەسازییەکان. چونکە خەڵک خۆیان لە ئاستی نەتەوەیی دا زۆر بە هەستترن بۆ پاراستنی هاویردۆر تا ئەوەی کە کاپیتالیزم بیان چەوسێنێتەوە بۆ سەدەمە دان لە هاویردۆر.

- **قازی: هەر لەهەمان ئەو سەرەتایە دا کە تۆ نووسیوتە لە زمان بووکچینەوە دەڵێی: « خەڵک دەتوانن کاروبارەکانی خۆیان ڕاپەڕێنن بەبێ ئەوەی چاویان لە دەستی دەوڵەت بێ « ! بەو قسەیە بووکچین پێی وابوو کە ئیدی « دەوڵەت » لە سەردەمی هاوچەرخ دا ئەرکی پێشووی نەماوە؟ یان مەبەستی چ بوو؟**

- **بیل:** ئەو پێی وابوو دەوڵەت تەنێ سەرچاوەی زاڵبوونە و ناهێڵێ خەڵک چالاکانە لە سیاسەت دا بەشداری بکەن. ئەو دەیویست ئەنجومەنی شارومەندان پێک بهێنێ لە سەر بنەمای هێندێک مۆدێلی کە لە مێژوو دا هەبوون. ئەو دەمی خەڵک لە یەک کۆ دەبوونەوە لە ئەنجومەنان دا و ئەو بابەتانەیان دەهێنا گۆڕێ و بە ڕێگای بڕیاردانی دێمۆکراتیکدا، دوای ئەوەی قسەیان لەسەر دەکرد پێیانەوە دەچاران و دەنگیان لە سەردەدا.

لە نموونەکانی ڕابردووی مێژوو دا وەک لە یۆنانی کۆن دا لەو ئەنجومانە دا ڕێگای ژنان نەدەدرا، ڕێگای نا ئاتێنییەکان نەدەدرا، بەڵام هەڵبەت لە جۆری مۆدێرنی ئەو دامەزراوانە دا ژنان دەهێندرێنە ناوەوە، چ کۆیلەتی لە گۆڕێ دا نابێ هەر وەک ئەوەی لە ئاتێن هەبوو، خەڵکی سەر بە ئێتنیسیتی جیاواز، سەر بە کەمایەتی جیاواز هەمووی باوەشیان بۆ دەکرێتەوە وەکوو شارومەند. بووکچین ئەو چەمکەی وەک شارومەندان لە زەین دا بوو نەک وەک چەمکێکی دەپەراوێز هاوێژ. چەمکێک کە جیاوازیی هەموو لایەکان کۆدەکاتە، خەڵکی سەر بە جینسییەتی جیاواز، ئێتنیسیتی جیاواز و دینی جیاواز دەتوانن بە شێوەیەکی یەکسان وەک شارومەند لەو ئەنجومەنانە دا و لە بڕیاردان دا بەشداری بکەن.

- **قازی: بەڵام پرسیار ئەوەیە داخوا ئەو ڕاهێزاندنە [ هێز وەبەرنانە] دەلوێ لەکاتێکدا کە هێشتا دەوڵەت هەیە؟ بۆ نموونە ئەگەر ئێستا تەماشای نەزمی جیهانی بکەین ئێمە هێشتا گوایە دەوڵەت – نەتەوەمان هەن. ئیدەکانی وی لە مەڕ دەوڵەت – نەتەوەکان چ بوو؟**

- **بیل:** دیاره هەڵبەت ئەنجومەنێکی بچووکی شارومەندان لە گەڕەکێکی شاری دا بە سەری خۆی ناتوانێ بە دژی دەوڵەت – نەتەوە شەڕ بکا، جا بۆیە ئەو دەیویست کە ئەنجومەنە جیاوازەکانی شارومەندان لە گەڕەکەکانی دەرەوەی شاران، لە شار و شارۆچکە و گوندان لەنێو خۆیاندا کۆنفێدراسیۆن پێک بێنن لە ئاستی ناوچەی بەربلاوتردا، بە تایبەتی لە سەر هەرێمی ئێکۆلۆژی دا، جا بەو شێوەیە دەتوانن بڕیاربدەن لە سەر ناوچەی هەراو کە لەو ئاستە دا هەموان دەگرێتەوە و بە زێدە بوونی بەشداری زیاتری خەڵک لە ئەنجومەنەکانی شارومەندان دا، ئەوە ئەو کۆنفێدراسیۆنانە بەهێز دەکا و بە کردەوە ئەو کۆنفێدراسیۆنە دەبێتە هێزێکی دوولایەنە و بەدیلی دەوڵەت – نەتەوە، دەبێتە دەسەڵاتێکی جەماوەری و دەوڵەت – نەتەوە و کاپیتالیزم لە تەنگەی دەدەن، چونکە خەڵک زۆر شاد دەبن بە وەی کە بۆیان دەرەخسێ خۆیان بەشداری بکەن و حکومەت بکەن بە سەر خۆیاندا تائەوەی کە ئەوانیدی حکومەتیان بەسەر دا بکەن.

**چونکە ئەو کاپیتالیسمی پێ بە سیستمێکی بەدکار بوو و ئەگەر سنوورەکانی ئەوە نەبوون کە کارڵ مارکس پێشبینی کرد بوو**

- **قازی: ئەی ناکۆکی لە نێوان ئەو دوانە دا چۆن دەکرێ ڕاپەڕێندرێ بە ڕێگای توند و تیژی یان بە ڕێگای دیالۆگ دا یان چۆن؟**

- بیل: ئێمە هیوا دارین ئەوە بە ڕێگای توند و تیژی ڕا نابێ، بووکچین لەو باوەڕە دا بوو کە لە ئاستی هەرەنزم و بچووک ڕا خەڵک بەرەو پشتیوانی لەو کۆنفێدراسیۆنە دێن، قازی: ببوورە دەکرێ هێندێک لەسەرەخۆتر قسە بکەی؟ بیل: خەڵک لە ئاستی جۆر بەجۆر دا پشتوانی لە فێدراسیۆن دەکەن و ئەوەش زۆر گرینگە کە ئەرتەش، ریزە خوارەوەکانی ئەرتەش واتە سەربازەکانیش بەرەو ئەوە دێن کە پشتیوانی لە فێدراسیۆن بکەن، چونکە لە نموونەکانی پێشووی شۆڕش دا نموونەی ئاوا بیندراوە. واتە لە سەردەمی شۆڕشی فێڤرییەی ڕووسییە دا کە ئەرتەش ڕیزی خۆی گۆڕی و هاتە پاڵ شۆڕشگێڕان. ئێمە هیوادارین ئەوە بە هێمنی و بە ئاشتیانە بکرێ، کە دامو دەستگاکانی کۆن لە تەنگەی بدەن بە قازانجی دەستگای نوێ و جێی خۆیان بدەن بەوان و ئەگەر ئەوە نەکەن بە ئاسایی وایە کە کێشەی چەکداری دێتە گۆڕێ.

- **قازی: دەکرێ هێندێکم باسی پێشینەی ژیانی بووکچین و چالاکییەکانی بۆ بکەی؟ ئەمن پێم وایە لە تافی لاوێنی خۆی دا تێکۆشەرێکی زۆر ڕادیکاڵ بووە لە بزووتنەوەی کرێکاری دا؟**

- **بیل:** ڕاستە! ئەو کوڕی موهاجیرێکی ڕووسی جوولەکە بوو کە لە ساڵی ١٩٢١ لە دایک بوو و بەو تاریخە ڕا دەزاندرێ کاتێک کە ئەو هێشتا مێرمنداڵێک بوو نیویۆرک لە سەردەمی هەرە ڕادیکاڵی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دابوو، بزووتنەوەی مارکسیست – لێنینیستی، ئەوە لە ماوەی قەیرانی ئابووری هەرە گەورە دا بوو؛ قازی: لە ساڵانی ١٩٣٠ یەکاندا؟ بیل: لە ساڵانی ١٩٣٠ یەکاندا کاتێک وا وەبەرچاو دەهات کە کاپیتالیزم خەریکە هەڵوەشێ لە بەر زۆر گیرو گرفتی جیاواز. و بزووتنەوەی مارکسیست – لێنینیستی کە بووکچین دوایە پێی گوت ستالینیسم زۆر بە هێز بوو، جا بۆیە ئەو دەمی منداڵێک بوو، چاردە ساڵی تەمەن بوو، لە سەردەمی هەرە ڕادیکاڵی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دا. ئەو شۆڕشگێڕێکی بەرهۆدە بوو. و تەنێ دواتر لە ساڵانی ١٩٤٠کاندا هەوڵی دا پرۆلێتاریا ڕێک بخا بە پێی ڕێبازی مارکسیستی بۆ شۆڕش کردن، بەڵام ئەو فەرقی پێ کرد پرۆلێتاریا ئیدی شۆڕشگێڕ نییە، ئەوان زۆر میلیتانت بوون و زۆر بەهێز بوون و شەڕیان دەکرد لە پێناو هەبوونی هەلومەرجێکی باشتری کار، و سەعاتی باشتری کار، بەڵام هەولیان نەدەدا بۆ شۆڕش کردن بە مەبەستی ڕووخاندنی کاپیتالیسم بەو شێوەیەی کە مارکس پێشبینی کرد بوو. و بە بێ ئەوە، بە بێ پرۆلێتاریایەکی شۆڕشگێڕ بووکچین پێی وا بوو مارکسیزم وەکوو ستراتێژییەکی سیاسی چ کەلکی نییە. جا بۆیە ئەو دەستی لە مارکسیسم هەڵگرت بەڵام بە پێچەوانەی زۆر لە هاوڕێیەکانی هاو وەچەی خۆی، کە چوون و باوەشیان لە سیستمی هەیی وەرێنا، بووکچین ئەوەی نەکرد. ئەو دەیویست دیسان بە پرۆژەی سۆسیالیستی دا بێتەوە و لە سەر ڕا بیری لێ بکاتەوە، واتە پرۆژەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی، بە بیرکردنەوە لەوەی داخودا سنوورەکانی کاپیتالیسم دەبێ تا کوێ بێ؟ سنورەکانی کامانەن؟ چونکە ئەو کاپیتالیسمی پێ بە سیستمێکی بەدکار بوو و ئەگەر سنوورەکانی ئەوە نەبوون کە کارڵ مارکس پێشبینی کرد بوو، ئەی سنوورەکانی کامانەن؟ جا بۆیە لە ساڵانی ١٩٥٠ لەگەڵ گرووپێک

کەوت کە هەمان بەرهۆدەییان هەبوو بۆ درێژەدان بە شۆڕشی کۆمەڵایەتی کە ئەو باوەڕی پێی بوو و ئەوان بە ووردی هەموو بابەتێکیان تاقی کردەوە کە دەنگو باسی بڵاو دەبووەوە و لە خۆیان دەپرسی داخوا ئەوەیە سنوورەکانی کاپیتالیسم؟ دەتوانێ ئەوە بێ؟

- **قازی : ئێستا ئەتۆ گەیشتییە ساڵانی ١٩٥٠ کان. ئەزموونی ئەو چ بوو لە سەروبەندی ڕاوە جادوویی جۆزێف مەک کارتی لە سەرەتای ساڵانی ١٩٥٠ کاندا بە دژی کۆمۆنیستان؟**

- **بیل:** ئەو دەمی ئەو دەستی لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی هەڵگرتبوو. ئەو لە ساڵی ١٩٣٨- ١٩٣٩ دەستی لە بزووتنەوەی ستالینیستی بەر دا و دەستی هەڵگرت لەوەی ئیدی چ بڕ ترۆتێسکیست بێ لە ساڵی ١٩٤٦، جا بۆیە لەو سەردەمە دا کە تۆ باسی دەکەی واتە لە سەردەمی ڕاوە جادوویی مەک کارتیستی دا ئیدی ئەو هیچ جۆرە مارکسیستێک نەبوو. ئەو گرووپەی ئەوی تێدا بوو هەموویان کۆنە ترۆتێسکیست بوون و هەروەها هێندێک سەهیۆنیست و ئەوان لە ڕوانگەیەکی مارکسیست - لێنینیستییەوە تەماشای ئەو بابەتانەیان نەدەکرد. جا بۆیە گرووپەکەی وی نەکەوتنە بەر ڕاوەدوونانی سەردەمی مەک کارتی.

**عەقڵانی بە مانایەکی زۆر تایبەتی. عەقڵانی بە مانای ئەخلاقی، نەک بە مانای ئامرازی**

- **قازی: دەوڵەت تەحەمولی دەکردن یان چۆن؟**
- بیل: دەوڵەت چاوی لێ هەڵدەبواردان، چاوی لێ هەڵدەبواردن. ئەوان بە دوای ماسییە گەورەکان دا دەگەڕان کە لە ڕاستیدا کۆمۆنیستەکان بوون. خەڵک لە هالیوود و لە ئیدارە حکوومەتییەکاندا.

- **قازی: دەکرێ هێندێکم بۆ باس بکەی سەبارەت بە ئیدەکانی بووکچین کە بەشێوەی کتێب بڵاوکرانەوە و ئەگەر دەکرێ باسی هێندێک لە کتێبەکانی بکەی لەو سەروبەندی و لە دواتردا.؟**
- **بیل:** کاتێک من دەڵێم ئەو بە دوای بابەتی جیاواز دا دەگەڕا کە دەتوانێ سنوورەکانی کاپیتالیزم بێ، ئەو پێی وا بوو بابەتی هەر گرینگ ئەودەمی ئێکۆلۆژی بوو، ئەو پێی وا بوو کشتوکاڵ، بۆ نموونە فارمینگ گۆڕدراوە لە کێڵگەی پچووکەوە بەرەو فارمی زەبەلاحی پیشەسازی، کە پڕە لە مادەی شیمیایی، مادەی شیمیایی تێکەڵاوی خۆراک کراون و خۆراک دەرماناوی کراون و خۆراک دوور لەو جێگایانەی کە خەڵکیان تێدا دەژین واتە بە دوور لە شارەکان بەرهەم دەهێندرێ و شارەکان خۆیان زۆر گەورە دەبن. ئەو لەو باوەڕە دا بوو هەر دووکیان دەبێ پچووک بکرێنەوە و ئەندازەیان کەمتر بێ. فارمەکان دەبێ بگەڕێنەوە ئەو سەردەمی کە پچووک بوون و لەگەڵ خاوەن فارمەکان بگونجێن نەک ژمارەی کرێکاران و بەرهەمی کشتوکاڵی دەبێ نۆرەیی بێ و تەنێ یەک جوورە حاسڵات بەرهەم نەهێندرێ بەڵکوو حاسڵاتی هەموو چەشنە بەرهەم بهێندرێ و بەو شێوەیە دەکرێ ئێمە خۆمان لەکۆڵ مادە شیمیاییەکان بکەینەوە.

خەڵک ئەو خۆراکە مەسرەف دەکەن کە لە نزیک خۆیان بەرهەم هاتووە. بە پێی بۆچوونی وی شارەکانیش دەبوو لە ناوەند دابڕێن، ببنە یەکەی پچووک بۆ ئەوەی زەواجێک لە نێوان شار و لادێ دا پێک بێ ئەوەی کە ئەو ناوی نا بوو " کۆمەڵگە ئیکۆییەکان ". شارەکانیش زۆر سەدەمە بوون لە سەر سڵامەتی ئینسانەکان، چونکە شارەکان هەوایان پیس دەکرد، هەوای پیس، ئاوی پیس، لەو ساڵانە دا زۆر خراپ بوو. جا بۆیە بووکچین پێی وا بوو سنوورەکانی کاپیتالیزم دەبێ سەلامەتی ئینسانەکان بێ. ئێمە ناتوانین ئەو هەموو مادە شیمیاییانە لە بەدەن مان دا تەحەمول بکەین و ئەو هەمووە هەوا و ئاوی پیسە ناتوانین تەحەمول بکەین. لەوە ڕا گەیشتە ئەو ئاکامە کە کۆمەڵ دەبێ لە ناوەند بکرێتەوە، ئابووری دەبێ لە ناوەند بکرێتەوە و بە تایبەتی سیستمی سیاسی دەبێ لە ناوەند بکرێتەوە، چونکە ئەو یەکانەی کە حوکم دەکەن بە سەر ئەو کۆمەڵگە ئێکوییانە دا دەبن بە ئەنجومەنەکانی شارومەندان لە ناوچەیەک دا. قازی: و بووکچین بەو کۆمەڵگە نا-ناوەندانە، ئەو کۆمەڵە نا -ناوەندانە دەڵێ کۆمەڵەی مەنتقی. بیل : کۆمەڵەی عەقڵانی قازی: عەقڵانی؟ بیل: بەڵام عەقڵانی بە مانایەکی زۆر تایبەتی. عەقڵانی بە مانای ئەخلاقی، نەک بە مانای ئامرازی.

- **قازی: باشە، ئەگەر باسی هێندێک لە کتێبەکانی بکەی و ناویشیان بەری؟**

- **بیل:** باشە، هەڵبەت، یەکی هەرە گرینگیان ‹ ئێکۆلۆژی ئازادی › یە کە ئاسەوارێکی مەردمناسانە و مێژوویی و فەلسەفی یە، ئەو ڕیشەی هێرارشی زاڵبوونی پیر بە سەر جەوان دا دەدۆزێتەوە، زاڵبوونی پیاوان بە سەر ژنان دا، زاڵبوونی ڕەگەزی جیاواز بە سەر یەکدی دا، زاڵبوونی کەشیشە دینییەکان، زاڵبوونی جەنگاوەران تا دەگاتە زاڵبوونی دەوڵەت و کاپیتالیزم. جا بۆیە ئەو ڕچەی گشت ئەو بەخۆداهاتنە هەڵدەگرێ، بۆ ئەوەی کە بکرێ سیستم لەناو ببردرێ. مەبەستی ئەوەیە شیبکرێتەوە بەر لەوەی مرۆڤ بتوانێ بیڕووخێنێ.

**ئەمن باسی ‹ کۆنفێدڕاسیۆن› م کرد وەکوو پێکهێنانی دەسەڵاتی ڕووبەرووی دەوڵەت- نەتەوە کە بە توانایەکی دەیڕووخێنێ**

- **قازی: ئەوە کەنگێ بڵاو بووەوە؟**

- **بیل:** ئەو کتێبە لە ساڵی ١٩٨٢ بڵاو بووەوە.

- **قازی: کتێبی دی؟**

- **بیل:** ئەمن پێموایە کتێبی دووەمی هەرە گرینگی ناوی ‹ سەرهەڵهێنانی شارنشینی ”، هەر وەها ” شارنشینی بە بێ شاران ” ە، چەندین ناوی هەیە.

- **قازی: پێموایە وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی تورکی؟**

- **بیل:** بەڵی وەکوو ” شارنشینی بە بێ شاران ” بەڵێ. لە بیرتە ئەمن باسی ‹ کۆنفێدڕاسیۆن، م کرد وەکوو پێکهێنانی دەسەڵاتی ڕووبەرووی دەوڵەت- نەتەوە کە بە توانایەکی دەیڕووخێنێ. لە کتێبی ” شارنشینی بە بێ شاران ” دا بووکچین ئەنجومەنەکانی شارومەندان و کۆنفێدراسیۆنەکانیان لە مێژوو دا شی دەکاتەوە و پێی وایە لە دەوڵەت – نەتەوە لە گشتی خۆیدا، چ لە سەر بنەمای دەوڵەت بێ، یان نەتەوە. خەڵک بە توانایەکی زۆر لە شکانهاتوویە و لە ئورووپا بۆ نموونە خەڵک بۆ ماوەی درێژ لە کۆنفێدراسیۆنان دا دەژیان لە نێوان شار و دەوڵەت دا گرژیی زۆر هەبوو و ئەو دووانە لە زاتی خۆیاندا دژی یەکتری بوون.

- **قازی: کتێبی دیکە؟**

- **بیل:** فەلسەفەی ئێکۆلۆژی کۆمەڵایەتی، کە ئەویش وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی تورکی. شرۆڤەیەکە کە بووکچین پێی دەڵێ ‹ خۆزا خوازی دیالێکتیکی › کە فەلسەفەی پتەو کردنی گشت ئەوانەیە. ‹ بەرەو کۆمەڵێکی ئێکۆلۆژیکی، کتێبێکی دیکەیە کە بە تورکی بڵاو کراوەتەوە و بریتی یە لە وەرگێڕانی ووتاری جۆر بەجۆر ئی ساڵانی ١٩٨٠. کتێبێکی دیکەی بووکچینیش هەیە کە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی تورکی بە ناوی: ‹ سازدانەوەی کۆمەڵ › کە بریتییە لە کورتەیەکی هاسان لەمەڕ گشت ئەو ئیدە پێچەڵپێچانە: فەلسەفە، سیاسەت، مێژوو لە کتێبێکی هاسان ‹ ساز دانەوەی کۆمەڵ ›، لە ساڵی ١٩٩١ دا بڵاو کراوەتەوە و وەریشگێڕدراوەتە سەر زمانی تورکی.

- **قازی: چی دیش؟ دوایین کاری چ بوو؟**

- **بیل:** دوایین کتێبی کە چاپ بووە ناوی ‹ شۆڕشی سێیەم › ە، کە ئەوەش باسی مێژووی بزووتنەوە جەماوەرییەکان دەکا لە شۆڕشەکانی ئەمریکا و ئورووپا دا. یەکەم شۆڕش، شۆڕشی بورژووازی بوو بە دژی سیستمی فێئۆدالیزم، شۆڕشی دووەم شۆڕشی ئاوتۆریتاریەنەکان ە ( ملهوڕەکان) وەک مارکسیستەکان بوو بە دژی بورژووازی و شۆڕشی سێیەم شۆڕشی گەلانە بە دژی شۆڕشگێڕە ملهوڕەکان وەک مارکسیستەکان.

- **قازی: ئەمن وا بزانم بووکچین بەر لە سەرنانەوەی لە ساڵی ٢٠٠٦ ئیدی چالاکی نەبوو. ئەو لە ژیانی دا تا کەنگێ چالاک بوو؟**

- **بیل:** ئەو بە ساڵان لە ژیانی دا چالاک بوو و ئەو ئیدانەی بڵاو دەکردەوە. واتە لە گشت تەمەنی لاویەتی تا دوایی ژیانی. مێژووی ژیانی بووکچین کە ئەمن لەو دواییانە لە ژینامەکەی دا باسم کردووە بریتی یە لە هەوڵدان بۆ تەشویقی چەپی ئەمریکایی، کە گشت ئەو ئیدانە وەخۆ کەن. دواجار وەک دەبینین ئەمریکا هێشتا ماوە، هێشتا کاپیتالیستە، هێشتا دەوڵەت – نەتەوەیە و خەڵک لە گرینگی قەیرانیی ئێکۆلۆژی تێ نەگەیشتن جا بۆیە ئەو سەرنەکەوت لە شۆڕش کردندا کە هەموو ژیانی خۆی لە

پێناو دا بەخت کرد.

- **قازی: باشە، یارمەتی تۆ خۆت چییە بۆ پەرەپێدانی ئیدەکانی؟**

- **بیل:** وەک گوتم لە ساڵی ١٩٨٦ بۆ یەکەم جار دیتم، ئەمن چوومە بێرلینگتن و کارم لەگەڵ کرد و یارمەتی من ئەوە بوو بەرگری لە ئیدەکانی بکەم. ئەو تووشی زۆر گێرە و کێشە هات لەگەڵ ڕێبازەکانی دی لە بزووتنەوەی ئێکۆلۆژی دا. بۆ نموونە ڕێبازێک هەبوو بە ناوی ‹ ئێکۆلۆژی قووڵتر › کە ئینسانەکانی لە زاتی خۆیاندا بە خراپ دەزانی، لە زاتی خۆیان دا بە بەد بۆ خۆڕست دا دەنا و بووکچین بە پاڵپشتی ئێکۆلۆژی کۆمەڵایەتی وەڵامی دانەوە نا! خەڵک هۆی گیروگرفتەکە نین، بەڵکوو ئەوە نەزمی کۆمەڵایەتی یە کە کێشەی ساز کردووە؛ کاپیتالیزم و دەوڵەت. لە بەر ئەوەی ئینسانەکان ئەو نەزمانەیان ساز کردووە دەتوانن بیشی گۆڕن و ئەوە هیوامان دەداتێ. جا ئەمن لەو کێشانە دا لە سەرم کردەوە، بەرگریم لە ئیدەکانی کرد و لەو بوارانە دا ڕەخنەم نووسی و دوایە لە کۆتاییەکانی ١٩٩٠کاندا، دەزانی بووکچین ئەو کتێبە گەورەیەی نووسیبوو ‹ شارنشینی بە بێ شاران › و چەند وتاری بچووک سەبارەت بە ‹ شارەدارێتی ئازادانە ›، جا ئەوانە حەوجێیان بە پێشەکییەک، کتێبێکی ناساندن هەبوو بۆ ‹ شارەدارێتی ئازادانە› داوای لێکردم ئەو کتێبە بنووسم و ئەمن نووسیم بە ئینگلیسی ناوی کتێبەکە بریتی یە لە ‹ سیاسەتی ئێکۆلۆژی کۆمەڵایەتی داوای شارەدارێتی ئازادانە دەکا› کە ئەوە لەو دواییانە دا بە تورکی بڵاو کراوەتەوە لە لایەن وەشخانەیەک لە ئەستەنبووڵ.

- **قازی : ئەتۆ نزیکەی بیست ساڵ لەگەڵ بووکچین ژیاوی؟**

- **بیل:** نۆزدە ساڵ.

- **قازی: لەو نۆزدە ساڵە دا قەت وا هەبوو شەڕە قسە و دمبەدمەتان بێ؟**

- **بیل:** [پێ دەکەنێ]، جار جار ئێمە ڕێک نەبووین لە سەر چەمکی دەوڵەت – نەتەوە، چونکە منیش بەو ئاکامە گەیشتم، ئەمنیش دیتم کە هیچ بەرەو پێشچوونێک نییە، قەیرانیی ئێکۆلۆژی هەتا دا توندوتیژتر دەبێ و ئەو بزووتنەوەیە کە ئەو دەیویست لە خوارەوە ڕا دەست پێ بکا رووی نەدەدا، جا بۆیە ئەمن پێم وا بوو پێویستە هەر دووکیانمان هەبێ، مرۆڤ بچێتە ناو سیستمی سیاسییەوە و خەڵکی ئاوای هەبێ کە لە ناوخۆی سیستمەکە دا کار بکەن، لە هەمانکاتدا بزووتنەوەیەک لە دەرەوە ڕا هەبێ بۆ ئەوەی لە دوو لاوە گوشار بهێنرێ بۆ گۆڕان. بەڵام بووکچین لەگەڵ ئەو بۆچوونە دا نەبوو و بە تەواوی دژی دەوڵەت بوو.

## لە ماوەی شەڕی عێراق دا بووکچین سیمپاتییەکی زۆری هەبوو بۆ کوردەکان

- **قازی: ئەمن لە کارەکانی دا هیچ ئاماژەیەکی تایبەتیم بە چەمکی ‹ زمان › نەدیت. ئەو بۆچوونی لە سەر زمانان چ بوو؟ دەوری زمان، چەمکی زمان؟**

- **بیل:** بە داخەوە. ئێمە لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەژیان، ئەو بە قووڵی بیری لەو چەمکانە نەدەکردەوە. ئەو بابەتە لە دەوروبەری ویدا نەهاتە گۆڕێ، بەداخەوە ئەمن وەڵامێکی باشم بۆ ئەو پرسیارە نییە.

- **قازی: دوایە پێوەندی لەگەڵ دۆزی کورد، ئەوە کەنگێ دەستی پێکرد؟ وەک دەزانی مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی لەمێژینەیە هەر نەبێ لەماوەی سەد ساڵی ڕابردوو دا لە جێگای جیاواز لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەبووە و هەیە کە هەتا ئێستا چارەسەر نەکراوە، بەڵام بە کردەوە هەم بووکچین و هەم ئێوە دەستتان کرد بە ناسینی بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستان و لە تورکییە. دەکرێ هێندێک باسی ئەوە بکەی؟**

- **بیل:** باشە، بەر لە هەمووشت بڵێم لە ماوەی شەڕی عێراق دا بووکچین سیمپاتییەکی زۆری هەبوو بۆ کوردەکان و لەبەر هێرش کردن بۆ سەر کوردەکان و لەناو بردنی کوردەکان لە عێراق بە دەستی سەدام حوسێن زۆر دڵگران بوو. بەڵام یەکەم پێوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ مەسەلەی کورد لە مانگی ئاوریلی ساڵی ٢٠٠٤ بوو. کە ئێمە ئی مەیلێکمان بە دست گەیشت کە چەند ئەڵمانی کە کاری هاوپێوەندییان لەگەڵ کوردەکان دەکرد بۆیان ناردبووین و تێیدا داوایان دەکرد دیالۆگێک لە نێوان بووکچین و هاوڕێکەیاندا، سەرۆکەکەیاندا [ ووشەی سەرۆک بە کوردی دەڵێ ] ئۆجالان، لە

زینـدان دا سـاز بـێ. و ئێمـە زۆرمـان پـێ سـەیر بـوو، واقـمان ورما.

- **قازی: بۆ وەرگرتنی پەیامێکی ئەوتۆ؟**

- **بیل:** ئێمە ڕێزدار ئۆجالان مان بە مارکسیست – لێنینیستێک دەزانی، ئەو جۆرەی کە بووکچین ببوو، جا بۆیە لە داخوازەکە نەدەگەیشتین. هەرچۆنێک بێ بووکچین وەڵامی پەیامەکەی دانەوە و گوتی ئەوە هێندێک لە کتێبەکانی منە کە بە تورکی وەرگێردراون. بۆچی نایان خوێننەوە؟ دەرکەوت ‹ ئاپۆ› ئەو کتێبانەی خوێندبووەوە. جا بۆیە مانگێک دواتر ڕابیتەکان بۆیان نووسینەوە کە ئەوان بە ڕێگای پارێزەرەکانی دا وەڵامی بووکچین یان بە ئۆجالان گەیاندووە لە زیندانی ئیمرالی. جا ڕابیتەکان بۆیان نووسینەوە کە ئەو پێی خۆشە دیالۆگ لە نێوانیان دا هەبێ و ئەوەی کە ئەو کتێبەکانی بووکچینی خوێندووەتەوە، خۆی بە شاگردێکی زۆر باشی کارەکانی بووکچین دەزانێ، ئەو خۆی بە ئێکۆلۆجیستێکی کۆمەڵایەتی دەزانێ بەپێی ناوی ئیدەکانی بووکچین و ئامانجی ئەوەیە یەکەم کۆمەڵ دروست بکا لە سەر بنەمای ئەو ئیدانە. موری بووکچین وەڵامی داوە ئەوە زۆر زۆر باشە، ئەمن زۆر ماندوو و نەخۆشم بۆ ئەوەی دیالۆگێکم هەبێ، بەڵام ئەمن زۆری پێ خۆشحاڵم ئێوە ئامانجێکی ئەوتۆتان هەیە و دڵنیام بزووتنەوەی کورد لە دەستی چاک دایە بە ڕێبەرێکی ئاوا کارامەوە.

- **قازی: ئەوتۆ دوایە خۆت لەگەڵ ئەو هەیئەتی نێونەتەوەییە کەوتی کە داوای ئازادیی ئۆجالان دەکا و وا بزانم ئێوە لە بەراییەکانی ساڵی ٢٠١٦ دا سەفەری تورکییەتان کرد؟، چونکە ئەمن چاوپێکەوتنم هەبوو لەگەڵ ئەندامێکی دیکەی ئەو هەیئەتە ؛ دوکتور ئێلی ڤان ڕووسل.**

- **بیل:** بەڵێ، ئەوە چەند مانگ لەوەو پێش بوو، ئەمن ئێستا ئەوە چەند ساڵە نزیکم لە بزووتنەوەی کوردەوە.

- **قازی: بەڵام لە سەر بەشداری لەو هەیئەتە دا و سەردانی تورکییە. ئەوە چۆن بوو؟**

- **بیل:** ئەوە هەیئەتێکی نێونەتەوەیی بوو و ئەمن دڵنیام ئێلی ئەوەی بۆ باس کردووی ئێمە هەوڵماندا وەزیری دادی تورکییە ببینین بۆ ئەوەی ئیزن وەربگرین بۆ سەردانی دورگەی ئیمرالی. بەڵام ڕێگایان پێ نەداین و تەنانەت پارێزەرەکانیشی ڕێگایان پێ نەدراوە ببینن، پارێزەرەکانی ئەوە چوارساڵە ڕێگایان نەدراوە بچنە دیداری، داوخوازەکەی ئێمەیان قەبووڵ نەکرد، بەڵام لەو ناوەدا ئێمە چاومان کەوت بە خەڵکی جۆر بەجۆری سیاسی کورد، ئەندامانی پارتیی دێمۆکراتیکی گەلان، ئەندامانی کۆنگرەی کۆمەڵەی دێمۆکراتی و لەگەڵ پارێزەران قسەمان کرد. ئەوان توانیان زانیاری زۆر باشمان بدەنێ و کاتێک ئێمە گەڕاینەوە هەوڵماندا لە مەڕ ئەو سەفەرە بنووسین لە مێدیا دا لە ڕۆژئاوا و چاوپێکەوتنمان لەگەڵ بکرێ. باسی ڕاوەدوونانی خەڵک و تێک ڕووخاندنی شارە کوردییەکانمان کرد لە "باشووری ڕۆژهەڵات"، واتە لە باکوور بەدەست دەوڵەتی تورک لە جزیرێ و هەموو ئەو شوێنانەی دیکەی کە بینەرانی ئێوە بەباشی لە سەریان دەزانن.

- **قازی: زۆر باشە، زۆر سپاست دەکەم بۆ ئەمجارە. پێم وایە زۆر شتی دیکە هەیە قسەی لێوە بکەین و لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکەمان دا لە سەریان قسە دەکەین. گەلێک سپاس بۆ ئەو کاتەی پێت داین.**

- **بیل:** بە خۆشییەوە.



**وێنەی موری بووکچین**

# "ئازادکردنی ئۆجالان دەبێتەهۆی لاوازکردن و سنوردارکردنی داعش"

ریپۆتاژ/ ئا/ کاروان ئیبراهیم

لە کۆنفرانسی ئاشتی و سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هزری عەبدوڵڵا ئۆجالاندا، کە ماوەی سێ رۆژی خایاند و لەلایەن ئەکادیمیای سیاسەت و هزری دیموکراتی ڕێکخرابوو، لەسەر چەندین پرسی هەنوکەیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان گفتوگۆ کرا، لە کۆنفرانسەکەدا چەندین هاوڵاتی و چالاکوان و لێکۆڵەر و نوسەر لە وڵاتانی بیانییەوە بەشداریان تێدا کرد، لەم ریپۆرتاژەدا، بەشێک لەو بیانیانە بۆچوونی خۆیان لەسەر گرنگی کۆنفرانسەکە و ئازادی عەبدوڵڵا ئۆجالان دەخەنەڕوو.


لیۆ سەلدانا

## لێکۆڵەرێکی بواری ژینگە لە هندستان: ئۆجالان مەهاتما گاندی کوردستانە.

لیۆ سەلدانا، ئەندامی گروپی پاراستنی ژینگەم لە شاری بەنگەلۆر لە هندستان، دەڵێ، چەندین توێژینەوەم لەسەر ژینگە و پێشکەوتنی نێونەتەوەیی کردوە..

**. بۆچونت لەسەر ئەم کۆنفرانسە چییە، کە لە رۆژانی ١٩ و ٢٠ و ٢١ی تەموزی ٢٠١٦ لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو بە ناونیشانی ئاشتی و سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هزری عەبدوڵڵا ئۆجالاندا؟**

ـ کۆنفرانسەکە لە زۆر وڵاتانی دنیاوە خەڵکی کۆکردبوەوە و کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی بوو، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بونیادنانەوەی ئەم ناوچەیە و چارەسەری کێشەکان، ئەو نەتەوانەی لەم ناوچەیە دەژین چەندین ساڵە لەناو نەهامەتی و زەحمەتیدان، ئێستا بارودۆخێکی گرنگە و پێویستی بە شێواز و میتۆدی نوێ هەیە بۆ تیمارکردنی برینەکان، کە دەتوانێ سەرلەنوێ هیوا بگەڕێنێتەوە بۆ خەڵکی کوردستان و ناوچەکە، لەبەر ئەوە کۆنفرانسێکی زۆر گرنگ بوو.

**. چی دەزانی لەسەر کورد و بەڕێز ئۆجالان؟**

من کتێبەکانی بەڕێز ئۆجالانم خوێندوەتەوە، نوسینەکانیم خوێندوەتەوە، هەروەها لەسەر کوردیش شتم خوێندوەتەوە و خەڵکی کوردم لە نزیکەوە بینیوە، بەڵام ئەتوانم بڵێم لە هەندێک بواردا ئۆجالان مەهاتما گاندی کوردستانە.

**. وەکو دەزانیت چەندین ساڵە ئۆجالان گۆشەگیر کراوە، بۆچوونت چییە لەسەر هەڵمەتی ئازادکردنی؟**

ـ ئەو گەلەکۆمە نێودەوڵەتییەی دژی عەبدوڵڵا ئۆجالان ئەنجام دراو و چەندین وڵات بەشداریان تێدا کرد بۆ رفاندنی ئۆجالان بە تەواوی دژی مرۆڤایەتی بوو، ئێستا پێویستە هەموو لایەک کار بکات بۆ دەرکردنی ئۆجالان لە زیندان، چونکە بە ئازادکردنی ئۆجالان چانسی ئاشتی و چارەسەری لەم ناوچەیە زیاتر دەبێت. نازانم کام وڵات ئاشتی ناوێ لەم ناوچەیە، ئۆجالان پێویستە ئازاد بکرێت، ئەو وڵاتانەی بەشداری گەلەکۆمەکەیان کرد دەبێ ئۆجالان بەربدەن، هەروەها تورکیا دەبێ بێ مەرج ئۆجالان لە زیندانی دەربکات.

**. لە ئاستی نێونەتەوەیدا دەتوانرێ چی بکرێت بۆ ئازادکردنی ئۆجالان؟**

-ئازادکرددنی ئۆجالان دەبێتە هۆی لاوازبوون و نەمانی داعش لەم ناوچەیە، داعش مەترسیەکی جیهانییە و لە وڵاتانی ئەوروپاش کاری تیرۆر و تەقینەوە ئەنجام دەدات، ئەگەر هەر کەسێک ببێتە هۆی لاوازکردن و سنوردانان بۆ داعش ئەوا پێویستە وڵاتانی ئەوروپا هاوکاری بکەن، ئێستا کوردەکان رۆڵێکی زۆر کاریگەریان هەیە لە تێکشکاندن و سنوردارکردنی داعش، ئەوەش لەبەرئەوەی باوەڕیان بە رێبەرایەتی و هزری ئۆجالان هەیە، بۆیە پێویستە وڵاتانی ئەورپا لەوە تێبگەن کە ئازادکردنی ئۆجالان دەبێتە هۆی پاراستنی خۆیان، دەبێتە هۆی ئاسایش و ئارامی بۆ خۆیان.

ئەوەی من دەیبینم ئەوەیە کە خەڵکی کورد لەم ناوچەیە

ئاشتی و ئارامیان دەوێ، بەڵام نەک تەنها بۆ خۆیان، بەڵکو بۆ هەموو خەڵکی هەرێمەکە دەیانەوێ.

## ئەندامێکی پارتی کۆمۆنیستی هندستان: جیهان چاوی لەسەر ڕۆژئاوای کوردستانە



سەنجەی سینگڤەی

سەنجەی سینگڤەی، ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی هندستانم و لە شاری مۆمبایەوە هاتووم، هەروەها پارێزەرم و لەگەڵ یەکێتی ڕەنجدەرانیش کاردەکەم.

**. بۆچوونت چی بوو لەسەر کۆنفرانسەکە؟**

کۆنفرانسێکی زۆر گرنگ بوو، چونکە چەندین بابەتی جیاجیا گفتوگۆی لەسەر کرا، لە بیرۆکەی فەلسەفییەوە تا بونیادنانی پراکتیکی کۆمەڵگەیەکی نوێ، ئەوەی دەبینرێ ئەوەیە هەوڵدان هەیە کە کۆمەڵگەیەکی نوێ لەم ناوچەیە دروست بکرێت. نمونەش بۆ ئەوە ڕۆژئاوای کوردستانە، هەروەها ئێستا تەواوی جیهان چاویان لەسەر ڕۆژئاوای کوردستانە و دەیانەوێ بزانن چی بونیاد دەنرێ، بێگومان گفتوگۆکردن لەسەر ئەو بابەتانە زۆر گرنگ بوو.

**. چی دەزانی لەسەر کورد و ئۆجالان؟**

کوردستان دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشە کە گەورەترین گەلی خاوەن کەلتوری هاوبەش و زمانی هاوبەش و مێژووی هاوبەشە، بەڵام سەدان ساڵە دەچەوسێنرێتەوە و لە مافی خۆی بێبەش دەکرێت، بەڵام ئەوەی ئێستا دەیبینین گرنگە کە گفتوگۆ لەسەر بونیادنانی کوردستانێکی بەهێز دەکرێت، ئەوەی ئێستا لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕوودەدات زۆر گرنگە، چونکە سەرقاڵی بونیادنانەوەی شێوازێکی نوێی کۆمەڵگەن بە گوێرەی سیستەمێکی نوێن، کە نە پشت بە ڕژێمی سوریا دەبەستێت، نە پشت بە ڕژێمی عێراق و نە پشت بە ڕژێمی تورکیا و وڵاتانی تر دەبەستێت.

لە بارەی ئۆجالانیشەوە، ئێمە بەشێک لە نوسینەکانیمان خوێندوتەوە، هەروەها کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیمان خوێندوەتەوە، ڕەنگە ئێمە لەگەڵ هەموو بۆچوونەکانیدا نەبین، بەڵام شتێک روونە ئەویش ئەوەیە، من بۆخۆم کەسێکی مارکسی لینینیم، ناتوانین لە بیرۆکەکانی لینین تێبگەین لەم ڕۆدا ئەگەر خوێندنەوەی نوێمان بۆ جیهان نەبێ، پێویستە پێشکەوتنە نوێیەکان بخوێنینەوە، ئەوەش ئەوەیە کە عەبدوڵڵا ئۆجالان هەوڵی بۆ داوە، بیرۆکەی نوێی هێناوەتە ئاراوە کە ئەوانەی پێشتر باسیان نەکردووە، ڕەنگە لەگەڵ هەموو بیرۆکەکانی نەبین، بەڵام گفتوگۆ دەکەین و سەرەنجام دەگەینە ئەنجامێک.

دەشمەوێ ئەوە بڵێم کە گۆشەگیرکردنی ئۆجالان بە تەواوی نایاساییە و پێویستە بە زووترین کات ئازاد بکرێت، داواکاری سەرەکیمان ئەوەیە کە ئۆجالان ئازاد بکرێت، هەروەها پەکەکە لە لیستی تیرۆر دەربخرێت، پارتەکەی ئێمە لە هندستان ئەو داوایەی خستوەتەڕوو، کە پێویستە ئۆجالان لە زیندان دەربکرێت و هەروەها پەکەکەش هەرگیز تیرۆریست نییە و پێویستە لە لیستی تیرۆر دەربکرێت.

من زۆر ئاسودەم کە بەشداری ئەو کۆنفرانسە سێ ڕۆژیەم کرد، کە لە نزیکەوە گفتوگۆمان لەسەر کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد، هەروەها گفتوگۆمان لەسەر ڕەوشی عەبدوڵڵا ئۆجالان کرد.

## پرۆفیسۆرێکی ئەفریقای باشور: تێکۆشانی ئۆجالان و ماندێلا وەکو یەکن



مەحمود پاتێل

- **مەحمود پاتێل، پرۆفیسۆری زانکۆی کەیپ تاون لە ئەفریقای باشور، بۆچوونت چییە لەسەر ئەو کۆنفرانسە؟**

دەتوانم وەک ئەکادیمییەک و وەک چالاکوانێکیش قسە بکەم، چونکە منیش بەشداریم لە شۆڕشی ئازادی ئەفریقای باشوردا کردووە، ئەم کۆنفرانسە زۆر گرنگە، ئێستا کە عەبدوڵڵا ئۆجالان لە زینداندایە، پێویستە ئازاد بکرێت، چونکە ئازادکردنی ئۆجالان، هەروەها دەبێتە ئازادی کوردەکان، ئەم جۆرە کۆنفرانسانەش بەشێکن لە شۆڕش تێکۆشان بۆ ئازادی ئۆجالان و ئازادی خەڵک، بۆچی؟ چونکە خەبات تەنها بە تێکۆشانی چەکداری نابێت، ئێمە ئەوەمان ئەزموون کردووە لە ئەفریقای باشور، تێکۆشان دەبێت پەروەردەیی بێت، کۆکردنەوەی خەڵکی جیاواز، کە خاوەن بۆچوون و دیی جیاوازن، بەڵام هەموو ئەو جیاوازیانە دەتوانن پێکەوە تێکۆشان بکەن، کاتێک کۆنفرانسی بەم شێوەیە هەبێت، ئەوا خەڵکی جودا دێنە لای یەکتر و بۆچوونەکانیان هاوبەش دەکەن، خەمێکی گشتی دروست دەکەن، ئەوە گرنگ نییە کە لە چ چینێکی، لە چ وڵاتێکەوە هاتووی، لە چ پارتێکی سیاسی کاردەکەیت، بەڵکو بەرژەوەندی هاوبەش بۆ ئازادی کۆمان دەکاتەوە، یەک دەنگ و یەک تێگەیشتن و یەک ئامانج، هەر بۆیە ئازادی عەبدوڵڵا ئۆجالان ئازادی کوردەکانە، تێکۆشان هێز و توانا و خۆڕاگری دەوێ، ئێمە سەدان ساڵ دژی داگیرکاری و رەگەزپەرستی شەڕمان کردووە، بەڵام سەرئەنجام گەیشتینە ئامانج.

- **خاڵی هاوبەشی نێوان ئۆجالان ماندێلا چییە؟**

لایەنی هاوبەش زۆرە لەنێوان ماندێلا و ئۆجالان، ماندێلا خەڵک خۆشی دەویست، خەڵکی ئاسایی و تەنانەت لەناو دەسەڵاتیشدا خەڵک هەبوون خۆشیان دەویست، ئێستاش هەمان شت بۆ ئۆجالان دەبینم، ئیتر ئەوانە موسڵمان بن، ئێزیدی بن، مەسیحی بن یان بێ ئایین بن، ژن یان پیاو، هەموویان وا وەک رێبەرێکی گشتی سەیری ئۆجالان دەکەن، هەروەها ئەوەی کە من دەیبینم، ئۆجالان نوسەرێکە، بیرمەندێکە، ماندێلاش هەروەها زۆر ژیر بوو، خەباتی چەکداری هەڵگیرساند و پێشەنگایەتی کرد، بەڵام بیریشی لای چارەسەری سیاسی فکری بوو، هەربۆیە بینیم کە ئۆجالان داوای ئاشتی کرد، داوای ئاگربەستی کرد، خاڵی هاوبەش زۆر لەنێوانیان، هەروەها ماندێلا لە دوورگەیەک زیندانی کرا، ئۆجالانیش هەروەها لە دوورگەیەک زیندانی کرا، هەروەها هەردوکیان تێڕوانینی زانستی و مرۆییانەیان بۆ کێشەکان هەبوو، ئەوان وەکو ئەردۆغان یان سەرکردە رەگەزپەرستەکانی ئەفریقای باشور نین، کە هیچ ئاسۆیەکی فراوانی بیرکردنەوەیان نییە، بەڵام ماندێلا پلانی بۆ داهاتوو هەبوو، هەروەها ئۆجالانیش پێشبینی بۆ داهاتوو هەیە.

هەموو هاوبەشییەک لەنێوانیان هەیە، کەسایەتی، دیسپلین، کاریزماتیکی، لێهاتوویی...

## چالاکوانێکی ئەمریکی: دەوڵەت نەتەوە فریادڕەس نییە، بەڵکو چەکوشێکە بۆ سەرکوتکردنی خەڵک.

ـ سامیۆل جۆردان، چالاکوانی خۆبەڕێوەبەری..


سامیۆل جۆردان

- **بۆچوونت چیە لەسەر کۆنفرانسەکە.**

- ئەو کۆنفرانسە نایاب و گرنگە، لەبەر چەند هۆکارێک، قسەکردن لەسەر بیرۆکەکانی عەبدوڵڵا ئۆجالان بۆ چارەسەری قەیرانەکان و شێوازێکی دیکەی کۆمەڵگە و بەشداری سیاسی. لە چەندین وڵاتەوە بەشداربوو هەیە، لە ئەمریکاوە، ئەفریقاوە، ئاسیا و چەندین وڵاتی دیکە، بە راستی ئەو کۆنفرانسە بە تەواوی گرنگ بوو.

**ـ چی دەڵێی لەسەر ئازادکردنی ئۆجالان؟**

من خودی خۆم زۆر دەمێکە بەدواداچوون ئەکەم بۆ دۆسیەی عەبدوڵڵا ئۆجالان، کاتێک ئەو لە ساڵی ١٩٩٩ لە گەلەکۆمەیەکی

نێودەوڵەتیدا رفێنرا، کە سی ئای ئەی و ناتۆ و یۆنان و تورکیا و چەند وڵاتێکی دیکە بەشداریان تێدا کرد لە کینیا رفاندیان، ئەوەش ژێرپێکردنی پێوانە یاسایی و مرۆییەکان بوو، کە لە دورگەی ئیمرالی زیندان و گۆشەگیریان کرد، لە ماوەی سێ مانگدا لەسەر ناوی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی من بەدواداچوونم بۆ رەوشی مافی مرۆڤ کرد لە تورکیا، من نوێنەرایەتی لێبوردنی نێودەوڵەتیم دەکرد کە سکاڵای تۆمارکرد لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، من بە نوێنەرایەتی لێبوردنی نێودەوڵەتی دیدارم ئەنجامدا لەگەل بەرپرسانی حکومەت، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئیستانبوڵ و ئەنقەرە و ئەزمیر، کارەکەم بەرکەوتەی لەگەل دۆسیەکەی عەبدوڵڵا ئۆجالانیش هەبوو، ئەو ئەوکاتە سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرکرا لە دادگایەکی تەواو نادادپەروەرانەدا، رێگەی پێنەدرا، هاورێکانی ببینێ، کەسوکاری ببینێ، تەنانەت پارێزەرەکانیشی، واتا ئەوە هیچ دادپەروەرانە نەبوو، ئەو کارەم تەنها لە تورکیا نەبوو، بەڵکو بەشداریم لە رێکخراوی دیکەی نێودەوڵەتی کرد لە وڵاتانی دیکە لە ئەوروپا و ئەمریکا تا فشار بخەنە سەر تورکیا کە ئەو سزایە هەڵبگرێت، کە پەیوەندیشی بە ئەندامێتی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپاوە هەبوو، پاشان تورکیا ئەو سزایەی هەڵگرت و ئۆجالانیش لە ژیاندا مایەوە، ئێمە لەوەدا سەرکەتوو بووین کە ئۆجالان لە ژیاندا بمێنێتەوە. لە ١٩٩٩وە من خودی خۆم پەیوەندیدارم بەم دۆسیەیەوە و بەردەوامیش ئەوە دەڵێینەوە کە ئۆجالان هەرگیز بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دادگایی نەکراوە.

**ئەمریکا زیاتر لە دوو سەد ساڵە دەوڵەت - نەتەوەی هەیە، بەڵام سەدا ٩٠ی ئەم ماوەیە لەناو جەنگدا بووە**

لێکۆڵینەوەکەی من لە کۆنفرانسەکەدا لەسەر دەوڵەت ـ نەتەوە بوو، وەک ئامێرێکی دەستی ئەمریکا و باڵادەستی ئەوروپا لە دەوڵەت - نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست، ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکەم لەسەر بەکارهێنانی دەوڵەت - نەتەوە کە ئەمریکا بەکاری دێنێ، بە روونی باسی ئەوەم کرد وەک ئەنجام، کە دەوڵەت - نەتەوە سیحر نییە، فریادرەس نییە، بەڵکو چەکوشێکە بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی بێ چەک و مەدەنی، ئەمریکا زیاتر لە دوو سەد ساڵە دەوڵەت - نەتەوەی هەیە، بەڵام سەدا ٩٠ی ئەم ماوەیە لەناو جەنگدا بووە، هەمیشە هەوڵی پێشخستنی مۆدێلی دەوڵەت - نەتەوەیداوە، وەک ئامێرێکی باڵادەستی بەسەر نەتەوەکانی تردا، ئەوە گفتوگۆی من بوو لە کۆنفرانسەکە، کە مۆدێلی دەوڵەت - نەتەوە ناتوانێ چارەسەری بێنێ، بەڵکو سیستەمێکی دیموکراتی کە خەڵک راستەوخۆ بەشداری لە دروستکردنی بڕیاردا بکەن دەتوانێ ببێتە بەدیل. هەروەها بە کورتی ئاماژەم بە رەوشی ئابوری ئێستای عێراق دا، کە نەک تەنها نرخی نەوت دابەزیوە، بەڵکو ئابوری عێراق بەهۆی چاوچنۆکی و گەندەڵییەوە هەرەسی هێناوە، هەروەها بێکاری و هەژاری رووی لەزیادبوونە، هەروەها هاوکاری جوتیاران و کشتوکاڵیش زۆر خراپە.. من هیوادارم رێکخراوەکان، ئەوانەی بایەخ بە خۆبەرێوەبەری دەدەن، هەوڵ بدەن ئابوری کشتوکاڵ ببوژێننەوە و هانی خەڵک بدەن بۆ چاندن و ئابوری ناوخۆیی.

### رۆژنامەنوسێکی لوبنانی: رۆڵی ژنانی کورد لە جیهاندا رەنگی داوەتەوە


نەبیلە غسێن



وێنەی بەشێک لە پەرتوکەکانی عەبدوڵا ئۆجالان بە زمانی جیا جیا

ـ نەبیلە غسێن، لوبنان، ڕۆژنامەنوس و لێکۆڵەر لەسەر پرسی کورد: سەرەتا گرنگی کۆنفرانس، تێگەیشتین لە فکری عەبدوڵڵا ئۆجالان، جاری یەکەمە ئەوەندە دەزانم لەسەر فکری ئۆجالان، ئەوەی لەو کۆنفرانسە پێی گەیشتم ئێمە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لوبنان و عێراق و سوریا و تورکیا لەگەڵ ئەفریقای باشور و ئەمریکا و هیندستان هاتوینەتە لای یەکتر بۆئەوەی ڕێگەچارەکان لە فکری عەبدوڵڵا ئۆجالان بگەڕێین، فکری عەبدوڵڵا ئۆجالان تەنها پابەند نییە بە مەسەلەی کوردەوە، بەڵکو پەیوەستە بە پرسی مرۆڤایەتییەوە، فکرێکی جیهانییە. بێگومان ئەزمونی ژنانی کورد بۆ ڕووبەڕووبونەوەی داعش، چ لە ڕۆژئاوای کوردستان چ لە شەنگال چ لەو شوێنانەی دیکە کە لە جەنگدا بوون، ئەزموونێکی سەرکەوتووە نەک تەنها لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو لە ئاستی جیهانیدا، ڕۆڵی ژنانی کورد لە ئاستی جیهانیدا ڕۆڵێکی هەرە بەرزە، لە ڕاستیدا ڕۆڵی ژنی کورد نەک تەنها من ئەیڵێم بەڵکو لە جیهاندا ڕەنگی داوەتەوە و خۆی سەلماندووە، سەبارەت بە ژنی کورد کە بە فکری عەبدوڵڵا ئۆجالان کار دەکات بە تایبەتی لە ڕۆژئاوا، منیش ئاشنایەتیم هەیە لەگەڵ ئەو ڕێکخستن و هێزەی لە ڕۆژئاوا تێکۆشان دەکات، ئاشنایەتیم هەیە بەوەی کە سیستەمی هاوسەرۆکایەتی هەیە، فرەژنی ڕەتکراوەتەوە، یاسای یەکسانی ژن و پیاو پەیڕەو دەکرێت، ئەوان بەسەر ئەو ڕێگریانەدا زاڵ بوونە کە لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا دەبنە کۆسپ بەسەرماندا، بە ڕای من ژنی کورد لەناو ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئاستێکی تری هەیە.

# لە مارکسیزم و ناسیۆنالیزمەوە بۆ دیمۆکراسیی رادیکاڵ: سەنتێز (Synthesis)ی عەبدوڵڵا ئۆجالان بۆ سەدەی بیست و یەکەم




ئاندرێس پیەرانتۆنی گیوا
لە ئینگلیزییەوە: کەمال چۆمانی

دەستپێک:

ناوەکەی لە تورکیا زۆر ناسراوە، بەڵام وەک وەهمێک بۆ دونیای دەرەوە دەمێنێتەوە. ئەو پاڵەوانێکە بۆ زۆرێک لە کوردەکان و تاوانبارێکی تینو-بە-خوێنیش بۆ زۆربەی تورکەکان. عەبدوڵڵا ئۆجالان سەرکردەی پارتی کرێکارانی کوردستانە (پەکەکە). ئەو باداناوەیەکی دراماتیکی کرد کە لە نەوەدەکان دەستپێکرد، لە سەرکردەیەکی بەپاڵەوانکراوی پەکەکەوە بۆ روناکبیرێک کە بە شێوەیەکی سەرەکیی رەخنەی توندوتیژیی لە رابردوی خۆی گرت. ئۆجالان لە ئێستادا لە زیندانێکی تورکیە لە ئیمرالیی دادەنیشێ کە تێیدا سێ بەرگی نوسینەکانی زیندانی خۆی تێدا نەخشاند (ئۆجالان ٢٠٠٧، ٢٠٠١١، ٢٠١٢).

بۆ ماوەی نزیکەی ١٥ ساڵە ئەو لە گرتوخانەیەکی تورکیی وەک تاکە زیندانیی کە لەلایەن ١٥٠٠ کەسەوە پاسەوانیدەکرێت داندراوە. عەبدوڵڵا ئۆجالان کەسایەتییەکی تەنهایە، لە دورگەیەکی دووره دەستی تورکیا لە دەریای مەرمەرە دادەنیشێت. هەر بۆیە ئەو کاتێکی زۆری هەبووە بۆ دووبارە بیرکردنەوە لە ستراتیژەکانی خەباتی کوردیی بۆ مافەکان و سەربەخۆیی. ئەو بەخۆداچوونەوەیەکی کرد لەسەر مەسەلە سەرەکییەکان: تاکتیک و ستراتیژە توندوتیژە گەریلاییەکانی سروشتێکراو بە دیدی مارکسیستیی پەکەکە، سروشتی دەوڵەتیی تورکیی و بناغەکانی ئایدیۆلۆژیاکەی، دابەشبوون و پێکهاتە دەرەبەگایەتییەکەی کورد، مێژووی شارستانییەت و مۆدێلە نوێیەکان بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد و کێشەکانی مرۆڤایەتی.

نوێگەرایی ئۆجالان نزیکبوونەوە مێژوییەکەیەتی لە شارستانییەتەکانی کورد و زیاتر فراوانتریش هی رۆژهەڵاتی



ناوەڕاست. ئەو لێکۆڵینەوەیە تەفسیرێکی گرامشییانە پێشدەخات لەسەر بنەمای نوسینەکانی دوای دەستگیرکردنی لەلایەن دەوڵەتی تورکییەوە، بەتایبەتی نەخشە رێ، بەڵام ئەو دیدە پێشدەخات کە سەرکردەی پەکەکە هەڵوێستێکی زیاتر رادیکاڵیی "خۆبەڕێوەبەری دیمۆکراتیک"ی گرتۆتەوە و جێگەی سەرکردەی کۆمەنیستیی ئیتاڵیی گرتۆتەوە.

ئەنتۆنیۆ گرامشی لە ساڵی ١٨٩١ لە ئالیس، ساردینیا (ئیتاڵیا) لەدایکبووە. ئەو تیۆریستی سیاسیی و سەرکردەی پێشوی پارتیی کۆمەنیستیی ئیتاڵیی بووە. ئەو وەک پاڵەوانێک بوو بۆ مارکسیستەکان لە ئیتاڵیا و جیهاندا بۆ ئەو بەرگرییەی کە ، دژی حوکمی فاشیستیی بێنیتۆ مۆسۆلۆنی بەڕێوەیدەبرد، گرامشی نوسینەکانی زیندانی لە زیندان نوسین و لە نەخۆشخانەیەکی حکومەتیی لە رۆما لە ساڵی ١٩٣٧ کۆچی دوایی کرد (Gramsci, ١٩٧١, ١٩٩٢, ١٩٩٦, ٢٠٠٧). . هەوڵدەدەم ئەنتۆنیۆ گرامشی بەگەڕبخەم بۆئەوەی یارمەتیمان بدات لە گۆڕانە کەلتوری و شارستانییەکان تێبگەین کە رێ بە بواری سیاسیی دەدات بۆ سەنتێزی (Synthesis) ئایدیۆلۆژیی. (Gramsci, ١٩٧١, pp. ٤٤٥; ٥٠٦-٥٠٧).

دوا-بە-دوای گرامشی، نوسینەکانی ئۆجالان بەکاردێنم بۆ جەختکردنەوە لەسەر رۆڵی روناکبیران لەسەر مێژوو. بیری روناکبیران دەورێکی هەرە سەرەکیی دەبینن لە شێوەدان بە مێژوو و بەدیهێنانی کۆدەنگیی لەناو خەڵک و کۆمەڵگای مەدەنییدا

لەپێنـاو یـان دژی چوارچێوەیەکـی ئایدیۆلۆژیـی فەرمانـڕەوا.
 روناکبیـر کەسـێکە کـە ئیشـی بەرهەمهێنـان و بڵاوکردنـەوەی فیکـرە. ئەنتۆنیـۆ گرامشـی (١٩٧١, pp. ١٣١-١٣٣) جیـاوازی دەکات لەنێـوان روناکبیـرە "ئۆرگانیـک" و "نەریتی"یـەکان، گرامشـی روناکبیـری ئۆرگانیـک بـە چینێکـی تایبەتـی کۆمەڵایەتیـی دەبەسـتێتەوە (بـۆرژوازی یـان پرۆلیتاریا) و روناکبیـری نەریتیـی دەبەسـتێتەوە بـە ڕێکخسـتنی کۆنـتری کۆمەڵایەتیی-ئابوریـی و "پـڕۆژەی هەژمۆنیـی". ئۆجـالان نـە ئاژانێکـی بۆرژوازییـە و نـە ئاژانێکـی پرۆلۆیتاریـا لـە دیدێکـی دۆگـمای مارکسیسـتییەوە لەبەرئـەوەی ئـەو ڕەخنـەی لـە دۆگماتیزمـی تاک-حیزبیـی وڵاتـە کۆمەنیسـتەکان و ئەقڵییەتـی تەسـکی سۆسـیالیزمی رابـردوی پەکەکـە گرتـووە. کەواتـە، بـۆ نموونـە، لـە نووسـینەکانی زینداندا (٢٠٠٧, pp. ٢٣٤-٢٣٦) ئۆجـالان رایدەگەیەنێت کـە بزووتنـەوە رزگاریخـوازە ناسیۆنالیسـتەکان و سۆسیالیسـتەکان "توندوتیـژی لـە رادە بەدەریـان بەکارهێنـا"؛ دەوڵەتـی کۆمەنیسـتی تاک-حیزبـی "ئامرازێکـی تونـد بـوو بـۆ چەسـپاندنی تێگەییشـتنی تۆتالیتاریـان لـە حکومـەت:؛ دروشـمی "دیکتاتۆریەتـی پرۆلیتاریـا" بـە ڕێژەیەکـی زۆر "بـۆ مەبەسـتی بانگەشـە کـەوت ژێـر کاریگەریـی" و بـە دڵنیایـی "هیـچ سۆسـیالیزمێک بـێ دیموکراسـیی نابێـت."

کاریگەرییـە تیۆرییەکانـی ئۆجـالان هەمەجـۆرن. تیـۆری دیمۆکراتیـک، ئیکۆلۆژیـی ئەنارکیسـتی مـوڕای بوکچیـن، ئیمانوێـل وۆڵەرشـتین، چەپی نـوێ، تیـۆری فێمینیسـت، مارکـس و هیـگڵ کاریـان لـە فیکـری ئۆجـالان کـردوە. بۆیـە، بـۆ نموونـە، جەختکردنـەوەی ئۆجـالان لـەو چەند سـاڵەی دوایـی لەسـەر کۆنفیدرالیزمـی دیموکراتیـک و خۆبەڕێوەبـەری دیموکراتیـک لەودیـوی دەوڵـەت کارتێکـراوە بـە ئیکۆلۆژیـی ئەنارکیسـتی مـوڕای بوکچیـن (Akkaya and Jongerden, ٢٠١٣). ئامانجـی مۆدێلێکـی نوێـی شارسـتانییەتە کـە تێیـدا "شارسـتانییەتی دیموکراتیـک" دەبێتـە یەکێـک لـە پێکهاتەکانـی سـەرهەڵدانی سینتەسـیزی شارسـتانییەتی گەردونیـی.

ئۆجـالان "دیموکراسـیی سـەردەم" و ڕێبـازە فیدرالیستەکان پەسـەند دەکات، لەکاتێکـدا ئـارەزووی سینتەسـیزییەکی نوێـی مێژوویـی شارسـتانییەتەکانی جیهـان دەکات (٢٠٠٧, pp. ٢٥٥-٢٥٦). ئۆجـالان دەڵێـت کـە "دیموکراسـیی خەڵـک" لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ئەگـەر باڵاتـر نەبێـت لـە دیموکراسـیی ڕۆژئـاوا ئـەوا هەرەسـدەهێنێت (٢٠٠٧, ٢٣٧.p). ئـەو دڵنیاکردنەوەیـە تۆخـە جەختکردنـەوەی فیکـری هیگڵییـە کـە مێـژوو بڵاودەبێتـەوە بـەرەو جیهـان، شارسـتانییەت پێشـدەکەوێت و ئـەوەی کـە "دیموکراسـیی سـەردەم" باڵاتریـن دەربڕینـی ئـەو پێشـکەوتنەیە. ئەگـەر سینتەسـیزێکی نوێـی شارسـتانییەت دەربکەوێت، ئۆجـالان سـوورە لەسـەر ئـەوەی کـە ئـەوە دەبێـت لەسـەر بنەمـای پێشـکەوتنی راسـتەقینەی گەشـەکردنی مێـژوو وەک دەرەنجامـی سـەرهەڵدانی "شارسـتانییەتی دیموکراتیـک": تاکگەرایـی، حوکمـی قانـون، حکومـی خەڵـک، سـێکیولاریزم و مافەکانـی ژنـان بنیاتبنرێـت.

## ئۆجالان بیرۆکەی "شەڕی هەڵوێست"ی گرامشیی پێشخست یان ناوەندێتیی سیاسەت لە خەباتی ئایدیۆلۆژییدا

### * بەیەکبەستنەوەی گرامشی و ئۆجالان:

مـن نوسـینەکانی گرامشـی لـە زینـدان بەکاردەهێنـم، نموونەکـەی و دونیابینییـە تیۆرییەکانـی بۆئـەوەی گواسـتنەوەی فیکـری ئۆجـالان روونبکەمـەوە. زیـاد لـەوەش، مـن پێشـنیازدەکەم کـە ناوەڕۆکـی ‹نەخشـە رێ›ی ئۆجـالان ڕێگایەک پێشـکەش بـە کورد، تـورک و گەلانی دیکـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دەکات بـۆ رزگاربـوون لـە بازنـە تاریکەکانـی ئۆتۆریتاریانیزم(تاکڕەویی)، ناسیۆنالیزمی ڕەخنەنەکراو و سـڕینەوەی چەسـپاو.

زیـاد بـۆ ئەمـەش، مـن دەڵێـم کـە ‹نەخشـە رێ› دەقێکـە بەسـتراوە بـە مێتاپۆلیتکـەڵ ڤۆکێیشـنی گرامشـیی کـە لێـرە بـەو مانایـە بەکاردێـت: (١) روناکبیـران تەداخولـی راسـتەوخۆ و چالاکەکانـی پارلەمانیـی ڕەتدەکەنـەوە و وزەی خۆیـان زیاتـر لـە گۆڕینـی عەقـڵ و دڵەکان(خواسـتەکان) و "سەرخسـتن"ی کۆمەڵـگای مەدەنیـی سـەرفدەکەن؛ (٢) چەسـپاندنی ئـەوەی رۆبێـر نۆزیـک (١٩٧٤ in Zaibert, ٢٠٠٤, p. ١١٣) دەیگـوت "پرسـیاری بنەڕەتیـی و فەلسـەفەی سیاسـیی، یەکێکـن لـەوەی کـە دەبێـت پێشـی پرسـیارەکانی دەربـارەی چۆنییەتـی ڕێکخسـتنی دەوڵـەت بخرێـن." و (٣) جۆرێـک لـە سیاسـەتی خاکی"موتەوازیـع" کـە هەڵاتـن نییـە لـە سیاسـەت، بەڵکـو بەردەوامیدانـی "شـەڕ"ە لەڕێـی هۆکارەکانـی "ناتوندوتیژی"یـەوە (Bar-On, ٢٠١٣, ٣.p) بۆئـەوەی خـۆی دوربگرێـت لـە سـتراتیژە بۆلشـەڤی و فاشیسـتەکانی "روخسـاری تاوانبارانـەی دەوڵـەت،" ئۆجـالان بیرۆکـەی "شـەڕی هەڵوێسـت"ی گرامشـیی پێشخسـت یـان

ناوەندێتیی سیاسەت لە خەباتی ئایدیۆلۆژییدا (Bar-On, ٢٠١٣, p. ٣).

## تێگەیشتنی ئۆجالان بۆ "جەنگی هەڵوێست" بەڕاستی

گرامشی (١٩٧١, p. ٤٨١) دەستنیشانیدەکات کە خەباتی سیاسیی "زۆر زۆر ئاڵۆزترە"لە جەنگ لەبەرئەوەی هەردو یەکەی سازان و هێزی تێدایە. زیاتر لەمەش، گرامشی (١٩٧١, pp. ٤٧٩-٤٨٠) سووره لەسەر ئەوەی کە "تا چەندە جەماوەر ناسیاسیی بێت، ئەوەندەش ناشەرعییەت لەلایەن هێزەکانەوە پێشدەخرێت"، یان بەپێچەوانەوە "تا چەندە هێزی رێکخراوی سیاسیی و هێزی تێگەیشتو وهۆشیار گەورەتر بن، ئەوەندەش پێویستە شەرعییەتی دەوڵەت ‹داپۆشن›." گرامشی (١٩٧١, p. ٤٨١) دەستنیشاندەکات کە "سێ فۆڕمی جەنگ" هەبوون، جەنگی بزووتنەوە، جەنگی هەڵوێست، و جەنگی ژێرزەمینیی. ئەو روونیدەکاتەوە کە بەرگریی پاسیڤی گاندیی "جەنگی هەڵوێستە کە لە زۆر دۆخدا دەبێتە جەنگی بزووتنەوە، و لە هەندێ دۆخیشدا دەبێتە جەنگی ژێرزەمینیی. (Gramsci, ١٩٧١, p.٤٨١) ئەو جەختدەکاتەوە کە بایکۆتەکانی گاندی دەکەونە ژێرە رشتەی جەنگی هەڵوێست، مانگرتنەکان جۆرێکن لە جەنگی بزووتنەوە و ئامادەکاریی نهێنیی چەک و هێزی هێرشبەر وەک خەباتی ژێرزەمینیی دادەنرێن.

تێگەیشتنی ئۆجالان بۆ "جەنگی هەڵوێست" بەڕاستی گۆڕاوە لەوەتی دەستگیرکراوە لەلایەن دەوڵەتی تورکییەوە. بانگی ئۆجالان بۆ بڵاوکردنەوەی گەردوونیی شارستانییەتی دیمۆکراتیک، رەخنەکردنی ناسیۆنالیزمی تەنگ و دۆگماتیکی مارکسیزم و رەتکردنەوەی بەکارهێنانی توندوتیژیی پێویستە لە کۆنتێکستی ئەو گۆڕانە گەردوونیانەوە ببینرێت. پرۆسێسی"هەڵگەڕانەوە"ی ئۆجالان پێویستە پەیوەست بەهێزە دەرەکییەکان و رەنگدانەوەی لێوردبونەوە وتێفکرینە ناوخۆییەکان لە ئەزمونی زیندانەوە شیبکرێتەوە (Bar-On, ٢٠٠٩, p. ٢٥٨). ئەوەی ئۆجالان هاوبەشە تێیدا لەگەڵ تێڕوانینی هیگڵی و مارکسیستی ئەوەیە کە مێژوو گەشەدەکات بەرەو زیاتر ئەقڵانییەت و رۆحانییەتی باڵاتر، کۆمەڵایەتیی و ئابوریی، یان چوارچێوە سیاسییەکان لەسەر بازنەیەکی گەردونیی.

وەک گرامشی، ئۆجالان تێروانینێکی کەمتر دۆگماتیک بۆ مێژوو دادەنێت کە تێیدا "هیچ کۆتاییەک بۆ مێژوو نییە" (Fukuyama, ١٩٨٩, p. ٣-١٨) و خەباتی سیاسیی بەکراوەیی دەمێنێتەوە و ئامادەیە بۆ گۆڕان و جوڵەی بەردەوام. ئەو هەروەها، وەک گرامشی، پشتیوانێکی گرنگی سەرکەوتنی کۆمەڵگەی مەدەنییە، چونکە لەوێ دایە چالاکیی شۆڕشگێرانە دەبێت ئاراستەی جیهانی ئێستا بکرێت. بۆ ئۆجالان، کۆمەڵگەی مەدەنیی "ئامرازی خۆگونجانە دیمۆکراتیکەکان دادەڕێژێت – کە دەرگا دەکاتەوە بۆ پێشڤەچوونەکان کە تا ئێستا مەحاڵ بوون." (Öcalan, ٢٠٠٧, p. ٢٢٧). لە روانگەی کەلتورەوەیە، کە میدیا، ئینتەرنێت، سیستەمی پەروەردە و هۆشیاری جەماوەریی دەگرێتەوە، کە ئۆجالان هیوادەخوازێت خەڵکی کورد بەرەو "زەوی پەیماندراو" بۆ ئازادیی بات بە جۆرێک کە لە خەباتی چەکدارییدا مەحاڵ بوو.

بانگی ئۆجالان بۆ ئاگربەست لە ئیمڕالییەوە لە بەهاری ٢٠١٣دا بەردەوامیدان بوو بەو باوەڕییەی خۆی کە دەتوانێت گۆڕانی رادیکاڵ دروستبکات لەڕێی کۆمەڵگای مەدەنیی و "جەنگی هەڵوێست". هێشتاش، وەک گرامشی، بژاردەی هێزی چەکداریی بەتەواویی لەسەر مێزەکان لانەبردراوە(بوونی هەیە). بەکارهێنانی هێزی چەکداریی لەلایەن پەکەکەوە پشتدەبەستێت بەوەی ئاخۆ تا چەند دەوڵەتی تورکیی پەیوەست دەبێت بە جێبەجێکردنی ئەو نەخشە رێیەی لەسەری رێککەوتون و چەندە رێز لە ئازادییە کەسییەکان دەگرێت وەک ئازادیی رادەربڕین و یەکسانیی و چەندە مافە گشتییەکانی کورد دەستەبەردەکات وەک مافە قانونیی، زمانەوانیی، پەروەردەیی و پەخشکردنەکان.

ئۆجالان (٢٠٠٨) دەڵێت کە سەربەخۆیی دەوڵەت پێشمەرجییەکی پێویست نییە بۆ رێزگرتن لە مافە کەلتوریی و زمانەوانییەکان: "مافی یەکسان لەناو تورکیایەکی دیمۆکراتدا" دروشمە. وەک ئۆجالان (٢٠٠٨: ٣٩) نوسیویەتی: "من چارەسەرییەکی سادە پێشکەشی کۆمەڵگەی تورکیی دەکەم. ئێمە داوای نەتەوەیەکی دیمۆکراتیک دەکەین. ئێمە دژ بە یەکێتیی دەوڵەت و کۆمار نین. ئێمە کۆمار و یەکێتیی پێکهاتەکان و سێکیولاریزمی قبوڵدەکەین.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە بڕوامان وایە کە پێویستە دووبارە پێناسەی دەوڵەت بکرێتەوە وەک دەوڵەتێکی دیمۆکراتیک کە ڕێز لە گەلان، کەلتور و مافەکانیان دەگرێت."

ئەوە بیربێنەوە کە "شەڕی هەڵوێست" گرامشیی عونسوڕەکانی ناتوندوتیژیی وەک بایکۆت لەخۆدەگرێت، هەروەک چۆن بەکارهێنانی هێز دەکرێت بژاردەیەک بێت لەڕێی "شەڕی ژێرزەمینیی."

**شیکردنەوەی نوسینەکانی زیندان ٣: نەخشە ڕێگاکە**

من دەڵێم ‹نەخشە ڕێگا›کە تەواو دێتەوە لەگەڵ مێتاپۆلیتیکەڵ ڤۆکێیشنی گرامشیی، بەڵام ناوەڕۆکی دۆکیومێنتەکە (نەخشە ڕێگاکە) پێشنیازنامەی رادیکاڵترن لە فیکرەکانی سەرکردەی پێشوی پارتیی کۆمەنیستی ئیتاڵیی، ئەنتۆنیۆ گرامشیی.

لە بەشی یەکەمدا، چارەسەرییەکانی ئۆجالان بۆ پرسی کورد جەختکردنەوەی نیگەرانییەکانی پرۆتێستۆکەرانی وەکوو Occupy Wall Street (وۆڵ ستریت داگیربکە؛ بزووتنەوەیەکی نارەزایی بوو لە ٢٠٠٨ لە ئەمێریکا دوای داتەپینی ئابوریی سەریهەڵدا-وەرگێڕ) بزووتنەوەی ئیندیگنادۆس لە ئیسپانیا و پورتوگال، نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی دژ بە حکومەت لە یۆنان و بەهاری عەرەبییە لەڕوی ویستی خەڵک بۆ دیمۆکراسیی راستەوخۆ نەک دیمۆکراسیی نوێنەرایەتیکردن، رەخنەگرتن لە نارێکیی دەستەڵاتی پارە لە پرۆسێسی سیاسییدا، و رادیکاڵتریش داواکاریی بۆ دیمۆکراتیزەکردنی کۆمەڵگا بە رۆییشتن تا "ئەودیوی سنووری پرۆژە مۆدێرنیستەکانی زوو" و ئینجا کۆتاییهێنان بە دابەشکاریی نێوان حوکمڕان و حوکمکراو (Gill, ٢٠٠٨, ٢٤٥.p). لەکاتێکدا گرامشی و ئۆجالان جارێک حیزبی کۆمەنیستیان وەک ئاژانێکی سەرەکیی خەباتی دژە-هێجەمۆنیی دەبینی، ئەمڕۆ ئۆجالان پەیامهێنی دیمۆکراسییەکی رادیکاڵتر و جەماوەریترە کە تەحەدای نوخبە چەپگەرە دۆگماتیک و دەوڵەتەکان دەبێتەوە. ئۆجالان پارێزەر/قسەکەرێکی "ئۆتۆنۆمیی دیمۆکراتیک"ە کە فۆرمێکی دیمۆکراسییە کە وڵاتییان لە کۆمەڵگای مەدەنیی وەک خاڵی دەستپێکردن بە بنەما دەگرێت؛ هەڵبژاردنەکان وەک سەنتەری دیمۆکراسیی تێدەپەڕێنێت و رووبەڕووی نوێنەرەکان دەبێتەوە وەک ئاژانە سەرەکییەکانی پرۆسەی دیمۆکراتیک (بۆ نموونە، سەرکردەکان، سیاسەتمەدارەکان، بەرپرسانی دەوڵەت، هتد...)

وەک پشتیوانێکی "ئۆتۆنۆمیی دیمۆکراتیک،" ئۆجالان رای وایە کە کۆمەڵگای مەدەنی (کەمایەتییەکان، گروپە کەلتورییەکان، جڤاکە دینییەکان و هتد..ش) و فۆڕمەکانی دیمۆکراسیی راستەوخو وەک ئاژانە سەرەکییەکانی دیمۆکراسی و گۆڕانی کۆمەڵایەتیی، شوێنی نوخبەی "نوێنەرە" سیاسییەکان دەگرنەوە. (Öcalan ٢٠٠٨, p. ٣٢) لەکاتێکدا ئامانجی پەکەکە لە رابردودا "خەباتی رزگاریی نەتەوەیی بوو" بە مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان لە تورکیا، ئامانجەکەی لە ئەمڕۆدا پرۆژەیەکی "دیمۆکراسیی رادیکاڵ"ە. لە هەوڵەکانیدا بۆ تێپەڕاندنی مارکسیزمی نەزۆک و دۆگماتیک، ئۆجالان بەدوای بیرکردنەوەی پراکتیزە دیمۆکراسییەکان و بەپراکتیزەکردنی دیموکراسییە لەدەرەوەی دەوڵەت، پەکەکە (حیزبەکە یان بزوتنەوەکە)، وجەختکردنەوەی چینایەتیی تەسکدا گەڕا(Akkaya and Jongerden, ٢٠١٣) . ئەم "دیمۆکراسیی رادیکاڵ"ە تەنها هەوڵنادات خەبات بکات دژی دامەزراوە سیاسییە هەبووەکان و بیری چەپگەری کۆن، بەڵکو ئەلتەرناتیڤێك/بەدیلێکیش پێشکەشدەکات بۆ پرۆژەی نیۆ-لیبراڵ کە شارستانییەتی بازاڕ بەخێرایی جێگەی دیمۆکراسیی دەگرێتەوە. پرۆژەی "دیمۆکراسیی رادیکاڵ" تەنها پەکەکە ناگۆڕێت، بەڵکو کاریگەریی دەکاتە سەر بزوتنەوە رادیکاڵ، چەپگەری سۆشیاڵ و سیاسییەکانیش، لە "بزوتنەوەی رزگاریخوازی"ی ئەمریکای لاتینەوە بۆ خۆپیشاندانەکانی دژی جیهانگیریی (گلۆبالیزێیشن) لە باکوری ئەمریکا و ئەوروپا (Akkaya and Jongerden, ٢٠١٣).

ئۆجالان پەیامهێنی دیمۆکراسییەکی رادیکاڵتر و جەماوەریترە کە تەحەدای نوخبە چەپگەرە دۆگماتیک و دەوڵەتەکان دەبێتەوە

لە بەشی دووەمدا، ئۆجالان چەمکە سەرەکییەکانی، چوارچێوەی ثیۆری و رێبازەکانی خۆی دەخاتەڕوو کە وا دەدەردەکەوێت دەتوانن تورکیا و بەفراوانییش رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیمۆکراتیزە بکەن.

وەک گرامشی، ئۆجالان لە چەرخێکی تردا، جیهانی دۆگماتیکی

مارکسیزمی جێهێشتوە. ئەو دەڵێ کە دیموکراتیزەکردن تەنها "دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا" یان جەنگی چینایەتیی نییە، بەڵکو پاراستنی ئازادیی را دەربرین و ئازادیی هەمو تاکەکانە، بێ ڕەچاوکردنی بژاردەی چین، کەلتور، زمان، ئێتنیسیتی، یان باوەڕ (Öcalan, ٢٠١٢, p. ٢٠). زیاتریش، لە کاتێکدا ئەو سوورە کە کێشەی کورد دەتوانرێت لە چوارچێوەی تورکیایەکی کۆماریی سێکیولار چارەسەربکرێت، ئۆجالان ئەو فیکرەیە ڕەتدەکاتەوە کە بتوانرێت پرسی کورد لەڕێی پرۆژەی نەتەوە-دەوڵەتەوە چارەسەربکرێت (Öcalan, ٢٠١٢, p. ٢٠).

## لە دیدی ئۆجالاندا پشێوییەکی ئانارکیستیش هەیە بە ڕەخنەگرتن لە دەستەڵاتی دەوڵەت

بۆ ئۆجالان، نەتەوە-دەوڵەت نوێنەرایەتیی هۆمۆجینێیزێیشن [بەهاونەژادکردن]، ئیەسیمیلێیشن [سڕینەوەی نەژادیی] و لە خراپترین دۆخدا جینۆساید دەکات. ئۆجالان (٢٠١٢, p. ٢١) داکۆکیدەکات لەوەی کە تورکیا دەتوانێت ببێتە "نەتەوەی نەتەوەکان: ئەو زۆر دڵنیایە لەوەی کە کۆمافەکانی کورد یان تورک پێویستە هاوسەنگبکرێن لەگەڵ ڕێزگرتن لە مافە تاکییەکان. ڕێبازی چارەسەریی دیموکراتیک هەوڵدەدات بۆ دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای مەدەنیی، لەکاتێکدا کۆمەڵگای مەدەنیی ئامانجی نییە دەوڵەت برووخێنێت (Öcalan, ٢٠١٢, p. ٣٠). چارەسەریی دیموکراتیک لە لە هێزەکانی کۆمەڵگای مەدەنییەوە هەڵدەقوڵێت زیاتر لەوەی دەوڵەت ، ئەندازیاری بێت. چارەسەریی دیموکراتیک دەگەڕێت بەدوای پاراستنی کۆمەڵگەی مەدەنییدا؛ بەدەستوور دەزگا دیموکراسییەکان دەپارێزێت، و بوونی دەوڵەت ڕەتناکاتەوە. جەختکردنەوەی ئۆجالان لەسەر کۆمەڵگای مەدەنیی وەک داینەمۆ سەرەکیی گۆڕانی مێژوویی لە گرامشییدا دەنگدەداتەوە، بەڵام هەروەها ڕۆزانڤاڵۆن و داڕێژەرەکانی فۆڕمەکانی دیموکراسیی ڕاستەوخۆی دیکەش. تەنانەت لە دیدی ئۆجالاندا پشێوییەکی ئانارکیستیش هەیە بە ڕەخنەگرتن لە دەستەڵاتی دەوڵەت و، بیرۆکراسییەکان و مارکسیستی دۆگماتیک و ویستی بەشداریی دیموکراسیی لە خوارەوە-بتیەوۆ-سەرەوە.

ئۆجالان دەڵێت هیچ چارەسەرییەکی سیاسیی ئەنجامی نابێت بەبێ هاوسەنگیی مافە گشتییەکان (دەوڵەت، کۆمەڵگای مەدەنیی، کورد، هتد...) و مافە تاکییەکان. لە تۆنێکی گرامشییانەدا، ئۆجالان (٢٠١٢, p. ٣١)دەڵێت کە "ئایدیۆلۆژیای هێجەمۆنی"ی کە ئەو بە "مۆدێرنیتەی سەرمایەداری"ی و "پۆزیتیڤیزم" ناوی دەنێت پێویستە تێپەڕێندرێن. لەو ڕووەوە، کۆمەڵگای مەدەنی دەورێکی جەوهەریی دەبینێت لە کەمبایەخکردنی ئایدۆلۆژیی هێجەمۆنیی دەوڵەتگەرا و سەرمایەداری-دۆست.

ڕێبازی ئەخلاقی و ویژدانیی دانەبڕاوە لە گرنگیی دین و ئەخلاق لە دیموکراسیی بڕیار دروستکردن. هۆکاری مەعنەویی و چارەسەرییە کارگێڕییە دەوڵەتییەکان بەتەنها کێشەکان قوڵتردەکەنەوە، یان لە خراپترین دۆخدا بەرەو ئاراستەی جینۆساید دەیانبەن (Öcalan, ٢٠١٢, pp. ٣٣-٣٤). لێرەدا ئۆجالان بەڕاستەوخۆیی ڕێز بۆ ‹دایەلێکتیکی ڕۆشنگەریی"ی(١٩٤٤) ثیۆدۆر ئەدۆڕنۆ و ماکس هۆرکهایمەر (٢٠٠٢) نیشاندەدات. ئەدۆڕنۆ و هۆڕکهایمەر پێیان وایە مۆدێرنیتە پرۆسەیەکی دایەلێکتیک بوو، پێکدێت لە هەردو پێشکەوتنە کەلتوریی و بەربەرییەکان. بۆ ئەدۆڕنۆ و هۆڕکهایمەر، ڕۆشنگەریی مۆدێرن هەوڵدەدات بۆ وەستانەوە دژ بە خوڕافیات بە عەقڵ بو بە "میثۆلۆجی-زانستی خوڕافیات"ی جیهانێکی مۆدێرن کە تەنراوە بە "عەقڵی ئامرازیی". لەو تێڕوانینەوە، دڵڕەقییەکانی هۆلۆکۆست دەتواندرێت وا تەفسیربکرێن کە تەنها بەردەوامبوونی پرۆژەی مۆدێرنیتە بوو لەوپەڕی توندوتیژی، باوەڕی یۆتۆپیی لە "عەقڵی ئامرازی"ی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیی. بۆ ئۆجالان، "مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی" پرۆسەی دژبەیەکی پێشکەوتوو و بەربەرییەت لەخۆدەگرێت کە کۆنەپارێزیی و دەرەبەگایەتیی کورد دەتوانرێت تێپەڕێندرێن و هێشتاش پێکهاتە نوێیەکانی پاوانخوازیی بەسەردا سەپێندراون لەڕێی بڵاوبونەوەی سەرمایەداریی گەردونیی.
لە بەشی چوارەمدا، ئۆجالان بەردەوامدەبێت و دەڵێت کە ئەو لە دەوڵەتی تورکیا و دەستبەسەرکردنی فێربوە. بۆ ئۆجالان، خەباتی چەکداریی وەک "شەڕێک بۆ هەقیقەت" پێناسەدەکرێت (Öcalan, ٢٠١٢, p.٧٨). گەلۆ گرامشییش لە زیندانەوە فێرنەبو لەڕێی نوسینەکان و دوبارە بیرکردنەوەی لە ستراتیژییەکان بۆ تێکشکاندنی سەرمایەداریی؟ "هەقیقەت"کە خەباتی چەکداریی دەریخست ئەوە نییە کە کوردان دەوڵەتێکیان پێویستە (لەبەرئەوەی ئەو دەوڵەتە لەوانەیە جێی دەوڵەتی ئەسیمیلێیشنیست - سڕەوە-ی دەوڵەتی

تورکیـی بگرێتـەوە)، بەڵکـو زیاتـر "هەقیقەت"ەکـە بـۆ سـەلماندنی "بوونـی کـورد"ە (Öcalan, ٢٠١٢, p. ٧٨). پەکەکـە ئەمـڕۆ زیاتـر موهتەمـە بـە دۆزینـەوەی چارەسـەرێکی دیمۆکراتیـک لەنـاو تورکیـا دا زیاتـر لـە خەباتـی چەکداریـی، وەدەسـتهێنانی نەتەوە-دەوڵـەت یـان سۆشـیالیزم. لـەو بـارەدا، ئۆجـالان پەیوەسـتیی گرامشـیی بـۆ پارتیـی کۆمەنیسـتیی ئیتاڵیـی تێپەڕانـدوە.

خوێندنەوەیەکـی گرامشییانە بـۆ ‹نەخشـە رێ›ی ئۆجـالان رێمانـدەدات کـە ببینیـن چـۆن گۆڕانکارییـان لـە عەقڵییەتـەکان و کۆمەڵـگای مەدەنـی سـەرەتایەکان بـۆ گۆڕانـی سیاسـیی شۆڕشـگێڕیی. گرامشـیی جەخـت لەسـەر رۆڵـی فیکـرە هێجەمۆنیـک و دژە-هێجەمۆنیـکەکان لـە کۆمەڵـگای مەدەنییـدا دەکاتـەوە نـەوەک دەزگا داپڵۆسـێنەرەکانی دەوڵـەت لـە مانـەوەی دیموکراسـییە لیبراڵـە سـەرمایەدارییەکان. ئۆجـالان بـڕوای وایـە کـە بـۆ یەکـەم جـار ململانێـی تورکیـی-کوردیـی دەتواندرێـت لەڕێـی گفتوگـۆوە چارەسـەربکرێت بـێ بەکارهێنانـی چـەک. ئـەم هەڵوێستە بەهێزکـرا دوای دەسـتگیرکردنی عەبدوڵـڵا ئۆجـالان لـە ١٩٩٩، بـەڵام بنەڕەتەکانـی ئـەو هەڵوێسـت و وەرگەڕانـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەرەتای ١٩٩٠ەکان کاتێـک ئۆجـالان "ئۆتۆنۆمیـی دیمۆکراتیـک"ی پێشخست. بانگەشـەی ئـەو ئەوەیـە کـە "شارسـتانییەتی دیمۆکراتیـک" بەتـەواوی جیهانـدا بڵاودەبێتـەوە و ئەمـەش یارمەتیـی کـورد دەدات لـە خەباتیـان بـۆ مافەکانیـان.

ئـەوەی کـە زۆر جێگـەی سـەرنجە لـە ‹نەخشـە رێ"ی ئۆجـالان ئەوەیـە کـە ئـەو دەوڵەتـی تورکیـی وەک چوارچێـوەی چارەسـەرکردنی "پرسـی کـورد" پێشکەشـکردوە. ئۆجـالان وەک ئاشتی-دروسـتکەرێک لـەو مـژارە نزیکدەبێتـەوە. ئەمـە بازدانێکـی گەورەیـە بـۆ کەسـێک کـە رۆژانێـک لەگـەڵ چەکـدا دەژیا. ئیمرالیـی دەنکـە حەبێکـی تاڵـە بـۆ ئۆجـالان تـا قوتیبـدات، بـەڵام وا دەردەکەوێـت ئیمرالیـی ئۆجالانـی لـە کەسـێکی بەپاڵەوانکـراوەوە کردۆتـە گرامشـییەکی راسـتەقینەی دونیـای ئەمـڕۆ.

ئۆجـالان نەوەیەکـی نوێـی روناکبیـری ئۆرگانیکـی "هێـزە پەراوێزخـراوەکان subaltern کـە یارمەتیـی کرێـکاران، جوتیـاران و گەلانـی رەسـەن indigenous دەدات تـا خۆیـان رێکبخـەن،" هەروەهـا ئـەو گرووپانـەی کـە تـا ئێسـتا لەنـاو کۆمەڵـگادا نکۆڵییـان لێکـراوە لـە ژنـان و کـورد لـە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت(Gill, ٢٠٠٨, p. ١٨٢). ئۆجـالان نوێنەرایەتیـی شـەپۆلێکی گەورەتـری بزوتنـەوەکان دەکات لـە چەرخـی نوێـدا، کـە لێکۆڵـەری گرامشـیی، سـتێفن جیـڵ پێیدەڵێـت "پاشـای پۆسـتمۆدێرن"، یـان "دەسـتەیەک لـە هێـزی سیاسـیی پێشـکەوتو لـە بزووتنـەوەدا." (Gill, ٢٠٠٨, p. ١٨٢) ئـەم بزووتنەوانـە، کـە زنجیرەیـەک بزووتنـەوە دەگرێتـەوە وەکـو بزووتنـەوەی گەلانـی رەسـەن لـە ئەمریـکای لاتیـن، وۆڵ سـتریت داگیربکـە، و هەندێـک عونسـوڕەکان لـە بەهـاری عەرەبیـی، فۆرمـی ئاژانسـی سیاسـیی زیاتـر داهێنەرانـە دادەڕێـژن، کـە دابەشـکردنی نێـوان حکومـڕان و حوکمکـراو دەخاتـە ژێـر پرسـیارەوە (Gill, ٢٠٠٨, p. ٢٣٧-٢٤٨). لـە کاتێکـدا گرنگیپێدانـی ئۆجـالان بـۆ گرنگیـی کۆمەڵـگای مەدەنیـی لـە گرامشـییدا رەنگدەداتـەوە، پێشـنیازەکانی وی لـە "نەخشـە رێ"دا بـۆ فۆڕمێکـی سیاسـەتی پلورالتر(فرەرەهەنـد)، لەخۆگـر و گونجـاو و نـەرم کـە جیهانگیریـی نیۆلیبراڵ، ناسـیۆنالیزمی دەوڵەتـی و پارتیـی کۆمەنیسـت رەتدەکاتـەوە و دەیگوازێتـەوە بـۆ فیکرەکانـی پاڵەوانـی ئیتاڵیـی کۆمەنیسـت.

## ئۆجالان "هەر بەتەنها وێنەی مەسەلەی کوردیی لەناو کۆماری تورکییدا نەخشاندوە

سـەرەڕای دەستبەسـەکردنی، ئۆجـالان "هـەر بەتەنهـا وێنـەی مەسـەلەی کوردیـی لەنـاو کۆمـاری تورکییـدا نەخشـاندوە." (Kiel, ٢٠١١, p. ١) هێشـتاش، پرۆپۆزەڵـە دیمۆکراتیـک رادیکاڵەکانـی بـۆ چارەسـەرکردنی "کێشـە"ی کوردیـی، ئەگـەر چارەسـەربکرێت، دەبێتـە هـۆی لەدەسـتدانی دەسـتەڵاتیش لە ئۆجـالان، پەکەکە و سـەرکردەکانی دەوڵـەت لـە تـەواوی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا. بـە باوەشـکردنەوەی ئۆجـالان بـۆ "ئۆتۆنۆمیـی دیمۆکراتیـک" لـە رێکخسـتنی لـە خـوارەوە-بۆ-سـەرەوە و رەتکردنـەوەی دۆگماتیزمـی حیزبەکـەی و دەوڵـەت، رونـە ئۆجـالان لـە گرامشـیی شۆڕشـگێڕترە.

سەرچاوەکان:

**http://networkaq.net/2015/speeches/tamir-bar-on_From-Marxism-and-nationalism-to-radical-democracy.html**

# قەیرانی سیاسی لەهەرێم، مێژوو و واقیع و چارەسەرییەکان



سامی عەبدولقادر ڕێکانی
لەعەرەبییەوە: شەماڵ حەسەن

کورتەیەک مێژووی بەپەلەی گۆڕانکارییە سیاسیەکان کە هەرێم پێیدا تێپەڕیوە پاش ڕووخانی یەکێتی سۆڤییەت، کاریگەری بەجێهێشتووە لەسەر ڕەوشی هەرێمی کوردستان، یەکێک لەو قۆناخانەی کە هەرێم پێیدا تێپەڕیوە ساڵی نەوەتەکان تا ١١ سێپتەمبەری ٢٠٠١ کەدەتوانین بەسەردەمی هاوسۆزی مرۆڤایەتی ناوی ببەین لەگەڵ پرسی کورد، کە ئەو قۆناخە بووە هۆی کەمبوونەوەی تەنگەژە لەکاری سیاسیدا، بەنەبوونی دیدگای ڕوون لەلایەن ئەمریکیەکانەوە دەربارەی داهاتووی کێشەی کورد لەستراتیژیەتی "بۆشی باوک و کلینتۆن"، بەشێک لەقۆناخی "بۆشی کوڕ" تا کەوتنی بەغداد، کە ئەمە بووە هۆی لەدایک بوونی قۆناخێکی پڕ تەنگەژە و تێکدراو لەکاری سیاسی لەهەرێم. قۆناخی ٢٠٠١ بۆ ٢٠١١ گرنگی پێدانی ئەمریکیەکان لەو قۆناخەدا بۆ کورد زیادبوو، بۆ بونیادنانەوەی عێراق دوای سەدام، ئەو گرنگی پێدانە بەردەوام بوو تا ٢٠٠١، کاتێک هەرێم بە قۆناخێکی ئەمنی تاڕادەیەک جێگر تێپەڕی، بەڵام خۆسەپاندنی لایەنە سیاسیەکان بەسەر جومگەکانی ژیان لەسەرووی هەموویانەوە دامودەزگا دەوڵەتیەکان ئەوە یارمەتیدەر بوو بۆ گرنگی پێدانی دەوڵەتەکان بەسەر هەرێم، کە هەرێم پێویستی بەو هاوکاریانە بوو، بەهۆی شڵەژانی نێودەوڵەتی و جەنگ لەگەڵ تیرۆر، گۆڕانکاری سیاسەتەکانی ئەمریکا لەناوچەکدا، ئەو قۆناخەش ناودەنرێت بە قۆناخی بەکارهێنانی دۆزی کورد لەلایەن دەوڵەتەکانەوە، قۆناخی ٢٠١١ بۆ ٢٠١٦ ئەو قۆناخە پێویستیە هەرێمی و نێودەوڵەتییە بوو کە هۆکاربوون گرنگی بەدۆزی کورد بدرێت، بەهۆی نەبوونی سەقامگیری سیاسی لەهەرێمدا، هەرێم جیاکرایەوە بەنەبوونی سەقامگیری سیاسی بەهۆی بەهاری عەرەبی ئەو گرنگی پێدانانە زیادبوو لەلایەن دەوڵەتەکانەوە بۆ هەرێم بەهۆی دژایەتی تایفەگەری و نەتەوایەتی لەسەر ئاستی هەرێمی لە سێگۆشەی عەرەب و تورک و ئێرانی، هەروەها لەسەر ئاستی دەوڵەتیش لەنێوان ئەمریکا و ئەوروپا و لایەنی ڕووسیش، دوای ئەو گۆڕانکاریانە واقیعی هەرێم بەم شێوانە باس دەکرێت:

ا- واقیعی ناوخۆی سیاسی و کاریگەری بەم گۆڕانکاریانە، بارودۆخی کوردی لەم قۆناخەدا بۆ ئەوشتەی کەناودەبرێت بەلەناوچوونی ناسنامە لەنێوان زۆرێک گفتوگۆکان، ناسنامەی واقیعی هەرێم لەناوچوونی لەنێوان ڕەوشی قانونی یاخود ئەو بارودۆخەی کە دەگوزەرێت، بەشێوەیەک ون بووە کە لەنێوان فیدراڵی و کۆنفیدراڵی و سەربەخۆی بەدوای دادەگرێت.

ب- ناسانی واقیعی ڕامیاری ناوخۆیی لەنێوان یاسایی هێز و هێزیی یاسادا.

ح- سنووری ئاگایی سیاسی و جێبەجێکردنیدا، لەنێوان بزربوونی هۆشیاری گوندنشینی یاخود شارستانی، بەهەردوو لایەنی عەلمانی و ئیسلامی. لەنێوان دەستوور و نادەستووری، لەنێوان گەیشتنی جوگرافی ناوخۆیی کەوا هەرێم پێوەدەناڵێنیت لەنێوان واقیع و قانون، لەنێوان خەونی هاتنەدی یەکریزی بۆتە قوربانی دروشم و ڕاگەیاندن و مزایدەی سیاسی، لەنێوان لەدەستدانی دیدگای ڕوونی ستراتیژی و ڕاستگۆ دەربارەی ئەم پرسە.

ج- لەدەستدانی ناسنامەی هەرێم لەنێوان لایەنگری حزبی و ناوچەگەریەتی، نەتەوەگەریەتی و نیشتیمانی، هەرێمی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی.

د- ونبوونی بنچینەی واقیعی بنەمای هەرێم بەهەموو لایەنەکانییەوە ڕۆیشتن لە ئاڵوگۆڕ لەدیکتاتۆری نۆرمی سۆسیالیستی لەماوەی سیستەمی حزبی بەعسی لەناوچوو بۆ ئاڵوگۆڕ بەرەو بونیادنانی دیموکراسی و

**لەسەر ئاستی هەرێمی و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەستێوەردانی دەرەکی زۆربووە**

چەسپاندنی شێوازی سەرمایەداری پاش ڕزگاربوون.

٢- بارودۆخی ڕامیاری دەرەکی کاریگەری لەسەر بارودۆخی ڕامیاری هەرێم و بارودۆخە سیاسیە دەرەکیەکە کاریگەربوو لەسەر هەرێم، بە ئاڵوگۆڕە دەرەکییەکان وایکردووە دۆزی کورد و هەرێم بۆتە ستراتیژێکی گرنگ بۆ بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتانەو لەوانەش:

ا- گرنگی ستراتیژی دۆزی کورد لەڕووی سیاسی و ئابووری و ئاینی و جوگرافی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و لەسەر ئەم ئاستانە : لەسەر ئاستی هەرێمی و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەستێوەردانی دەرەکی زۆربووە ئەوەش کاریکردۆتەوە سەر بارودۆخی واقیعی سیاسی، بەدەوڵەتکردنی دۆزی کورد و گرنگی ستراتیژییەکەی لەجەنگی داعش و لەگرنگی هەبوونیە بۆ ڕێکخستن و هاوسەنگ کردنی نەتەوەیی و ئاینی لەناوچەکدا، بۆ ڕێکخستنی بەرژەوەندی هەرێمی و نێودەوڵەتی، هەموو ئەمانە وایکردووە هەرێم بخاتە ناو هاوکێشە دەرەکیەکان، ئەمەش

کاریکردۆتـە سـەر واقیعـی سیاسـی.

ت- گرنگـی جیـۆ- سـەربازی و جیـۆ - ئابـووری و جیـۆ – نەتەوەیـی، بـۆ ڕێکخسـتنی واقیعـی جیـۆ- سـتراتیژی بـۆ ئـەم ئامانجـە نێوخۆیـی و نێودەوڵەتییـەکان.

پ- کاریگـەری درێژبوونـەوەی بارودۆخـی سیاسـی هەرێـم وە بەسـتنەوە بـەو واقیعـی کـورد لەگـەڵ ئـەو دەوڵەتانـەی کـەوا کـوردی تێیـدا دەژی، وەک سوریا و ئێران و تورکیا، پێچەوانـە بۆتـەوە لەسـەر پـرۆژەی سیاسی لەهەرێـم.

ج- پەیوەسـت کردنـی ئاستی سیاسی لەهەرێـم بەسروشتی ئـەو گـۆڕان و ئالوگۆڕیانـەی کەلەواقیعـی پەیوەنـدی نێـوان هەرێـم و دەوڵەتـان و ئاستی دژایەتـی کردنـی هەندێکیـان لـەدژی هەندێکیـان بەگەشـکردن و پێشخسـتنی میکانیزمـی ئالوگـۆڕە سیاسـییەکان بەشـێوەیەک هەمیشـە ڕەنگدەداتـەوە ئـەم گۆڕانکاریانـە لەسـەر سروشـتی پەیوەنـدی نێـوان پارتـەکان و لەسـەر پرۆسـەی سیاسـی لەهەرێـم.

چ- لەدەرئەنجامـی نێگەتیڤیەکانـی تـر لەکارتێکـەرە دەرەکییـەکان لەسـەر ڕەنگدانـەوەی سروشـتی گۆڕانکارییـەکان جێگیـر دەبێـت و گەشـەیەکی نـا سروشـتی دەبێـت بـۆ پرۆسـەی سیاسـی هەرێـم ، زۆرێـک دیـاردە و نەخـۆش ڕێخۆشـکەرن بـۆ پرۆسـەی سیاسـی ئەوانیـش بریتییـن لـە:

١- بڵاوکردنـەوەی گەندەڵـی و شـانازی پێوەکردنیـەوە و پارێزگاریکردنـی هەتـا دەبێتـە شـتێکی سروشـتی بەهـۆی سـەربازیکردنی کۆمەڵگـە، فەرزکردنـی ئینتـمای حزبـی بەسـەر ئینتیـمای نەتەوەیـی و نیشـتیمانی هەتـا درێژبوونـی ئـەو دیـاردە و داپۆشینی هەمـوو لایەنەکانـی ژیـان لەهەرێـم.

٢- لەناوچوونـی دادوەری کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و دادوەری دابـەش کردنـی هەڵـی کاری حکومـی و دامـەزراوەکان و پلەکانـی .

٣- بڵاوبوونـەوەی نەخۆشیە کۆمەڵایەتـی و ڕۆشـنبیری و دەروونـی لەخانـەدان و دەسـتگەرایی و دیاردەیـی حەزکـردن و نەرمـی نوانـدن و هەروەهـا درۆکـردن و فێڵکـردن، شـاردنەوەی ڕاسـتییەکان و دوو ڕوویـی ڕاگەیانـدن و فرۆشـتنی ویـژدان، لەپێـش هەموویانـەوە لەدەسـتدانی ئازادییـەکان، لەدەرئەنجامـدا کوشتنی لایەنـداری بـۆ کومەڵـگا و نەتـەوە و خـاک، دەرکەوتنـی تاکگەرایـی و گۆشـەگیری بەرژەوەندخـوازی و حزبایەتـی، هەڵقۆسـتنەوەی حـەزی دەرکەوتـن لەئەنجامـی بـێ ڕێزیانـە، لەدەرئەنجامـدا هەڵهاتـن بـەرەو دینـداری تاکەکەسـی و گۆشـەگیری یانیـش زۆر سـووربوون لەدابـڕان لەواقیـع کـە چارەسـەرییەکەی بۆتـە ئەسـتەم، بۆخۆشـی دەروونـی بەبەستنەوەشـی بەهەشـتی نزیـک لـە کۆتاییـدا پـاش نەمانـی لەسـەر زەوەی و دنیـا.

٤- بڵاوبوونـەوەی دیـاردەی تۆمەتبارکردنـی یەکـتری بەناپاکـی و بەکرێگیـراوی وەکـو پاکانەیـەک بۆ سـەرپێچیەکان و مامەڵە نابەرپرسیارەکان، حـەزی نەبوونـی ئـارەزووی نەرمـی نوانـدن بـۆ یەکـتری یـان بـۆ ویسـتی گـەل پەنابـردن بـۆ یاسای هێـز لەبـەری پەنابـردن بـۆ یاسـای دادوەریـی و ویسـتی گـەل، ئـەو دیاردەیـە بەڵگەیـە لەسـەر ئیفلاس بـوون و بەتـاڵ بوونـی هەرێـم لەهەریـەک لـە مەرجەعەکانـی یاسایی و دەسـتووری دیاریـدەکات لەژێـر ڕۆشـنایی ئـەو دەسـتوورە ڕکابەریـی سـەروەری یاسـا و ئـەو بنچینـە گشـتیانەی کـە دیاردەکریـت لەژێـر ڕۆشـنایەنیدا پارێـزگاری ئاسایشـی نەتەوەیـی هەرێـم، بەجۆرێـک هـەر دەسـت بۆبردنێـک بەهەرشـێوازێک دەچیتـە ناپاکـی مـەزن.

**ئەوەی ئەو خۆبەزلزانیە زیادەکات ئەوەی ئەو کێشەکەی قووڵترکردۆتەوە بۆ دواجار لەدوای بڕین و دواخستنی بودجە بوو**

٥- لەکارکەوتنـی دەزگای دەسـەڵاتداری لەیاسـا و لەبڕیـار و جێبەجـی کـردن، پشـتگوێ خسـتنی چینـی ناوەڕاسـت بەهـۆی داڕمانـی ژێرخانـی ئابـووری و نەبوونیشـی بەهـۆی هـەر سـتراتیژێکی تەندروسـت و ئەمـە بۆتـە هـۆی زیادبوونـی خۆبەزلزانـی لەنێـوان دوڵەمەنـدەکان و هـەژاران بەتایبـەت لەنێـوان چینـە جێبەجێـکارەکان و قۆرخکارانـی بارودۆخـی ئابـووری و لەنێوان چینـە هەرخـواروەوە لەهەژاران و بێبەشـەکان لەهـەر ئیمتیازێـک و دەسـکەوتێک، ئـەوەی ئـەو خۆبەزلزانیـە زیـادەکات ئـەوەی ئـەو کێشـەکەی قووڵترکردۆتـەوە بـۆ دواجـار لـەدوای بڕیـن و دواخسـتنی بودجـە بـوو کـە هەوڵێکـە بـۆ تێکشـاندنی چینـی ناوەڕاسـت بـۆ هەمیشـە بـۆ ئـەوەی بیـان خەنـە پـاڵ چینەکانـی خـوارەوە لەگـەڵ ئەوەشـدا سـوودمەند نەبـوون لەخـاوەن بەهـرەکان و ئارەزوومەندانـی بازرگانـی و کارکـردن لەکەرتـی ئـازاد و تایبـەت لەپـرۆژە بەرهەمهێنـەرەکان لەژێـر ڕۆشـنایی سیسـتەمی تایبەتکاریـی یـان ئـەو پرۆژانـەی کەدەرفـەت دەدەن بـە و کەسـانی خاوەنـی بیرۆکـە و داهینـان و ئـارەزووی بازرگانیـان هەیـە لەسـوودوەرگرت لەبازاڕیـی کـراوە بـە ڕکابەرێکـی دادگەریانـە.

داهاتـووی کاری سیاسـی و دەرئەنجامەکانـی ، ئەنجامـی خـراپ و داهاتـوو ، لەخراپتریـن ئەگـەرەکان بـەم شـێوەیە دەبێـت:

ا- بارودۆخـی هەرێـم پێچەوانـە دەبێـت لەڕوانگـەی سیاسـی و ئابـووری بـۆ دابەشـبوونی هەرێـم و جوگرافیـا و کارگێـڕی و ئیداری بەزۆرەملێـی بێـت یـان ئارەزوومەنـدی پـاش زیادبوونـی ڕووبەڕووبوونـەوە لەنێـوان لایەنـە کوردییـەکان و درەنـگ کەوتنـی چاکسـازی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی ئەگـەر بارودۆخەکـە بـەم شـێوەیە بمێنێتـەوە.

ب- هەرێمـی کوردسـتان دەگوازرێتـەوە بـۆ گۆڕەپانـی سـاغ کردنـەوەی حیسـابەتەکانی ڕابـردوو نێـوان لایەنـە هەرێمایەتیـەکان و نێودەوڵەتـی

(خوانەکـردە) ئەگـەر لایەنـە سیاسـییەکان هەڵنەسـتن بەچارەسـەر کردنـی ئـەم دۆخـە.

ت- هەرێـم دابـەش دەبێـت بەسـەر لایەنـە هەرێمایەتیـەکان لەژێـر فەرمانی و بەڕەزامەنـدی نێودەوڵەتـی پـاش لەدەسـتدانی هیـوا و بـاوەڕ لەلایـەن لایەنـە نێودەوڵەتـی و هەرێمایەتیـەکان بـەوەی لایەنـە کوردییـەکان لـەو ئاسـت و هێزەدابـن بتوانـن دەوڵەتـی تایبـەت بەخۆیـان بەڕێوەبـن و ببێتـە هـۆکاری ئاشـتی و سـەقامگیری پاراسـتنی بەرژەوەنـدی دەوڵەتـان، بەتایبەت ڕێکەوتنامـە و نزیکایەتـی لایەنـە نێودەوڵەتـی و هەرێمایەتیـەکان لەمـاوەی ڕابـردوو ئامـاژە بەهەنگاونـان لـە ململانێـی خـراپ بـۆ بـاش بەڕێوەبردنـی بەرژەوەندییەکانیـان لەناوچەکـەدا.

## لەگەڵ ئەوەی جیاوازی ئینتیمای ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیی هەیە، بەڵام جەختی لەسەر پێکەوە ژیانی ئاشتی کردەوە

ئەنجامـە باشـەکان و داهاتـوو : لەباشـترین گریمانـەدا بەوشـێوەیە دەبێـت، ١- بارودۆخـی هەرێـم بەهەمـوو خراپییەکانییـەوە، بـەڵام گرنگـی پێدانـی لەلایـەن لایەنـە نێودەوڵەتـی و هەرێمایەتیـەکان وای لـێ کـردووە پێگـە جوگرافـی و نەتەوەیـی و ئایینەکـەی ببێتـە ڕەگەزێکـی گرنـگ بـۆ هاوسـەنگ کردنـەوەی هەرێمایەتـی و نێودەوڵەتـی بەشـێوەیەک ئەمنیەتـی ناوچەکـە بەسـتراوەتەوە بەئەمنیەتـی ناوچەکـەوە. ٢- لایەنـە کوردییـەکان توانیویانـە پارێـزگاری و هاوسـەنگی بکـەن لەپاراسـتنی بەرژەوەنـدی هەموو لایەکـدا لەلایەنـە نێودەوڵەتـی و هەرێمایەتیـەکان بەتایبـەت لەلایەنـی ئابـووری و ئەمنیەتـدا. ٣- پارێزگاریـان کـردووە یاخـود ناچارکـراون لایەنـە کوردییـەکان لەگـەڵ هەبوونـی چەندیـن گرفتـی ناوخۆیـی و دەسـتێوەردانی دەرەکـی خۆبپارێـزن لەشـەڕی ناوخۆیـی. ٤- لایەنـە کوردییـەکان توانیویانـە بیسـەلمێنن کـە کـورد وەک هێـز و بـاوەڕی سـەربازی شـایانی ئـەوەن ببنـە جێـگای بایەخـدان و پشـت پـێ بەسـتنی نێودەوڵەتـی و ببنـە هێزێکـی بڕواپێکـراو و ببێتـە هێزێکـی ئەڵتەرناتیـڤ و جێـگای هێـزە نێودەوڵەتـی و هەرێمایەتیـەکان پڕبکاتـەوە لـە شـەڕکردن دژی داعـش، کۆنتڕۆڵی ڕێکخسـتن و هاوسـەنگی سـەربازی و جوگرافـی لەسـەر خـاک. ٥- جوگرافیـا و شـوێنگە گرنگەکـەی ناوچـە کوردییـەکان سـەپاندویەتی لەسـەر هەمـوو لایەنـەکان پارێـزگاری لەمانـەوەی پەیوەندییـە دۆسـتانەیەکانیان بکـەن لەگـەڵ لایەنـە کوردییـەکان ئەمـەش وایکـردووە فاکتەریکـی بـاش بێـت بـۆ سـەقامگیری هەرێمەکـە. ٦ - کـورد سـووربووە و لایەنـە نێودەوڵەتـی و بەتایبـەت ئەمریکا هەتـا لایەنـە هەرێمایەتیەکانیـش وایکـردووە لـەوەی کەهەرێـم تێوەنەگلێـت و تووشـی شـەڕی مەزهەبـی و نەتەوەیـی ناوچەکـە نەبێـت تاڕادەیـەک. ٧- گرنگـی هەرێـم زۆر زیـادی کـردووە لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی بەتایبـەت پـاش ئـەوەی بـۆ ناوچەیـەک زۆرتریـن پەنابـەر لەخۆگرێـت، لەگـەڵ ئـەوەی جیـاوازی ئینتیـمای ئایینـی و مەزهەبـی و نەتەوەیـی هەیـە، بـەڵام جەختـی لەسـەر پێکـەوە ژیانـی ئاشـتی کـردەوە دوور لـە گروپـە چەتەکانـی جواروجـۆر کـە لەناوچەکـەدا هـەن. ٨- پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان لـە گـەڵ مامەڵەکردنـی ناوچەکـەدا بـۆ گەیشـتن دەستبسـەراگرتنی بەرژەوەندییەکانـی لەچوارچێـوەی بارودۆخەکـی سـەقامگیر و ئەمنیـەت وادەخوازێـت دابەشـکردنی وڵات بـۆ یەکینـەی فیدڕالـی یـان کۆنفیدڕالـی یـان سـەربەخۆ لەگـەڵ هەمـوو ئەوانـەی کەناکۆکـی لەسـەرە، سـووربوونیان بـۆ مانـەوەی ئـەو دەوڵەتانـە وەک عێـراق و سـوریا بەیەکگرتوویـی، بـەڵام لەمـاوەی درێژخایـەن ناتوانـن پارێـزگاری لـە بەرژەوەندییەکانیـان بکـەن لەسـەر ئـەم ڕێـگا یەکگرتنـە. چارەسـەرەییە واقیعیـەکان دوورن لـە پەنـد و قسـەی وتـاری و بـۆ دەرچـوون لـە قەیرانـی سیاسـی لەهەرێـم و بەرپێگرتـن لـە داڕمانـی پێویسـتە کارێکـی بەپەلـە ئەنجـام بدرێـت:

١- دامەزراندنـی ئەنجوومەنێکـی بـاڵا هەسـتێت بەئەرکی ئاشـتەوایی نیشـتیمانی وەکـو ڕێـگا خۆشـکردنێک بـۆ گەڕاندنـەوەی بارودۆخەکـە بـۆ پێـش قەیرانەکـە و هەنگاونـان بـەرەو شـەفافیەتی سیاسـی و ئابـووری و سـتراتیژیەت وە بەتایبـەت سـەربەخۆبوونی دامودەزگاکانـی سـەربازی و دارایـی و بابەتەکانـی دەسـتوور و یەکخسـتنی یەکـە ئیداریـەکان بەجـدی و دیاریکردنـی هەڵوێسـتیکی واقیعـی ناسنامەی هەرێـم لـە بەغـداد، باشـتربوونی پەیوەندییـەکان لەگـەڵ لایەنـە هەرێمـی و نێودەوڵەتییـەکان.

٢- کارکـردن لەسـەر دیاریکردنـی چارەنـووس لـە ڕوانگەیەکـی چەسـپاندنی بارودۆخـی کۆنفیدڕالـی یـان ڕاگەیاندنـی دەوڵەتـی سـەربەخۆی کـوردی، بەجۆرێـک ڕێگایەکـە دەسـتپێدەکات بەئاسـایکردنەوەی بارودۆخـی ناجێگیـر لەهەرێـم بـۆ بارودۆخـە ئاسـاییەکە پێـش هـەر هەنگاوێـک، دواتـر دەسـتپێکردنی لەگـەڵ بەغـداد وەکـو هەنگاوێکـی سـەرەتایی چەسـپاندنی ئـەو هەوڵـە ئەگـەر بەغـداد تێگەیشـتنی لەلادروسـت نەبـوو و ڕازی نەبـوو هیچـمان لەبـەردەم دانامێنیـت جگـە لەبەدیهێنـان و ڕاگەیاندنـی سـەربەخۆیی یەکلایانـە. دووەم، ئـەو جوڵانـەوە لەسـەرنیازی بارودۆخـی فیدڕالـی هەمەجـۆر لـە هەرێـم یـان بەڕەنگێکـی کۆنفیدڕالـی لەگـەڵ بەغـداد و عێـراق یاخـود لەسـەر شـێوەی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ، پێویسـتە دەربچیـن بـۆ ئـەوەی ئـەو دەرفەتـە لەدەسـت نەدەیـن کەئەمـڕۆ بەردەسـت و لەبـارە بەهـۆی هەلومەرجـی نێودەوڵەتـی و هەرێمایەتـی بەتایبـەت عێـراق کەئـەوە لەبەرژەوەنـدی کـوردە، سـێیەم، پێویسـتە چارەسـەری ناوچـە کوردییـەکان کـە بەناوچـە ( کێشـە لەسـەرەکان ) نـاسراوە بکرێتـە یەکێکـە لەهـەرە کارە لەپێشـەکانی لایەنـە کوردییـەکان لەهەوڵەکانیـان بەبـەدی هێنانـی ئـەم ئامانجـە.

# دۆگماتیزم و مەزهەبگەرایی و ئایین لە یۆتۆپیای ئازادییدا





هاوژینی مەلا ئەمین

## سەرەتا:

ناساندنی خەبات و هێزی ڕێبەری کورد عەبدوڵڵا ئۆجالان، کاری پرۆژەیەکی درێژخایەن و ستراتیژیی و دەستەجەمعیی و کۆمەڵێک نێوەندی ئەکادیمیی و کەلتووریە و ئەم کۆنفرانسەی ئەکادیمیای سیاسەت و هێزی دیموکراسی کە ئاشتی و سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناوینی لە هێزی ئۆجەلاندا کردووە بە بابەت، دەشێت هەنگاوێکی گرنگ بێت لە ڕاستای ئەو پرۆژەیەدا. گرنگی ئەو پرۆژەیە لە ڕاستیدا گرنگیەکی شارستانیی هەمەلایەنە و دەشێت بیرکردنەوەی ڕاستەقینە لە گۆڕان و ئومێد بۆ ئەم ناوچەیە بهێنێت.

ئەم گرنگییە بۆ نەتەوە ماندووەکانی ئەم ناوچەیە، ئەوەندەی کە لە سەر ئاستێکی دینامیکی و وزە بەخشە، ئەوەندە لە سەر ئاستی دەستەبەرکردنی چارەسەرێکی ئایدیۆلۆژیی و فەلسەفیی تەواو ئامادەکراو نییە کە بەبێ ئەندێشەی ڕاستەقینە و خۆژیاندنەوەی هزریی و کەلتووریی تەواو و دەرگیربوونەوەی رادیکاڵ لە گەڵ خەونی ئازادییدا لە لایەن تاک و کۆمەڵگەکانی ئەم ناوچانەوە دەستەبەر ببێت. ئەم چەمک و پرۆژە هزریی و کەلتوورییە "یۆتۆپیای ئازادیی" کە ناونیشانی فەلسەفەی روو لە ئایندەی عەبدوڵڵا ئۆجالانە، لە سەر ئاستی بیرکردنەوە لە گۆڕانکاریی ریشەیی، بەهاو گرنگیی خۆی وەردەگرێت.

من لەم وتار و کاتە دیاریکراوەدا، هەوڵدەدەم راستەوخۆ، لە سەر ئاستێکی دیاریکراو و رەهەندێکی دیاریکراوی ئەو فەلسەفەیە، لە پەیوەندیدا بە پرسێکی پڕ کێشەو ریشەییەوە قسە بکەم و تێگەشتنێک بۆ ئەو پرسە شرۆڤەبکەم و رێگە چارەیەک کە لەو دیدەوە دەخرێتەڕوو لێکبدەمەوە و هەوڵدەدەم ئەوەندەی کە بابەتییوون بیخوازێت لە چوارچێوەی بیرکردنەوە لە ئازادییدا وەک ئاقارێکی ستراتیژیی بوون و بەرەنگاربوونەوە و خۆبونیاتنانەوە لە




وێنەی بەشێک لە ئاینەکانی دوونیا

سەر ئاستی خودیی و لە سەر ئاستی گشتیی و کۆمەڵایەتیی، روونا‌کیی بخەمە سەر ماناکانی گەڕانەوە بۆ ئەو فەلسەفەیە و ماناکانی ژیان لە چوارچێوەی یۆتۆپیای ئازادییدا. روونا‌کی بخەمە سەر ئەوەی کە ئەمە چۆن دەشێت رێگە چارەیەک بێت بۆ دەربازبوون لە کۆت و بەندە بونیاتییەکانی مەزهەب و تایفەگەریی و دۆگماتیزم، کە یەکێک لە کوشندەترین بونیاتە ژەهراوییەکانی کەلتووری مێژوویی داسەپێنراوی نێو رەوتی ژیانی کۆمەڵایەتیی و زەین و پەروەردە و سیاسەت و پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردنە لە نێو ژینگەی سۆسیۆ پەروەردەیی و سیاسییدا و هەمیشە رێگرێکی گەورە بووە لە بەردەم خۆیبوونی کەلتووریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسییدا و گورزی کوشندەی لە ژیان و پێکەوە ژیان و بەهای ئازادیی داوە و کۆتی گەردنی گەلان و کەلتوورەکانی ئەم ناوچەیە و جیهان بووە.

لە بەر ئەوەی کە لە ماوەی خۆتەرخانکردنمدا بۆ ئەم وتارە، من رووبەڕووی تێزێکی پێشتر تۆمارکراو لەم بارەیەوە نەبوومەوە و بەرچاوم نەکەوتن، راستەوخۆ بابەتەکە بە شرۆڤەکردنی دیدگای رێبەر خۆی دەخەمەڕوو و هەوڵدەدەم بە پلەی یەکەم لەو ژینگە فەلسەفییە و لە کۆدەکانی یۆتۆپیای ئازادیی خۆی

بەهـەرە بگـرم و تەنهـا هێنـدەی زۆر پێویسـت چەنـد ئیقتباسـێکی ڕاسـتەوخۆ وەردەگـرم کـە دەشـێت بـۆ پشتڕاسـتکردنەوەی ئـەم تێگەشـتن و خوێندنەوەیـە پێویسـت بـن.

**تا ئێستا نەویستی ئەو ڕژێمانە لە گەڕانەوە بۆ گەل لە مەسەلەی بڕیارداندا چەند جارێک ناوچەکەی بەرەو جەنگ بردوە**

لـەوە زیاتـر تەنهـا وەبیرهێنانـەوەی ئـەوە بـە پێویسـت دەزانـم کـە یۆتۆپیـای ئازادیـی خـۆی بـە شـێوەیەکی ڕادیـکاڵ دەرفەتـی ئـەوە دەرەخسـێنێت کـە ئازادیـی بیرکردنـەوە بەهـای ئاگاریـی و پۆزەتیڤـی خـۆی مانیفێسـت بـکات. گرنگیـی یۆتۆپیـای ئازادیـی لـە سـەر ئاسـتی سـایکۆلۆژیی و عەقڵیـی و بـە تایبـەت لـە پەیوەندیـدا بـەم بابەتـەوە، ئەوەیـە کـە جیـاواز لـە هـەر تیـز و ڕوانگەیەکـی ئایدیۆلۆژیـی، خـۆی ماتۆڕێکـی ڕاسـتەقینە و بزوێنـەری ئازادیـی و متمانەیـە بـە ئیـرادە و مرۆڤایەتـی مـرۆڤ و گـرەوە گەورەکـەی لەسـەر ئـەو ئیـرادە مێژوویـی و شارسـتانییە مەزنەیـە کـە دواجـار لـە سـەر ئاسـتی ئیپیسـتمۆلۆژیی مەعریفـەی فەلسـەفیی لـە چێـوەی سۆسـیۆمێژوویی ڕاسـتەقینەی خۆیـدا دادەنێتـەوە و لـە سـەر ئاسـتی وجودیـی و بونگەرایانـەش بەرپرسـیارێتی شارسـتانیی و دەرگیربوونـی ڕاسـتەقینە لـە گـەڵ هەلومەرجەکانـی بـوون و بوونیاتـی کۆمەڵایەتییـدا، دەکاتـە سـەرچاوەی ڕاسـتەقینەی هـەر ڕێگـە چارەیـەک.

بـە واتایەکـی هیومانیسـتی ڕەگـی ڕاسـتەقینەی هێـز و مۆرکـی تایبەتـی ئـەم فەلسـەفەیە و واتـای ڕادیکالیزمـی سیاسـیی و کۆمەڵایەتـی تێیـدا، بـە تونـدی گرێدراونەتـەوە بـە متمانـەی بـێ سنوور و ڕاستەقینەوە بە مرۆڤ و بە چێـژی میتافیزیکی بوونـەوە بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەقینە و بـاش کـە لـە سـەر ئاسـتی ڕۆحیـی و عەقڵیـی "چێـژ لـە بوونـی بـاش" وەک فۆڕمێـک لـە ڕۆحانییـەت بووەتـە کـەش و بووەتـە ئۆکسـجینی ئـەو ژینگـە ڕۆحییـەی کـە دەیخولقێنێت و هەرگیـز سـەختیی ئـەرک و بەرپرسـیارێتی مێژوویی ڕێگـەی ئەوەیـان پێنـەدراوە کـە شـادیی و چێـژی بـوون و شـکۆی بەختەوەریـی لـە نێـو ئـەم فەلسـەفەیەدا بشـارنەوە.

- **یۆتۆپیای ئازادیی:**

زەینـی مـرۆڤ هەمیشـە پڕبـووە لـە یۆتۆپیاکانـی ئازادیـی و ئەمـە دەرهاویشـتەی هەلومەرجـە سـەختەکانی ژیـان و بگـرە لـە ڕیشـەوە، دەرهاویشـتەی هەلومەرجـی مرۆیـی خـۆی و بـە سـەخت و بیناوییـی، دەرهاویشـتەی هەلومەرجەکانـی ناعەدالەتیـی و نابەرابەریـی و فۆڕمـە جیاجیاکانـی سـتەم بـووە، لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە سـتەمێک کـە دەرهاویشـتەی فۆڕمـە دەسـەڵاتخوازەکانی مۆبیلیزەکردنـی کۆمەڵایەتیـی و سیاسـیی و ئابوورییـە.

مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی وەک زەبەلاحتریـن فۆڕمەکانـی مۆبیلیزەکـردن لـە مێـژوودا، هەمـوو هێـزی خـۆی لـە لیبراڵیزمـەوە وەردەگرێـت وەک ئایدیۆلۆژیایەکـی وابەسـتە بـە ئازادیـی و مـاف کـە کرۆکـی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەدارییە و دیسکۆرسـێکە لـە بـارەی ئازادییـەوە کـە هەڵگـری توانایەکـی ئەفسـوناویی سـەیرە لـە سـەر ئاسـتی ڕیتۆریکـی سیاسـیی و کۆمەڵایەتیـی کـە ئۆجـالان دەیچوێنێـت بـە سـیحربازێک کـە قودرەتـی ڕامکـردن و دەسـتەمۆ و پوچەڵکردنـەوە و دواجـار خنکاندنـی سـەرجەم یۆتۆپیاکانـی هەبـووە، بـە یۆتۆپیـای سۆسیالیستییشـەوە کـە بەهێزترینـی ئـەو یۆتۆپیایانەیـە لـە مێـژووی مرۆڤایەتییـدا .

لێـرەوە "یۆتۆپیـای ئازادیـی" کـە بـۆ ئێمـە تایتڵـی سـەرەکیی فەلسـەفەیەکی نوێیـە، بـە کایەکـردن لـە دژیەکییەکانـی لیبراڵیزمـدا وەک دیسکۆرسـێک، بـە تایبـەت لیبراڵیزمـی سیاسـیی و کەلتووریـی و دیسکۆرسـی مافەکانـی مـرۆڤ و بـە وەرگرتنـی گـوڕ و تیـن لـە هەمـوو یۆتۆپیـا خەفەکـراو و خنکێـنراوەکان و بەتایبـەت لـە یۆتۆپیـای سۆسیالیسـتیی، جوڵێنـەری ڕاسـتەقینەی هـزری ئۆجـالان و ئـەو کۆلێکتیڤـە ڕۆحـی و عەقڵیـی و شۆڕشـگێڕییەیە کـە دەبێتـە ژینگەیەکـی خولقێنـەر و هەوڵـی پوچەڵکردنـەوەی سـیحری لیبراڵیـزم و لەوێـوە سـەرلەنوێ ئازادکردنـەوەی یۆتۆپیاکانـی ئازادیـی دەکاتـە ئامانجـی خـۆی.

نیشـانەگرتن لـە کێشـەو دژیەکـی و نەهامەتییـە خولقێنراوەکانـی مرۆڤایەتـی بـە دەسـتی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی، بـە تایبـەت نەهامەتییـە سیاسـیی و کەلتوورییـەکان، ئـەو زەمینـە فەلسـەفیی و ڕۆحییەیـە کـە نزیکایەتـی لـە گـەڵ زۆر دەنـگ و ڕەوتـی هزریـی مەزنـی هاوچـەرخ و مێژووییـدا بـۆ ئـەم فەلسـەفەیە دروسـتدەکات

کە رەخنەکردن و بینینی نەهامەتییەکانی دەست ئەم هێزە، یان جیاوازیی ریشەییان لە گەڵیدا، کۆیان دەکاتەوە.

**ئەم فەلسەفەیە وەک فۆرمێک لە ئەنارشیزم دەنوێنێتەوە، بەڵام لە رووی جەوهەرییەوە، تەواو نزیکی دەکاتەوە لە رۆحانییەتێکی ئینسانیی**

روناکی خستنە سەر مۆرکە عەقڵانییەکەی دۆگماتیزم و پێداگریی لە سەر ئازادیی وەک بە هایەکی وجودیی راستەقینە، لە فۆرم و رواڵەتی دەرەوەدا ئەم فەلسەفەیە لە پۆست مودێرنیزم و رێژەگەرایی تەواو نزیکدەکاتەوە، بینینی شەڕ و سروشتی خراپی مۆبیلیزەکردنی سیاسیی و دیسکۆرسی دەوڵەت/ نەتەوە، ئەم فەلسەفەیە وەک فۆرمێک لە ئەنارشیزم دەنوێنێتەوە، بەڵام لە رووی جەوهەرییەوە، تەواو نزیکی دەکاتەوە لە رۆحانییەتێکی ئینسانیی قوڵ کە دژ بە هەموو فۆرمێک لە مۆبیلیزەکردن و تۆتالیتاریزمی رۆحیی و بەهای ئازادیی ئینسانیی تێیدا بەهایەکە کە ناتوانێت هیچ قاڵبێکی بە دەزگایی و وابەستەکراو بە دەسەڵاتەوەی ئایین، تەنانەت لە سەر ئاستی کەلتوورییش بە روونی قەبوڵ بکات و هەمیشە رۆحانییەتی رەها و ریسکە رۆحییە مەزنەکانی مرۆڤ لە دەرەوەی قاڵبە دەزگایی و جێگیرەکانی کەهەنووتەوە، بۆ ئەم فەلسەفەیە شوێنی رێز و ستایشە و پێداگریی لە سەر ئەوە دەکات کە ئازادیی رۆحیی مرۆڤ وەک بە شێکی دانەبڕاو لە رۆحانییەتی مرۆڤ خۆی، وەک بەشێکی دانەبڕاو لە قودرەتی مرۆڤ لە خوڵقاندنی فۆرمی رۆحییدا، بە پیرۆز و پارێزراویی بمێنێتەوە و ئەم ئازادییە لە جەوهەری خۆیدا وەک مانیفێستی ئازادیی کەلتووریی و شارستانیی لە سەر ئاستی رۆحیی لە سەرەوەی هەموو مۆبیلیزەکردنێکی ئایینییەوە پارێزراو بمێنێتەوە.

یۆتۆپیای ئازادیی، بە شێوەیەکی رادیکاڵ پێغەمبەرایەتی وەک مافێکی رۆحیی، بگرە وەک جەوهەری ئازادیی رۆحیی و کەلتووریی مرۆڤ، دەپارێزێت و رێگە لە کۆتاییهاتنی دەگرێت و وەک چەکوش یان تەورێک دەبینێت کە پێویستە دژ بە بت و پەرستگا خۆسەپێنەکان ئامادەبێت و ئیبراهیم، پێغەمبەران خۆیان، هەریەک بە شێوەیەک و لە گۆشەیەکەوە، نموونە باڵاکانی ئەو رۆحانییەتەن کە لە پەیوەندیدا بە ئایین و مەزهەبەوە و وەک بەشێک لە پرۆژەی دینامیکیی یۆتۆپیای ئازادیی، بگرە وەک جەوهەرە رۆحییەکەی ئەم فەلسەفەیە، بەرز دەکرێتەوە. ژیانی تایبەت و ئەزموونی ئینسانیی و رۆحیی ئۆجالان خۆی، هاوسۆزیی و پشتبەستنی بە میسۆلۆژیا و فۆرمێک لە رۆحانییەتی رەسەنی سۆڕشگێڕ کە هەندێک لە نۆرمەکانی لە ئایینە رۆژهەڵاتییەکان و ئایینی وەک ئایینی یارساندا دەبینێتەوە، روونتر ئەم راستییە دەخەنە پێش چاو.

ئەم دیدە رادیکاڵ و دینامیکییە یەک لە تایبەتمەندییەکانی لە ریشەوە بەستنەوەی ئایینە بە میسۆلۆژیاوە و کۆکردنەوەیانە لە چێوەی پەیڕەو و ریسکە رۆحیی و بگرە ریسکە عەقڵیی و کەلتوورییەکانی مرۆڤدا بە قەولی فیراس سواح، کە دواجار بە پارێزگاریکردن لە ئازادیی ریسکی رۆحی و باشتر بینینی بەها پۆزەتیڤ و پراکماتییەکانی ئەم ریسکەوە دەگیرسێتەوە و لە دەرەوەی خزمەتکردن بە ئاشتیی و ئاسایشی کۆمەڵایەتیی و بەها مرۆییە رەسەنەکانەوە هیچ قسەکردنێک لە قۆرخکردنی هیچ ئاوازێکیان بۆ حەقیقەت قەبوڵ ناکات.

**ئایین رۆڵێکی مەزن دەگێڕێت لە شێوە بەخشیندا بە زەینی ئەخلاقیی مرۆڤ**

هەرئەمەشە دواجار دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئۆجالان رەخنەی ئایینەکانی تاکخودایی بکات و لەو خەسڵەتەیاندا لە گەڵ دۆگماتیزمی عەقڵیی زانستی مۆدێرن لە سەبەتەیەکیان بنێت و باس لە خزمایەتیی میسۆلۆژیا و یۆتۆپیا بکات، کە دینامیکییەت و ژیان و بزاوت و ئەنتی دیتێرمنیسم (حەتمییەت) کۆیان دەکاتەوە. ئۆجالان گواستنەوە لە قۆناغی دینامیکیی و پڕ لە ژیان و بزاوتی میسۆلۆژیاوە بۆ ئایین و دۆگمە جێگیر و پیرۆزکراوەکانی راستەوخۆ دەبەستێتەوە بە سەرهەڵدانی هیرارشییەتی کۆمەڵایەتیی و چەوساندنەوە و پێویستییەکانی دەسەڵاتەوە بۆ پەردەپۆشکردنی ستەم و دەستەمۆکردن و بێ ئیرادەکردنی مرۆڤ و کۆمەڵانی خەڵک، خودایەکی ئەکتیڤ و هەمەکارە و رەها لە ئیرادە و توانستیدا و مرۆڤ و سروشتێکی بێ گیان و بێ

بزاوت و پێشتر بڕیار لە سەر دراو و پاسیڤ و کۆیلە . پێچەوانە بە هەموو دۆگمە ئایینیی و مۆدێرنەکان، میسۆلۆژیا لە دەرەوەی دۆگم و ئینکارکردنی ژیانەوە فەزایەکی رۆحیی پڕ لە بزاوت و ئیرادەی ژیان و شکۆ دەرەخسێنێت کە ئەمە لە گەڵ یۆتۆپیای ئازادییدا، لە ڕووی رۆحییەوە بە قوڵیی یەکانگیریان دەکات و لە بەرامبەر دۆگماکان و دۆگماتیزمدا رایان دەگرێت.

**ئەخلاق بە واتای بەها گەردوونییە باڵاکان نەک شەریعەت و رێوشوێنە لۆکاڵیی و سروتە کەهەنووتییەکان**

لایەنی هەرە بەهادار و مەزنی ئایین، لە دیدی ئۆجالانەوە ئەو رۆڵەیەتی کە لە شێوەبەخشیندا بە زەینی ئەخلاقیی مرۆڤ و جیاکردنەوەی چاکەوە لە خراپە گێڕاویەتی، ئایین رۆڵێکی مەزن دەگێڕێت لە شێوە بەخشیندا بە زەینی ئەخلاقیی مرۆڤ، ئەم تایبەتمەندیە " ئەخلاقیبوون" کە مرۆڤ لە ئاژەلان جیادەکاتەوە، بەها و دەسکەوتێکی دەستلێبەرنەدراوە بۆ کۆمەڵگا و ئایین ـ بەواتای هەستی ئایینیی و ئاییندارییی مرۆڤ ـ لەم رووەوە دەبێت بەرز بنرخێنرێت .

ئەخلاق بە واتای بەها گەردوونییە باڵاکان نەک شەریعەت و رێوشوێنە لۆکاڵیی و سروتە کەهەنووتییەکان، ئەو بەهرە گەورەیەیە کە یۆتۆپیای ئازادیی بە بەرپرسیارێتی و ئایدیای ئەخلاقیی و نۆرمە مرۆییە گەردوونییەکان موتوربە دەکات و مانای وجودیی راستەقینەی پێ دەبەخشێت و لە نێو یۆتۆپیای ئازدییدا، ئازادیی خۆی پەرژین دەکات و لە بەرەڵایی و بێ هودەیی و بێ بەهایی دەیپارێزێت و بە شێوەیەک لە شێوەکان فۆڕمێکی ئایینیی ـ واتە ئەخلاقیی ـ بە رۆحانییەتەکەی ئەم فەلسەفە و یۆتۆپیایە دەبەخشێت و لە شێتیی و لە ئەنتی کۆمەڵایەتی بوون و لە سەرگەردانیی جویی دەکاتەوە.

یۆتۆپیای ئازادیی یۆتۆپیایەکە بە ئەخلاق و بەها گەردوونییەکان، بە شکۆمەندیی ئەخلاقیی مرۆڤ پەرژینکراوە کە جەوهەری پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتییە.

رەخنەی ئۆجالان لە مۆدێرنەی سەرمایەداریی و لە دیسکۆرسی زانستیی و دنیای مۆدێرنی سەرمایەداریی بە شێوەیەکی گشتیی، بگرە هەندێک لە تەفسیری ئەو بۆ ململانێ و شەڕی نێوان مۆدێرنە و ئایین، بەسراوەتەوە بە شانتەکاندنی سەرمایەدارییەوە لە ئەخلاق و روانینییەوە لە کۆمەڵگا ـ لە دەرەوەی کۆمەڵگای سیاسیی و روانینییەوە لە مرۆڤ و لە جەستەی مرۆڤ و سروشت وەک ئۆبژەیەک کە بێ هیچ پەرژینێکی ئەخلاقییە و بێ گیانە و تەنها بابەتی شیکاریی و لێکۆڵینەوە و دەستێوەردانە لەلایەن سۆبژەکانەوە، کە ئۆجالان لە سەر هەموو ئاستە تاکەکەسیی و دامەزراوەییەکان، لە سیاسییەوە تا دەوڵەت بە خواوەندە بێ دەمامکەکان ناویان دەبات.

جیاوازێکی سەرەکیی یۆتۆپیای ئازادیی لە گەڵ مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی، وەفادارییەتی بەرامبەر بە ئەخلاق، لایەنگیرییەتی لە ئەخلاق و پاپەندیی و شکۆمەندیی و رێزگرتنیەتی لەم دەسکەوتە مەزنەی عەقڵی مرۆڤ و مرۆڤبوون کە لە قۆناخی ئایینەکاندا ئیدی روون نەخشەڕێژ دەبێت و شکڵ وەردەگرێت.

**ئەوەی کە هیچ بەهاو مانایەکی راستەقینەی نابێت و نییە ئازادییە، چونکە پێشوەخت قاڵبەکان ئامادەکراون و سیستمەکە بەم شێوەیە کار دەکات**

### ئۆنتۆلۆژیای ئازادیی:

ئۆجالان هەردوو چەمکی سۆبژە و ئۆبژە دەخاتە هەردوو جەمسەری ستراتیژیی رەخنەکردنی دونیای مۆدێرن و سەرمایەداریی و تەنانەت دیسکۆرسی زانستییش و وەک دوالیزمەیەکی بەرپرسیار لە کۆی شکستەکان و بەلاڕێدا چوونەکان دەیانخاتەڕوو.

ئەوەی لێرەدا بە ڕوونی بەدیدەکرێت، ئەو بینینەیە بۆ واتاو

ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو چەمکە، ئەوەی لێرەدا جێگیر دەکرێت فۆڕمێکە لە پەیوەندیی کە بە ڕوونیی و بە قوڵی باس لە ستراتیژ و ڕێوشوێنەکانی دەسەڵات و ستەمکاریی و ڕەوایەتی پێدانیان دەکات. ئەوەی چووە ژێر ناوی ئۆبژە (بابەتەوە)، ئیدی هیچ حورمەت و پیرۆزیی و پەرژینێکی نییە و پاسیڤ و لاقەکراو و شیکراوە و هەڵوەشێنراو و دەستەمۆ و کۆنترۆڵکراو، وەلانراو دەبێت، ئەوەش کە چووە ژێر ناوی سۆبژەوە (خود) ئیدی دەسەڵات و ڕەوایەتی خاوەندانەی پێ دەدرێت لە بەرامبەر ئۆبژەدا، ئیدی ئەو خاوەندەو ئۆبژەیش بوونێکی بێ گیان و ناڕێکخرا و پەراوێز و لاوەکیی و بابەتی لاقەکردن و لێکۆڵینەوە.

لەم فۆڕمە لە پەیوەندییدا، ئەوەی کە هیچ بەهاو مانایەکی ڕاستەقینەی نابێت و نییە ئازادییە، چونکە پێشوەخت قاڵبەکان ئامادەکراون و سیستمەکە بەم شێوەیە کار دەکات، گێڕانەوەی هەر بەهاو مانایەک بۆ ئازادیی بەبێ تێپەڕاندنی ئەم فۆڕمە لە پەیوەندیی و حەتمییەتی ئەم دوالیزمە هیچ مانایەکی نییە، ئەو فۆڕمە لە پەیوەندیی کە دەشێت بە سروشت یان لە جەوهەری خۆیدا، فۆڕمێکی پێچەوانە بەم فۆڕمە بێت، فۆڕمی کۆمەڵایەتیبوونە، ئەو پێداگریی لە سەر ئەوەدەکات کە بەبێ ئەخلاق یان "بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەخلاق نە کۆمەڵگابوون بەدیدێت و نە کۆمەڵگا بەڕێوەدەبرێت" ، گەر سەرنجی ئەو پەیوەندییە بدەین کە لە نێوان خود و بابەتدا هەیە لە دیدی فەلسەفیی مۆدێرنەی سەرمایەدارییەوە، دەبینین کە پەیوەندییەکە لە سەرێکیاندا ئازادیی تەواو بە ڕەهایی و لە سەرێکیاندا مەرگ و دیلیی، بگرە ناڕەوایی تەواو جێگیر کراوە، هەموو ڕەوایەتییەک بۆ بزاوت و جوڵە و ئەکتیڤیتی وەرگیراوەتەوە، هەر بۆیە بەبێ بەکۆمەڵایەتیکردنی ئەو پەیوەندییە و یەکسانکردنەوەی ڕێژەی دابەشبوونی ڕەوایەتیی و دەسەڵات، واتە بە بێ گۆڕینی ئەو پەیوەندییە لە پەیوەندیی خود و بابەتێکەوە بۆ پەیوەندیی دوو خود، هیچ مانایەک بۆ ئازادیی ڕاستەقینە لە ئارادا نیە، بە واتا هیگڵییەکەی ئەم پەیوەندییە مەرجدارە بە دانپێدانانەوە وەک خود، ئەمەش بە مانای سەرهەڵدانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، پەیوەندیی دوو سەرە دێت، کە ئەم پەیوەندییەش بە جێی خۆی لە دەرەوەی پێوەرە ئەخلاقییەکانەوە ناتوانێت هیچ فۆڕم و مانایەکی هەبێت، چونکە لە دەرەوەی ئەخلاقەوە کۆمەڵگابوون بەدینایەت، کەواتە گەر مەرجی کۆمەڵایەتیبوون و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە ڕووی ئۆنتۆلۆژییەوە، ئازادییبێت، مەرجی ئازادییش لە ڕووی ئۆنتۆلۆژییەوە ئەخلاقە و بەبێ ئەخلاق ئازادییش هیچ مانایەکی نییە و بەدینایەت یاخود بەڕێوەنابرێت.

> **پێویستە ئازادیی مرۆڤ بە هیچ شێوەیەک دەسبەرداری ئەو بەها و بایەخ و پرنسیپە ئەخلاقییە گەردونیانە نەبێت کە ئایینەکان ڕۆڵیان هەیە لە بەرهەمهێنان و شکڵپێدانیدا**

- **ئەنجام:**

یۆتۆپیای ئازادیی، یاخود فەلسەفەکەی ئۆجالان ئایین لە دۆخێکی میانگیردا دەبینێت، پێیەکی لە نێو دۆگماتیزم و دیتێرمنیسم و دژایەتی کردنی فرەیی و ئازادیی و ڕەهایی و دینامیکییەت و ژیان دایە، کە ئەمە ئەو دیوەیەتی کە لە گەڵ دەسەڵات و خاوەندارێتی و مۆدێرنەی سەرمایەداریی و بگرە دیسکۆرس و میتۆدی زانستیی مۆدێرن و هیرارشییەت و چینایەتیی و دوالیزمی سۆبژە و ئۆبژەدا کۆی دەکاتەوە و لە سەپاندنی ستەم و ڕێوشوێنەکانی بە کۆیلەکردن و ڕێنماییە جێگیرەکانیدا - شەریعەتەکانی - دەسەڵاتی کەهەنوتی و دەسەڵاتی سیاسیی و هیرارشییەتی کۆمەڵایەتیی و چینایەتیی و هەموو فۆڕمەکانی ستەمی کۆمەڵایەتیی تێیدا وەک خاوەندە دەمامککراوەکان خۆیان شاردۆتەوە و ئەم پێیەی ئایین دژ بە ژیانی کۆمەڵایەتیی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیی و پێکەوە ژیانە، دیوێکی دیکەی، یان پێیەکی دیکەی لە نێو هەستی ئەخلاقیی مرۆڤ و شکڵگرتنی زەین و ویژدانی ئەخلاقیی مرۆڤدایە و ئەم دیوەی لە شەڕدایە لە گەڵ هەموو ئەو پەیوەندیی و دۆخە ستراتیژییانەی کە ئەو دیسکۆرس و چەمک و تێرمانەی سەرەوە ئاماژەی پێدەکەن و بە شێوەیەک لە شێوەکان هەر ئەم دیو و پێیەشیەتی کە لە پشت ناکۆکییەکانییەوە لە گەڵ مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی وەستاوە و هەر ئەم دیوەشیەتیی کە هەوێن و پێویستیی ڕاستەقینەیە بۆ ئازادیی و ژیانی کۆمەڵایەتی.




کەواتە، ئایین وەک بیروباوەڕ، یان دۆگماکانی، بە تایبەت ئایینەکانی یەکتاپەرستیی، هەروەها ئایین وەک شەریعەتەکان و ڕێوشوێنە موتوربەکراوەکان بە بەرژەوەندییە چینایەتییەکان و نا بەرابەریی کۆمەڵایەتیی و مۆبیلیزەکردنی کۆمەڵگا، دژ بە ئازادیی و ئاشتیی و پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتییە و دەبێت هەستی میسۆلۆژیی و ئیرادەی ئازادیی لە مرۆڤدا هەرگیز رام و دەستەمۆی ئەم ڕەهەندەی نەبێت و لە ڕێگەی وزەی دینامیکیی نێو بیر و یۆتۆپیای ئازادییەوە و وەک بەشێکی جەوهەریی لە ئازادیی خۆی، تێیپەڕێنێت و لە ڕێگەی قودرەتی ئازادی خۆیەوە بۆ وەبەرهێنانی ڕۆحانییەت، بتوانێت بەرەنگاری هەموو فۆڕمە جێگیر و ئۆرسۆدۆکسییەکانی و هەموو ئەو ڕێوشوێنانە ببێتەوە کە دەچنە خزمەتی پەرتەوازەیی و شڵەژان و بەریەککەوتنی کۆمەڵایەتیی و چینایەتیی و ستەمی کۆمەڵایەتییەوە.

بەڵام پێویستە ئازادیی مرۆڤ بە هیچ شێوەیەک دەسبەرداری ئەو بەها و بایەخ و پرنسیپە ئەخلاقییە گەردونیانە نەبێت کە ئایینەکان ڕۆڵیان هەیە لە بەرهەمهێنان و شکڵپێدانیدا و بەم مانایەش بەشێکن لە مێژووی خەباتی مرۆڤ دژ بە هەموو ئەو وەلاوەنانانەی ئەخلاق و بەهاکان کە مانایەکیان بۆ ئازادیی و پێکەوە ژیان نەهێشتووەتەوە و هەموو پەیوەندییەکانیان بردۆتەوە بۆ ئاستی پەیوەندییەکی دەسەڵاتخوازی نا ئەخلاقیی هاوشێوەی پەیوەندییەکانی سۆبژەو ئۆبژە، کە پەیوەندییەکە تەنها عەقڵانییەتی مۆدێرن و سەرمایەدار و لە سنووری بەرژەوەندییە نەبینراوەکانی خۆیدا دەتوانێت ڕەوایەتییان پێبدات.

واتە ئەم فەلسەفەیە پاش پێداگریی تەواو لە سەر ئەخلاق وەک جەوهەری ڕاستەقینەی دەسکەوتی ئایین لە ژیان و مێژووی مرۆڤایەتییدا و پاش سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە ئایین ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە شێوە بەخشیندا بە زەینی ئەخلاقیی مرۆڤ، تێپەڕاندنی دۆگماکانی ئایین و فۆڕمەکانی دەستێوەردانی ئایین لە ژیانی کۆمەڵایەتیی و سیاسییدا و وەلاوەنانی هەر پابەندییەک بە ئایینەوە بەواتا دامەزراوەیی و دەسەڵاتخوازەکەی و تێپەڕاندنی کڵێشە کۆمەڵایەتیی و کەلتوورییەکانی بە شاڕێگای چارەسەری کێشەی دۆگماتیزم و مەزهەبگەرایی و شاڕێگای تێپەڕاندنی دەمارگیریی و گەڕانەوە بۆ ئاشتیی کۆمەڵایەتیی دەزانێت.

**سەرچاوە:**

عەبدوڵڵا ئۆجالان: "مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتیی، مۆدێرنیتەی دیموکراتیی و کێشەکانی تێپەڕاندنی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری، (۱) شارستانیەت" وەرگێڕانی: لوقمان عەبدوڵڵا، چاپی سێیەم، ۲۰۰۹.

# باشوری کوردستان و قەیرانە بەردەوامەکان



ڕێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم

باشـوری کوردسـتان بـەر لـەوەی بکرێتـە بەشـێک لـە عێـراق، حکومەتێکـی تەمـەن کورتـی خۆماڵـی بەسـەرکردایەتی پادشـای کوردسـتان شـێخ مەحمـودی حەفیـد تیـادا دامـەزرا، ئـەم بەشـە لـە کوردسـتان کـە بـەزۆر لـە تـەواوی کوردسـتانی گـەورە دابڕێـنرا، لـە دوای ڕێکەوتنـی لـۆزان و دروسـت بوونـی هـەردوو کۆمـاری تورکیـا و عێـراق، بەشـێوەیەکی نادادپەروەرانـە لکێـنرا بـە عێراقـەوە، لـەو سـاتەوە هەتـا ئیسـتا باشـوری کوردسـتان لـە جەنگێکـی بەردەوامـی کۆتایـی نەهاتوودایـە بـۆ گەڕانـەوەو وەرگرتنـەوەی سـتاتۆی راسـتەقینەی خـۆی.

باشـوری کوردسـتان لکێـنرا بـە دەوڵەتێکـی تـازە لەدایـک بـووی سـاڵی ١٩٢٣ . ئـەو دەوڵەتـە وەک ئیفرازاتـی جەنگـی یەکەمـی جیهانی لەسـەر مۆدێلـی ڤێـزەون و نەگونجـاوی دەوڵـەت نەتـەوە (Nation state) یاخـود ناشـیونال سـتەیت دروسـتکرا. پرسـی راسـتەقینەی باشـوری کوردسـتان لێـرەوە دەسـتپێدەکات و چارەسـەری ئـەو پرسـەش لەوەڵامدانـەوەو شـێکردنەوەی ئـەم چەمکـەوە سـەرچاوە دەگرێـت. لێـرەوە کێماسـی و کەموکوڕیەکانـی ئـەو فۆرمـە سـەبارەت بـە گەلـی باشـوری کوردسـتان دەخەینـە ڕوو:

یەکـەم- ئـەم پارادایمـە لـە عێراقـدا چەمکـی کەمینـەو زۆرینـەی دروسـت کـرد. واتـە بەشـێوەیەکی سیسـتەماتیک لـە عێراقـدا بەدرێژایـی هەشـتا سـاڵ لـە سـەپاندنی ئـەو مۆدێلـە نەگونجـاوە، گروپێکـی عەرەبـی – سـونە مەزهەبـی کـردە نەتـەوەی باڵادەسـت و گەلانـی دیکـەی عێراقیـش (بەگەلـی عەرەبـی شیعەمەزهەبەوە) بـوون بـە کەمینەیەکـی هەمیشـەیی. کەواتـە جگـە لـە کـورد و تورکـمان و ئاشـور و سریـان ، هەمـوو ڕەنگەکانـی دیکـەی کۆمەڵـگا پەراوێزخـران.
دووەم- نەتەوەسـازی لـە سـەرەوە بـۆ خـوارەوە: ئـەم فۆرمـەش لـە بەڕێوەبردنـی دامەزراوەکانـی وڵات و دروسـتکردنی سیسـتەمێکی سـەنترالیزمی تۆتالیتـار ڕەنگـی دایەوە. لەم سیستەمەدا دەسـەڵاتدارنی یـەک بـەدوای یەکـی عێـراق، بـۆ پاراسـتنی مۆدێلـی دەوڵـەت نەتـەوەی سـونی سـودیان لەزۆربـەی ئایدیۆلۆژیـاکان وەگـرت و ئـەو ئایدلۆژیانەشـی بـۆ شـەرعیەتدان بـە ڕەشـەکوژەو پاکتاوکردنـی خەڵکـی عێـراق بـەکار دەهێنـا.

سـێیەم- بەشـداری سیاسـی: ئـەم فۆرمـە لـە دەوڵـەت سـازی نەیتوانیـوە هەرگیـز بەشـداربوونی دیموکراتیـک لـە دەسـەڵات فەراهـەم بـکات. لـەوەش خراپتر لـە قۆناغـە جیاوازەکانـی دەسـەڵاتی سیاسـی لـە عێـراق ئـەم فۆرمـە بـۆ بچوکردنـەوەو کۆنـترۆل کردنـی دیموکراتیـەت بـەکار هاتـووە.

چـوارەم- لـەڕووی کەلتـور و سـەرخانی کۆمەڵـگاوە دەوڵـەت نەتـەوە، فۆرمەلەکردنـی کیانێکـی سیاسـی تـاک ڕەهەنـدی کەلتـوری لێکەوتەوە. کەلتـوری عەرەبـی – سـونی- ناشـیۆنالیسـتی، کـرا بـە کەلتـوری دەوڵـەت و فەرهەنگـی کۆمەڵـگا کـە دەرەنجام شـۆڤێنیزمی سیاسـی و فاشـیزمی ئایدۆلـۆژی بەجۆرێـک ڕەگـی لەنـاو گەلانـی عێراقـدا داکوتـا کـە هەتـا ئەمـڕۆ بەردەوامـی هەیـە. ئـەم پارادیمایـە لـە دەوڵـەت بەردەوامـی هەبـوو هەتـا سـاڵی ٢٠٠٣ و پرۆسـەی ئازادکردنـی عێـراق لـە لایـەن ئەمەریـکاوە..

> **بەدڵێکی پڕ لە ئازارەوە ئەوە دەڵێم کە لە عێراقدا گەلی عێراق بوونی نیە**

حەنـا بەتاتـو لـە کتیبەکـەی خۆیـدا بەنـاوی ( عێـراق: چینـە کۆمەڵایەتیـەکان و بزوتنـەوە شۆڕشـگێڕەکان) کـە لـە بەیـروت سـاڵی ١٩٩٠ بـە چاپـی گەیانـدووە، لـە لاپـەڕە ٤٤یـدا ئامـاژە بـە یاداشـتێکی نهێنـی پادشـای عێـراق فەیسـەل دەدات کـە لـە ئـازاری ١٩٣٣دا نوسـیویەتی و دەڵێـت ( بەدڵێکـی پـڕ لـە ئـازارەوە ئـەوە دەڵێـم کـە لـە عێراقدا گەلـی عێـراق بوونـی نیـە، بەڵکـو دەسـتەو کۆمەڵـە مرۆڤێکـی جیـاواز هـەن، کـە بەتاڵـن لـە هەمـوو هزرێکـی نیشـتیمانی و هیـچ شـتێک پێکـەوە کۆیـان ناکاتـەوە، حەزیـان لـە ئـاژاوە گێڕانـە و هەمیشـە ئامـادەن لـە دژی هـەر حکومەتێـک بێـت ڕاپـەڕن. ئێمـە دەمانەوێـت لـەم کوتلـە مرۆڤانـە گەلێـک دروسـت بکەیـن. هەرکەسـێک ئـەوە بزانێـت کـە چەنـدە قـورس و زەحمەتـە

گەلێک لە بارودۆخێکی لەو جۆرەدا دروست بکرێت، دەبێت ئەوەش بزانێت کارێکی لەو جۆرە رەنجێکی زۆر قورس و گرانی دەوێت). فەیسەڵی پادشای عێراق ٨٣ ساڵ بەر لە ئێستا ئەمەی گوتووە، بەڵام لەو کاتەوە هەتا ئێستا ئەو بارودۆخە قورسەی ئەو باسی دەکات هەر وەک خۆیەتی و ئەو گەلەی کە باسی دەکات هێشتا دروست نەبووە و هەرگیزیش دروست نابێت. عێراق کە لەو کاتەوەی دروستکراوە هەتا ئەمڕۆ چەندین سیستەمی سیاسی دیوە، هەموو ئەو سیستەمانە لە بەرهەمهێنانی ترس و تۆقان و سەرکوتکردن شەڕی ناوخۆی و جەنگەکاندا پسپۆڕ و کارامە بوون. لەهەموو ئەو رژێمانەدا گۆڕانکاری سیاسی تەنها لە رێگای ژەنراڵ و پیاوانی سەربازییەوە بووە، هەرگیز سیاسەتمەدارو ململانێ ی پارتە سیاسیەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کامڵ بوونی هێواش و سروشتیانەی ململانێ سیاسییەکان هۆکار نەبوون بۆ رودانی گۆڕانکاری لە بونیادی عێراقدا، تەنانەت روخانی بەعیش لەرێگای تانکەکانی ئەمەریکا و ئینگلیزەکانەوە هاتە ئاراوە. لە زۆربەی گۆڕانکاریەکانی عێراقدا دەستورێکی نوێ (زۆرجار کاتی) داهێنراوە کە ژمارەیان بەوەی پۆڵ برێمەرەوە حەوت دانە دەبێت، بەڵام ئەم دەستورانە هەرگیز نەیانتوانیوە بەشدار بن لە داڕشتنەوە یاخود دروستکردنەوەی سەرلەنوێی عێراق، چونکە هەرگیز ئیرادەیەکی سیاسی و ئایدۆلۆژی و مەعریفی بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتەکەی ( جێبەجێکردن، یاسادانان، دادوەری) لە ئارادا نەبووە، چونکە هەروەک لە یاداشتەکەی فەیسەڵ پادشا هاتووە، ئەم کوتلە بەشەریانە هەمیشە ناکوک و ناتەباو دژ بەیەک بوون و لە سەنگەردابوون بۆ یەکتری، بۆیە هەمیشە لە شوێنی سیستەمێکی دیموکراتی و فرەیی و هاوڵاتی بوون، هەوڵەکانی پاکتاوکردن و سڕینەوەی ئەوی دی دووبارە کراوەتەوە.

با لە وتە بەناوبانگەکەی دیگۆڵەوە دەستپێبکەین کە دەڵێت ( سیاسەت کوڕی مێژووە، مێژووش کوڕی جوگرافیایە، جوگرافیاش کوڕی کۆمەڵێک رێسای نەگۆڕە) کەواتە بۆ ئەوەی سیاسەتکردن لە عێراقدا باش تێبگەین، دەبێت بگەڕێنەوە بۆ مێژووی ئەو وڵاتە. ئەوەتای ئەم عێراقە بەزۆر دروستکراوە، نە لە هیچ دەچێت و نە هیچی لێدروست دەکرێت، چونکە بەدەست سێ گرێ کوێرەی ئاڵۆسکاو دەناڵێنێت، هەر رژێمێک بخوازێت وڵاتێک دروست بکات دەبێت لەو سێ گرێ کوێرە تێبگات و بتوانێت بیانکاتەوە.

یەکەم کوێرە گرێ ئەوەیە کە عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوەو ئاینە و کێشەو ململانێی سەدان ساڵیان پێکەوە هەیە. دووەم ئەوەیە کە ئەو وڵاتە میراتیەکی زۆری لە توندوتیژی و جەنگ و کوشتار بۆ بەجێماوە. سێیەمیش وڵاتێکە خاوەنی ئابوورییەکی لاوازە و تەنها پشتی بە هەناردەی نەوت بەستووە و کێ بتوانێت پارەی ئەو نەوتە بخاتە ژێر چنگی خۆی ئەوە دەتوانێت لە عێراقدا دووا بڕیارو قسەی هەبێت. ئەم سێ گرێ کوێرە هەمیشە هۆکاری سەرەکی ئەوە بوون کە هەرگیز لە عێراقدا (گەلی عێراق) یاخود (نەتەوەی عێراق) لەگۆڕێدا نەبوویێت. ئەو سێ گرێ کوێرەی کە باسمانکردن بوونەتە هۆکاری ئەوەی کۆمەڵگەی عێراق زۆر بە خراپی و بە قوڵی بەسەرخۆیدا دابەش بێت، دابەشبوونێکی ئەوتۆ کە یەکگرتنەوەو یەکخستنەوەی وەک خەیاڵ و هەقایەتی مێش وابێت.

> **هەمیشە لە شوێنی سیستەمێکی دیموکراتی و فرەیی و هاوڵاتی بوون، هەوڵەکانی پاکتاوکردن و سڕینەوەی ئەوی دی دووبارە کراوەتەوە**

زۆربەی گۆڕانکاریەکانی عێراقدا دەستورێکی نوێ (زۆرجار کاتی) داهێنراوە کە ژمارەیان بەوەی پۆڵ برێمەرەوە حەوت دانە دەبێت، بەڵام ئەم دەستورانە هەرگیز نەیانتوانیوە بەشدار بن لە داڕشتنەوە یاخود دروستکردنەوەی سەرلەنوێی عێراق، چونکە هەرگیز ئیرادەیەکی سیاسی و ئایدۆلۆژی و مەعریفی بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتەکەی ( جێبەجێکردن، یاسادانان، دادوەری) لە ئارادا نەبووە، چونکە هەروەک لە یاداشتەکەی فەیسەڵ پادشا هاتووە، ئەم کوتلە بەشەریانە هەمیشە ناکوک و ناتەباو دژ بەیەک بوون و لە سەنگەردابوون بۆ یەکتری، بۆیە هەمیشە لە شوێنی سیستەمێکی دیموکراتی و فرەیی و هاوڵاتی بوون، هەوڵەکانی پاکتاوکردن و سڕینەوەی ئەوی دی دووبارە کراوەتەوە.

هەموو دەستورەکانی عێراق تەنها چەند چاپتەرێک بوون لەسەر چەند پەڕەیەک، دووا دەستوری عێراق کە لە ژێر زەبرو فشاری

ئەمەریـکادا نوسرایـەوە و لـە رۆژی ١٥ی ئۆکتۆبـەری ٢٠٠٥ دا خرایـە بـەردەم ریفراندۆمـەوە لـە مـادەی یەکەمیدا دەڵێت ( کۆماری عێـراق دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی خـاوەن سـەروەرییە، سیستەمی حوکم تیایدا کۆمـاری، پارلەمانـی، دیموکراسـی، فیدرالیـە). ئەگـەر بـە راسـتی و بـە درشـتی سـەرنجی ئـەم دەسـتەواژەیە بدەیـن دەبینیـن هیـچ کام لـەو خەسـڵەتانەی کـە نـوسراون بوونیـان نیـە.

**باشوری کوردستان و قەیرانی حکومەت و بەڕێوەبردن:**

لـەدوای راپەڕینـی بەهـاری ١٩٩١ ناوچـە کوردیەکانـی ژێـر هێڵـی شـین، خرانـە ژێـر چاودێـری هێـزە نێودەوڵەتیـەکان، هـەر لەژێـر پاراسـتنی نێودەوڵەتیـدا فیدرالیزمیـان کـردە فۆرمێکـی نـوێ بـۆ بەڕێوەبـردن و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان دواتـر راگەیەنـرا.. بەدرێژایـی ئـەو مێـژووە هەتـا ئەمـڕۆ کـە دەکاتـە چارەکـە سـەدەیەکی رەبـەق، هیـچ کاتێـک و لـە هیـچ قۆناغیکـدا ئـەم حکومەتـە لۆکاڵیـە نەیتوانیـوە هەنگاوێکـی عەمەلـی بـە ئاراسـتەی لەنـاو بـردن و کەمکردنـەوەی قەیرانـە سیاسـی و ئابـوری و کۆمەڵایەتیـەکان بگرێتـە بـەر. لێـرەدا سـەرنجەکانی خۆمـان سـەبارەت بـە جـۆری حوکـم و شـێوازی حکومەتکـردن لـەم هەرێمـەدا دەخەینـە بەرچـاو:

**یەکەم- دووبارە بەرهەمهێناوەی سەنترالیزم لە فۆرمی فیدرالیدا:**

لەکاتێکـدا کـە دەبـوو فیدرالیـزم لەگـەڵ ناسـەنتالیزم گرێبدرایـە و بکرایـە بـە فۆرمێکـی نـوێ بـۆ بەڕێوەبردنـی سیاسـەت، دەسـەڵاتی سیاسـی لـە هەرێمـی کوردسـتان نەیتوانـی تەجـاوزی سـەنترالیزمی دەوڵـەت نەتـەوە بـکات و هەمـان فۆرمـی لەنـاو فیدرالیزمـدا بەرهەمهێنایەوە. ئـەم فۆرمـە خاڵێکـی دیکـەی زۆر کوشـندەی لەگـەڵ خۆیـدا هەڵگرتبـوو، ئەویـش نەبوونـی هـزرو کەلتـوری دیموکراسیەت بـوو لەنـاو فیدرالیزمـی باشـوری کوردسـتان. ئەگـەر فیدرالیـزم ئاوێتـە بکرایـە بـە دیموکراسیەت و لامەرکەزیەتـی دەسـەڵات، زۆرێـک لـەو قەیرانـە کوشـندانەی کـە ئەمـڕۆ هـەن پەیـدا نەدەبـوون. کەواتـە لێـرەدا ئـەوەی هەسـتی پێدەکەیـن ئەوەیـە کـە چەمـک و تێگـەی فیدرالیـزم لـە لایـەن حـزب و سیاسـەتمەدارانی باشـوری کوردسـتان تەنهـا لـە شـکل و فۆرمـدا مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکـراو نەتوانـرا لـە شـێوازی حکومەتـداری و بەڕێوەبردنـی وڵات بەرجەسـتە بکرێـت. بەڵگـەی هـەرە زینـدووی ئەمـەش ئەوەیـە کـە ئـەم حکومەتـە هەتـا ئەمڕۆ دەستورێکی تایبـەت بەخـۆی نیـەو زۆرێـک لـەو قانـون و برگـە یاسـایانەی کـە لێـرە جێبەجـێ دەکرێـن هەمـان ئـەو قانـون و برگـە یاساییانەن کـە لەسـەردەمی حکومەتـی مەرکـەزی عێراقـدا کاریـان پێکـراوە.

**لە سیستەمی فیدرالیزمی باشوردا پێکهاتە نەتەوەیی و ئەتنیەکانی ناو کوردستان کران بە ژمارەو**

**دووەم- فیدرالیـزم کـرا بـە ئالگۆیەکـی ناشرین بـۆ پرۆژەیەکـی ناسیۆنالیسـتی تـاک رەهەنـدی تـاک نەتـەوە:** لـە باشـوری کوردسـتاندا دەیـان گروپـی ئەتنـی جیـاواز بوونیـان هەیـە، بـەڵام فیدرالیزمـی باشـور نەیتوانـی لـەو گروپـە جیاوازانـە سـود وەربگرێـت و ناسـنامەیەکی نیشـتیمانی بەهێـز بـۆ خـۆی دروسـت بـکات و زۆرینەیەکـی ئەکتیـف و بەشـداربووی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی لـەوان دروسـت بـکات. بەپێچەوانـە هەندێـک لـە حزبـە دەسـەڵاتدارەکانی باشـوری کوردسـتان خوێندنەوەیـان بـۆ هەلومەرجەکـە نەبـوو، حزبایەتـی و بەرژەوەنـدی گروپـی حزبـی و دەسـتەی حزبـی و دروسـتکردنی خێزانـی دەسـەڵاتدارو هەژموونخوازیـان خزانـدە نێـو فیدرالیـزم و بـە تـەواوی لـە واتـاو پراکتیکـی خـۆی روتیـان کـردووە. لە سیستەمی فیدرالیزمـی باشـوردا پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئەتنیەکانـی نـاو کوردسـتان کـران بـە ژمـارەو وەک کەمایەتـی تەماشـا کـران و خرانـە ژێـر دەسـەڵات و رەحمەتـی زۆرینـەی باڵادەسـتەوە و بـە درێژایـی یـەک چارەکـە سـەدە بـوون بـە کەمینەیەکـی هەمیشـەیی و جگـە لـە هەنـدێ نوێنەرایەتـی کارتۆنـی و رواڵەتـی وجـودی راسـتەقینەی ئـەوان بوونـی نەبـوو. هـەر ئەمـەش بـوو کـە بەشـێکی زۆر لەوانـی ناچـار بەکۆچکـردن بـەرەو دەرەوەی وڵات کـرد. ئـەم فۆرمـە لـە فیدرالیـزم و بەڕێوەبردنـی دەسـەڵات نـەک پێکهاتـە جیاوازەکانـی کۆمەڵـگای کـوردی توشـی ئیفلیـج بـوون کـرد، بەڵکـو ئەوانـی زیاتـر پارچـە پارچەکـرد و لەپارچـە شکاوەکانیشـیان دیسـانەوە کەمینـەی بچوکـترو پەرتەوازەبـووی بەرهـەم هێنـا.

**سێیەم- پرسی ناسنامە:**

هـەر لەسـەرەتای راپەڕینـەوە هەتـا ئەمـڕۆ زۆربـەی ململانـێ سیاسـیەکان هۆکارەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ نەبوونـی ناسـنامەیەکی نیشـتیمانی کـە بتوانێـت هەمـوو خەڵکـی ئـەم هەرێمـە لـە ژێـر

چەتری خۆیدا کۆ بکاتەوە.

هۆکاری سەرەکی نەبوونی دەستور لەم وڵاتەدا ململانێ بووە لەسەر دیاریکردنی ناسنامەی ئەم دەڤەرە، لایەنێک دەخوازێت ناسنامەی ئەم هەرێمە لە سەر بنەماڵەیەک و ناوچەیەک تاپۆ بکات و مۆرکێکی لۆکاڵی هاوشێوەی موشایەخەکانی سعودیە ومیرنشینی ئەردەنی هەبێت، گروپێکی دیکە لەو باوەڕەدان کە ئەم هەرێمە زۆربەی خەڵکەکەی موسڵمانەو دەبێت ناسنامەیەکی ئیسلامی و ئاینی بدرێت بەسەریدا و دەستورەکەشی نوسخەیەکی کۆپیکراو بێت لە دەستوری ئیسلامیەکانی سعودیە و کەنداو. لایەنەکانی دیکەش لە نێوان ناسنامەی سیکولاریست بوون و عێراقی بوون و لۆکاڵی بوون و چەند ناسنامەیەکی دیکەی subcultuurدابەش بوون.

**نەوتێکی زۆر هەمیشە واتای دیموکراسیەتێکی کەمتری بەخشیوە، پارەیەکی زۆری نەوت کۆمەڵگەیەکی بەکاربەری پیاوسالاری بەرهەمهێناوە**

ئەوجۆرە لە پەرتکردنی کۆمەڵگا بۆتە هۆکاری لەناو بردنی پلورالیزم و لێبوردەیی، بەڵکو بۆتە هۆکاری راستەوخۆی هەرەشەکردن لە ئاشتەوایی نیشتیمانی. سیستەمی سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان بە تەوافوق و سازان دانراوە، ئەم سیستەمە کۆمەڵگا و حکومەتی بە شێوەیەکی پراکتیکی دابەش کردووە، بەجۆرێک کە لە هەندێک شوێن و جومگەوە دەستبردن بۆ گۆڕینی دەبێتە هەڕەشە بۆسەر تەواوی سیستەمە لەرزۆکە، هەروەک چۆن ئەمڕۆ دەبینین لە پەکخستنی پەرلەمان وحکومەتدا رەنگی داوەتەوە.

**چوارەم- قەیرانی ئابوری:**

نەوت دەتوانێت خراپترین رۆڵی هەبێت لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەت زۆربەی هەرە زۆری ئەو دەوڵەتانەی کە لەسەر موڵکانەی نەوت و گاز ژیاون و ئەو بنەمایانە تیایاندا لاوازبوون نەک نەیانتوانیوە دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ بنیات بنێن بەڵکو بونەتە هۆکاری بەرهەمهێنانی توندوتیژی و توندڕەوی..

دوو نوسەر لە بواری ئابوری سیاسی، زۆر بەوردی ئاماژە بۆ رۆڵی نەگەتیفی نەوت دەکەن لە دروستکردنی توندو تیژی و بەرهەمهێنانی دیکتاتۆر، لە وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت. یەکەمیان میشێل رۆس (Michail.L. Ross) ە کە کتێبی نەفرەتی نەوت (The Oil curse) ی نوسیوەو دووەمیشیان هەریەکە لە گۆردن جۆنسۆن (Gordon M. Johnson) و (مجيد الهيتي) ن کە پێکەوە کتبی - نەفرەتی نەوت، ئابوری سیاسی سەرکوتکردن (لعنة النفط.. الاقتصاد السياسي للاستبداد) یان، نوسیوە.. ئەوەی لەو دوو کتێبەدا جەختی لەسەر کراوە، ئێمە ئەمڕۆ لە کوردستان بە تەواوی بۆنی دەکەین و چاومانلێیەتی و دەیبیستین و مەترسییەکانی بەرجەستە دەکەین.

لەم بارودۆخەدا دەسەڵات و سەرمایە لە چنگی کۆمەڵە کەسێکی گەندەڵ و بێتوانا کۆدەبێتەوە کە هەمیشە لە دژی بەرژەوەندی گشتی ئاراستە دەکرێت. نەوتێکی زۆر هەمیشە واتای دیموکراسیەتێکی کەمتری بەخشیوە، پارەیەکی زۆری نەوت کۆمەڵگایەکی بەکاربەری پیاوسالاری بەرهەمهێناوە. نەوت هەمیشە پەیوەندییەکی راستەوانەی لەگەڵ جەنگی ناوخۆیی و تائیفی تەنانەت کۆمەڵکوژیشدا هەبووە، بە تایبەت کاتێک کۆمپانیاکانی نەوت موڵکی دەوڵەت دەبن، ئەمەش دەسەڵاتداران بەرامبەر بە هاوڵاتیانی خۆیان بێ منەت دەکات و بە ئارەزووی خۆیان و بەشێوەیەکی نهێنی و نا شەفاف لەگەڵ ملیارەکانی داهات رەفتار دەکەن.



# خۆراک و شۆڕشی سۆسیالیستی



جۆن پیتەرسۆن
لە ئینگلیزییەوە- هێمن خالید



تێکچوون و شێوانی پەیوەندی ئەمریکیەکان بە خۆراکەوە زۆربەی جار لە میدیاو ئەکادیمیادا دەلاوێنرێتەوە یاخود جێگای گاڵتەجاریە. ئەوەی کە هەرگیز ڕوون نەکراوەتەوە و قسەی لەبارەوە نەکراوە هۆکاری ڕیشەیی ئەو تێکچوون و شێواویەیە. مارکسیزم ڕوونی دەکاتەوە کە هەلومەرجەکان دیاریکەر و یەکلاکەرەوەی هۆشیاری و ئاگاییە. ژینگەی کۆمەڵایەتی و ماتریالی تۆ بەشێوەیەکی کرداری کاردەکاتە سەر ئەو هەڵبژاردن و ئۆپشنانەن کە بەهۆی زۆرترین هەڵبژاردەکانەوە کە بەردەستن بۆت بڕیاری لەسەردەدرێت. بڕیاری زۆربەی ئەمریکیەکان سەبارەت بە خواردن لەسەر جزدان و کات و بەردەستی و بازاڕکردن و نۆرمە کۆمەڵایەتیەکانی جڤات و پەیوەندیە دووانەیەکانیان بناغەبەندبووە. ئەو نۆرمە کۆمەڵایەتی و کلتوریانە هەروەکو هەڵبژاردنە فەردیەکان، بە هەلومەرجی ماتریاڵی و ئیمکانیاتەکان مەرجدارن.

ئەگەر خۆراکی هەرزان و گونجاو- بەشێوەیەکی زانستی خواست و پێویستی بایۆلۆژیانەمان بۆ چەوری و خوێ و کاربۆهیدراتەکان ڕێکبخات و دابینی بکات- زۆینەی خەڵک دەسیان پێبگات و لەبارەی بزانن و توانای کڕین و بە بەدەستهێنانیان هەبێت، مەزەندە بکە چی هەڵدەبژێرن؟ بەڵام تێکچوون و شێواویەکە زۆر لەمە زیاترە. ئەمریکا دەوڵەمەندترین وڵاتە لەسەر زەوی، کەچی هێشتا ٤٩ملیۆن ئەمریکی-١٥ملیۆن منداڵیشی لەناودا-خۆراکەکانیان بە ناتەندروست حسابی بۆ دەکرێت. وەزارەتی کاروباری کشتوکاڵی ئەمریکا، خۆراکی ناتەندروست وەک "دەستگیربوون و بەردەستی سنوردار یا نادڵنیایی ڕادەی پێویستی خۆرکسازیانە و خۆراکی سەلامەت یاخود ناتوانایی سنوردار و نادڵنیا بۆ کڕین و دەسکەوتنی خۆراکە پەسەندکراوەکان لە ڕێگا پەسەندکراوە کۆمەڵایەتیەکاندا" پێناسە دەکات. ٤.٨ ملیۆن ئەمریکی بەساڵاچوو (خۆراک ناتەندروست) دەبێت هەڵبژاردنەکانیان لە نێوان خۆراک و دەرمان و گەرمیدا بێت، کە زۆربەیان لەکۆتایدا دەگەن بەو ئەنجامەی کە ناچارن خواردنی پشیلە بخۆن.

گۆڤار و کتێبەکانی چێشتلێنان و پرۆگرامە تیڤیەکان و خۆراکەکانی ئنستاگرام(پۆرنی خۆراک) زیاد لە هەرکاتێکی تر پۆپیۆلارن و پەسندکراون. هەروەها بەهۆکاری کەمی، کات و پارە و کارامەی و لێزانی خۆراک دروست کردن ٥٠ملیۆن ئەمریکی پشت بە فاست فوودی ناتەندروست دەبەستن بۆ کەڵەکەکردنی کالۆری ناو جەستەیان ئەمەش هۆکارە بۆ پەتاو ئافاتی قەڵەوی و نەخۆشیەکانی دڵ و جۆری شەکرەی٢ و هەوکردنی جومگەکان و کێشەکانی هەناسەدان و تێکدانی جگەر و جەڵتە و چەندەهای تر.

بەکارهێنانی هەرەمەکیانەی مادە کیمیاوییەکان ومێرووکوژەکان، سەرچاوەی خۆراکی و ژینگە ژەهراوی دەکەن . ٪٨٠ی ئەنتیبایۆتیکە بەکارهێنراوەکان لە ئەمریکا لەسەر کێڵگە و مەزراکان بەکارهێنراون و مەترسی دژە ئەنتیبایۆتیکی (چەشنێکی بەکتریایە کە دژ بە ئەنتیبایۆتیک بەرگری پەیدادەکات) زیاد دەکەن. سەرەڕای هەموو ئەمانەش بەروبووم و قازانج لەسەر خۆراکە ئاسایی و تەقلیدیەکان تەنها ٪٢٠ بۆ ٪٢٥ زیاترە لە چاو خۆراکە ئۆرگانیکی و بێ ئەنتیبایۆتیک و بێ مادە کیمیاوییەکان. سەرمایەدارەکان خەریکی ئاڵوگۆڕ و بزنسی کاڵا بەرهەمهێنراوەکانن تا لە بازاڕەکان بیانفرۆشن نەک خۆراک. بەلایانەوە گرنگ نیە کام چەشنی خۆراک بەرهەم دەهێنرێت، بەڵکو ئامانج گەورەکردنی قازانجە. ئەوە پێوەری بەرهەم هێنانی خۆراک نیە کە زنجیرە و بازنەکە لە مەزراوە بۆ سەر مێزی نان خواردن تێک دەدا و دەشێوێنێت، بەڵکو هەڵپە و وێڵبوونە بۆ قازانج.

## ساڵانە١,٣ ملیۆن بەهۆی کەمی خۆراکەوە دەمرن

پرسیارەکە هەرتەنها ئەوە نیە کە بڕی چەند خۆراک بەرهەم دەهێنرێت، بەڵکو چۆن و بە چ شێوەیەکی عەقڵانی و کاریگەر خۆراکی بەرهەم هێنراو بەکارهێنراوە؟ بەپێی مەزەندەیەک لە ٪٤٠ی خۆراک لە ئەمریکادا لە ڕێستۆرانت و کۆگای سەوزە و میوە و عەمبارەکان و بەفرگری ماڵاندا بەفیڕۆدراوە یا ڕزیوە و فڕێدراوە، هەروەها لەجیاتی گەشەپێدانی سەرچاوە خۆنوێکەرەوە بێسنوورەکانی ووزە، وەک با و پلازما و خۆر، ٪٤٠ی دانەوێڵەی پێگەیشتوو لە ئەمریکا بۆ سوتەمەنی ئیپانۆڵ بەکاردەهێنرێت و بەڕێگەیەکی نەشیاو بلیۆنان دۆلار لە سامانی گشتی بۆ پشتگیری دارایی ئەو کۆمپانیا زەبەلاحانە تەرخانکراوە کە لەگەڵ حکومەت دەستیان تێکەڵ کردوە بۆ چنینەوەی قازانجێکی زۆرو زەوەند. لەئێستادا مرۆڤایەتی خۆراکی تەواو بۆ ١٠بلیۆن کەس پێدەگەیەنێت، کەچی هێشتاش ڕێکخراوی کشتوکاڵ و خۆراکی نەتەوە یەکگرتووەکان مەزەندەی ئەوە دەکات کە بەنزیکی ٨٧٠ملیۆن لە کۆی ٧.١ بلیۆن کەس لەجیهاندا بە دەست کەمخۆراکی درێژخایەنەوە دەناڵێنن، هەروەها ١٠٠ ملیۆن منداڵ لە وڵاتە هەژارەکاندا کەمخۆراکن و یەک لەسەر چواریان تووشی وەستانی گەشەی جەستەیی بوون و ساڵانە ٣.١ ملیۆن بەهۆی کەمی خۆراکەوە دەمرن. تەنها ٣.٢بلیۆن دۆلار خەرجی پێویستە بۆ تێرکردنی ٦٦ملیۆن منالی برسی لەو دونیا پێشکەوتوەدا کە بەسکی برسیەوە دەچن بۆ قوتابخانە- ئەمەش تەنها یەک لەسەر بیست وچواری پوختەی سامانی شاهانەیی(خێرخوازی گەورە) و دەوڵەمەندترین کەسی جیهان بیل گەیتسە! ئەو بەربەریزمە سامناکەی ناو دنیایەکی پڕ قەهر و بوغزە، گوزارشت لە هۆلۆکۆستێکی بێدەنگی ملیۆنان مرۆڤی کوژراو لە هەر ساڵێکدا لەلایەن لۆژیکی نەخۆشی سەرمایەداریەوە دەکات. زیاد لە ٧٥٠٠ ساڵ بەرلەئێستا شۆڕشی کشتوکاڵی چاخی نیۆلۆتیک خاڵێکی وەرچەرخانی یەکلایکەرەوەی ناو مێژووی مرۆڤایەتی نیشانداوە، بۆ یەکەمجار توانراوە خۆراکی تەواو بۆ ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی شارنشین بەرهەمبهێنرێت و ژمارەیەکی زۆری تریش لەوانی تر لە بواری جۆراوجۆردا تایبەتمەندی بەدەست بهێنن و لە کۆتایشدا بوو بەهۆکاری سەرهەڵدانی چینایەتی و دەوڵەت.

سەرەڕای ئەو گەشەسەندن و پێشکەوتنە مێژوویە مەزنە لە ڕێکخستنی کۆمەڵگا و بەرهەمهێناندا، کشتوکاڵ بۆ هەزارەها ساڵ وەک نێچیر و قوربانیەک بۆ تارمای کەشوهەوا و مێروو و نەخۆشیەکان مایەوە. لە ڕابردوویەکی نزیکدا چەندەها مرۆڤ تەنها بەهۆکاری ئەوەی نەیانتوانیوە خۆراکی پێویست پێبگەیەنن یاخود بەهۆی لەناچوونی دانەوێڵەکان لەبرسا مردوون. لەڕاستیدا، جووتیاران ئەمڕۆ لە ئەساسدا پارە و کرێیان پێدەدرێت بۆ وێرانکردن و لەناوبردنی خۆراک نەک بۆ بەرهەمهێنانی. ملیۆنان تۆن خۆراک لە کۆگاکاندا بەشێوەیەکی ئەنقەست کەڵەکە دەکرێت بەخاتری بەرزکردنەوەی نرخ. ئەمڕۆ بێ خۆراکی و لەبرسا مردن دەرئەنجامی بارودۆخە سیاسی و بونیادیەکانە، نەک کەم توانایی و نەبوونی توانای بەرهەمهێنانی خۆراکی تەواو و پێویست. هاوزەمان بە پێشکەوتن و گەشەسەندنی تەکنەلۆژیاوە، ژمارەیەکی کەمی خەڵکانی کرێکار بەچەندین قاتی زیاتریشەوە دەیانتوانی بەشێوەیەکی بەردەوام خۆراکی هەموو هەسارەی زەوی دابین بکەن، کەچی ١.٥ بلیۆن ئینسان پۆتانسێل و ووزەکانیان لە کراندنی بستە زەویەکی بچوکی ڕووت و بێبەرهەم بەفیڕۆدەدەن و زۆربەشیان هێشتا برسی و بێخۆراکن. هێشتاش تاڵانکاری خۆراک

لە زۆربەی بەشەکانی جیهاندا باوە و وجودی هەیە، ئەویش نەک بەهۆکاری دەستنەکەوتنی خۆراک بەڵکو بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بەهۆکاری ئەوەی سەدان ملیۆن ئینسان توانا و قودرەتی کڕینیان نیە. دوای دەیەها چانس بۆ سەلماندنی پێچەوانەکەی، حوکم و بڕیارەکە ڕوونە: سەرمایەداری بێ توانایە و قودرەتی تێرکردنی هەموو دانیشتوانی سەر زەوی نیە. بێمانایی و ناماقووڵیەکە هیچ پەیوەندی بە توانا و پۆتانسێلە بەرهەم هێنەرەکانی ئینسانیەتەوە نیە، بەڵکو پەیوەندی بەو ستراکتۆرانەوە هەیە کە خۆمان دروستمان کردون.

پێشکەوتن و گەشەسەندنەکانی خۆراکسازی و زانستە کشتوکاڵیەکان دەکرێ بواری بەرهەمهێنانی خۆراکی جۆراوجۆر و تەندروست و سەلامەت و بەتاممان بۆ هەموو کەسێک پێبدات. مرۆڤایەتی توانای بەرهەمهێنانی چەندەها جۆری خۆراکی هەیە، بۆ هەردوولایەنی، گەرەنتی ئاسایشی خۆراکی دژ بە نەخۆشی و مێرووەکان و گۆڕانی کەشوهەوا، لەڕێگای چاندن و کێڵگەی جۆراوجۆرەوە، هەروەها بۆ پاراستنی ژەمە خۆراکی سەرنج ڕاکێشیش. ژێرخان و بونیاد بۆ گەشەپێدانی تۆڕێکی فراوانی ڕێستۆرانتی گشتی بۆ پێشکەشکردنی خۆراکی سەرنجڕاکێش و بەلەزەت و فەراهەمکراو، وجودی هەیە. خواردن و چێشلێنانی ماڵەوە دەتوانرێت بگۆڕدرێت بۆ کۆمەڵە چالاکیەکی چێژبەخشی کۆمەڵایەتی، نەک ئەشکەنجەیەکی ناچاری کە بۆ بلیۆنان ئەمڕۆ بۆتە بارگرانی و ئەشکەنجە.

**ژمارەیەکی زۆری خەڵک دەیانەوێت سەبارەت بە خۆراک و کێشە پەیوەندیدارەکان بە ژینگەوە چەند کارێک ئەنجام بدەن**

بەکورتی، زانیاری و تەکنەلۆژیا و پۆتانسێلی هەرەوەزی بۆ گۆڕینی تەواوەتی ئەو شێوازە خواردنەی ئەمڕۆی دنیا بوونی هەیە، بەڵام ئەوەی کە بوونی نیە بریتیە لە بونیاد و ستراکتۆرێکی کۆمەڵایەتی کە ڕێگا بە نزیکبوونەوەیەکی عەقڵانی و هاوسەنگ بۆ بەرهەمهێنان و دابەشکردن و ئامادەکردن و بەکارهێنانی خۆراک بدات. ژمارەیەکی زۆری خەڵک دەیانەوێت سەبارەت بە خۆراک و کێشە پەیوەندیدارەکان بە ژینگەوە چەند کارێک ئەنجام بدەن، بەڵام لە ڕاستیدا و بەشێوەیەکی کرداری پڕۆژە و پێشنیارەکانیان بە پینەو پەڕۆکردنی ئەو سیستەمە هەنووکەیەوە سنوردارن یاخود داواکاری نیازی باش و عەقڵ و ئاوازی بەهێز و خەیاڵین، ئەمەش تەنها یۆتۆپیایە.

**واقیع ناکرێ لە سەرکۆنەکردنی تاکەکان بۆ(هەڵبژاردنە تاکگەریەکانیان)دا**

لە سیستەمێکدا کە بە بەرهەمهێنانی کاڵا و پارە دەئاژورێ و دەناسرێتەوە، ئەوەی بەلای سەرمایەدارەکانەوە گرنگە نە کواڵیتی خۆراک و نە تەندروستی ئینسانە، بەڵکو تەنها قەبە کردنی قازانجەکانیانە. چارەسەر بۆ ئەو لێکترازان و پچڕانەی نێوان پۆتێنشیالیتە و واقیع ناکرێ لە سەرکۆنەکردنی تاکەکان بۆ(هەڵبژاردنە تاکگەریەکانیان)دا یاخود لە گۆڕینی ئەم یا ئەو دەرکەوتەی ڕەوش و بارودۆخەکە بدۆزرێتەوە، بەڵکو چارەسەر بۆ ئەو نارێکی و شێواویەی یەکێک لە سەرەکیترین توخمەکانی ژیانی مرۆڤ بە لەناوبردن و تورهەڵدانی سیستەمە نارێک و لەکارکەوتووەکەی خودی سەرمایەداری دێتە دی.

سەرچاوە

http://www.marxist.com/food-and-socialist-revolution.htm?utm_source=Viber&utm_medium=Chat&utm_campaign=Private

# گۆڕانکاری لەباشوور بەئەلتەرناتیڤێکی نوێ دەکرێت



فواد زیندانی

باشووری کوردستان و جەماوەرە تێکۆشەرەکەی هەمیشە داینەمۆی گۆڕانکاریی بووەو هەردەم سەرچاوەی تێگەیشتنی سیاسی و خاوەن پۆتانسێلی خۆی بووە. هەر لەسەرەتای لکاندنی باشووری کوردستان بە دەوڵەتی دروستکراوی عێراق لە سەرەتای دەیەیی دووەمی سەدەی ڕابردوودا ، هزری سیاسی و چینایەتی سەرەتای دەستپێکێکی بەهێزی خەباتی سیاسی بووە لە باشوور. ئەگەر ئێمە ئاوڕێک لەمێژووی باشووری کورستان بدەینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە باشوور چەندین پارتی سیاسی تێدا دروستبووە و چەندین تێکۆشەر و خەباتکاری چینایەتی و نەتەوەیی بەرهەمهێناوە کە لەهەندێک قۆناغی سیاسی مێژووی عێراقدا پێشەنگایەتی عێراقیان کردووە بەتایبەتی لە بواری خەباتی چینایەتیدا، لەو ڕێگایەش قوربانییەکی زۆری پێشکەشکردووە.

سەرەتا پارتەکانی وەک حیزبەکانی شۆڕش، هیوا، دواتر لە (١٩٣٤/٣/٣١ ) دا پارتی کۆمۆنیستی عێراق لەدایکبوو، پاشان پارتی دیموکراتی کوردستان لە (١٩٤٦/٨/١٦) ڕاگەیەندرا، لە ناوەڕستی شەستەکان باڵی مەکتەب سیاسی کە پێشتر پارتی بوون خۆیان ڕاگەیاند. لەساڵی ( ١٩٧٥) دا یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە چەندین باڵی جیاوازی تێدابوو وەک بزووتنەوەیەکی نوێ خۆی ڕاگەیاند، هەروەها پاسۆک، پارتی گەل، بزووتنەوەی سۆسیالیست دواتر حزبی سۆسیالیست، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان هەبوون، چەندین بەرەپێکهات لەوانەش: بەرەی (جەوقەد، جود، بەرەی کوردستانی)، هەندێک پارتی سیاسی دووچاری دابەشبوون هاتن یان گۆڕانکاریان بەسەرداهات، لە دوای ڕاپەڕین و پارتەکانی ( پاسۆک ، پارتی گەڵ ، سۆسیالیست ) یەکیانگرت دواتر یەکگرتنەکە هەڵوەشایەوە لە دوای ڕاپەڕین چەند پارتێکی تر لەدایکبوون لەوانەش : پارتی ئازادی کوردستان، پارتی کۆمۆنیستی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی، پارتی چارەسەری، حیزبی ئایندە، بزووتنەوەی گۆڕان، تەڤگەری ئازادی ...هتد. هاوکات ژمارەیەک پارت و بزووتنەوەی تر خۆیان ڕاگەیاند کە هەریەکەیان نزیکایەتیان لە گەڵ حزبێکی لەخۆیان گەورەتر هەبوو.

هەتا ساڵانی هەشتاکان و تەنانەت تا سەرەتای ڕاپەڕینە شکۆدارەکی باشووری کوردستان لە بەهاری ساڵی (١٩٩١)، مێژووی تێکۆشانی هەندێک لە پارتە سیاسیەکانی باشوور پڕبوو لە هەڵەی سیاسی، براکوژی، خیانەت، پشتبەستن بە بێگانە، نەبوونی ستراتیژیەتێکی نەتەوەیی، چیانەیتی و ... هتد، بەڵام سەرباری هەموو ئەو نەهامەتیی و دەردەسەرییانەی کەبەسەر گەلی باشووری کوردستاندا هات، جەماوەری گەلەکەمان لە باشووری کوردستان هەر پێداگربوو لە پێناو گەیشتن بە ئازادی، خەڵک لەو بڕوایەدا بوو کە ڕژێمە یەک لەدواییەکانی عێراق ناتوانێت بە ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگواستن و خاپوورکردن و دوورخستنەوە، بەعەرەبکردن، ڕاوەدوونان و ئەشکەنجە و زیندانیکردن و لەسێدارەدان وورەی جەماوەر بڕووخێنێت و ببێتە هۆکاری ئەوەی میللەتی کورد دەستبەرداری خەباتی سیاسی بێت. دوای ئەوەی ڕاپەڕین لە ساڵی ( ١٩٩١) ئەنجامدرا و زۆرینەی شارەکانی باشوور ڕزگارکران.

> **لەسەر داوای داگیرکەرانی کوردستان لەوانەش شەڕکردن لە دژی پەکەکە و هاوکاری کردنی دەزگای ئیتلاعاتی ئێران لە تیرۆرکردنی ئەندامانی حزبە کوردییەکان**

بەرەی کوردستانی باشووری کوردستانی بەڕێوەبرد تا ئەنجامدانی یەکەمین هەڵبژاردن لە (١٩٩٢/٥/١٩) و لەدایکبوونی یەکەمین پەرلەمان لەمێژووی چواربەشی کوردستاندا، دوای دروستبوونی پەرلەمان و حکومەتی پەنجا بە پەنجای پارتی و یەکێتی، بارودۆخی خەڵکی هەرێمی کوردستان لەسایەی دەسەڵاتی حکومەتی کوردی ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبوو، تا گەیشتە ئاستی تیرۆرکردنی سیاسی و هێنانی سوپای بێگانە و ڕاگەیاندنی شەڕ لەدژی پارتەکانی بەشەکانی تری کوردستان لەسەر داوای داگیرکەرانی کوردستان لەوانەش شەڕکردن لە دژی

پەکەکە و هاوکاری کردنی دەزگای ئیتلاعاتی ئێران لە تیرۆرکردنی ئەندامانی حزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لەباشووری کوردستانن، پراکتیزەکردنی دوو ئیدارەیی و تاڵکردنی ژیانی هاووڵاتیان و دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆ کە لە کۆتاییدا بووە هۆی ئەوەی دەیان هەزار هاووڵاتی ڕووبکەنە هەندەران و هەرێمی کوردستان جێبهێڵن بەتایبەتی دوای هەڵگیرسانی شەڕی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە لەساڵی (١٩٩٤) دەستپێکرد !!

لە ساڵی ( ٢٠٠٣) دا ڕژێمی ناوەندی عێراق ڕووخا و کۆتایی پێهات چووە زبڵدانی مێژوو، عێراق لەلایەن (پۆڵ برێمەر) بەشێوەیەکی کاتی بەڕێوە دەبردرا، دواتر ئەنجوومەنی حوکم ( مەجلس الحکم ) پێکهات لە ساڵی (٢٠٠٥) دەستوری عێراق ڕاگەیەندرا، پاشان هەڵبژاردن کرا پەرلەمانی عێراق لەدایکبوو، بەهەمانشێوە حکومەتی عێراق پێکهات کوردیش لە پەرلەمان و حکومەتی ناوەندی بەشداربوون. ماددەی (٥٨) کە دواتر ماددەی (١٤٠) جێگای گرتەوە تایبەت بوو بە ناوچە کوردییەکانی ژێر دەستی حکومەتی ناوەندی عێراق، گەلی کورد بەپەرۆشەوە چاوەڕێبوو ناوچە کوردییەکان بگەڕێنەوە سەر جوگرافیای هەرێمی کوردستان، بەڵام نەبووونی ستراتیژیەتی سیاسی لایەنی کوردی و زاڵبوونی بەرژەوەندییە شەخسی و حزبییەکان بەسەر بەرژەوەندی گشتی و لاوازی هەڵوێستی نوێنەرانی کورد لە بەغدا بووە هۆکاری نەگەڕانەوەی ئەو ناوچانە بۆ سەر هەرێمی باشووری کوردستان.

هەرێمی کوردستان دوای ڕووخانی ڕژێم بۆ ماوەیەک کاتێک بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان ئاستێکی پێوانەیی تۆمارکرد، گەشەسەندنی ئابووری بەخۆیەوە دیت لە بوارەکانی فرۆشی داهاتی نەوت و بووژانەوەی کەرتەکانی بیناسازی و گەرمبوونی بازاڕی کڕین فرۆشتنی زەوی و خانوو ... هتد، بەڵام نەبوونی پلانێکی ئابووری تۆکمە و ناڕوونی لە داهات و فرۆشی نەوت و بەتاڵانبردنی سامانی سەر زەوی و ژێر زەوی لەلایەن دەسەڵاتدارانی کورد بەگشتی و بنەماڵەی دەسەڵاتدار لە هەردوو زۆنی زەرد و کەسک بەتایبەتی، هەروەها بەرزو نزمی نرخی نەوت لەبازاڕەکانی جیهان کاریگەری ڕاستەوخۆی کردە سەر ژیانی هاووڵاتیانی هەرێمی باشووری کوردستان و هاوکات بووە هۆی سستبوونی و کەرتە جیاوازەکانی ئابووری تاوایلێهات بووژانەوەکە پاشەکشە بکات و هەژاری و بێکاری باڵ بەسەر کۆمەڵگادا بگرێ.

هەرچەندە لەهەرێمی کوردستان تائێستا چەند جارێک هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجامدراوە، بەڵام ئەنجامەکان ئەوەیە کە بەچاوی خۆمان دەیبینین ! لە (١٩) ئابی ساڵی ڕابردوو وادەی پۆستی سەرۆکی هەرێم کۆتاییهات و ئامادەنەبوو دەستبەرداری پۆستەکەی بێت، هاوکات ڕێگری کرا لە سەرۆکی پەرلەمان بێتە هەولێر و چوار وەزیری کابینەی حکومەت ناردرانە ماڵەوە.

## دەتوانین ناوی بنێین " سەد ساڵ خەبات و دەردەسەری "

لەساڵی (٢٠١٤) دوای ئەوەی هێزە تیرۆریستیەکانی (داعش) بەپاڵپشتی ڕژێمەکانی ئەردۆغان و سعودیە و قەتەر لە (٢٠١٤/٦/١٠ ) دا شاری موسڵی کۆنترۆڵکرد و نوری مالیکی جبەخانەیەکی زەبەلاحی بۆ بەجێهێشت، لە (٢٠١٤/٨/٣) ئەو هێزە تاریکەی تیرۆریستیەی داعش، بەهۆی بەرگرینەکردنی هێزە سەربازییەکانی هەرێمی کوردستان شارۆچکەی (شەنگال) ی کۆنترۆڵکرد و هەزاران ژن و منداڵی بێتاوانی کوردانی باوەڕمەندی ئێزیدی کەوتنە دەست داعش و تا ئێستاش لەبازاڕ ەکانی ژێر دەستی داعش دەفرۆشرێن! ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد دەتوانین ناوی بنێین " سەد ساڵ خەبات و دەردەسەری "، بەڵام ڕێژەی نیوەی زیاتری ئەو دەردەسەرییە بەتایبەتی لە (٣٠) ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتدارانی حزبە کوردیەکان هاوشێوەی ڕژێمەکانی عێراق لێی بەرپرسیارن! ماوەی (٢٥) ساڵە ڕژێمی عێراق بەفەرمی لە باشووری کوردستان نەماوە، بەڵام ڕەوشی باشوور ئێستا لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی زۆر دژوارە.

ئەوانەی بەناوی شەرعیەتی شۆڕشگێڕی بەردەوامن لە خیانەتکردن و تاڵانکردنی سامانی هەرێمی کوردستان، بە بەرنامە کاردەکەن لەسەر چۆنیەتی شکاندنی کەسایەتی تاکەکانی ئەم هەرێمە و برسیکردنی خەڵک و بڕینی مووچە و بێ ئومێدکردنی خەڵک،

دەبێت ئەو دەسەڵاتدارانە ئەو ڕاستیەش بزانن کە ئەگەر ڕۆژێک لەڕۆژان پێشمەرگەش بووبن، بەڵام بەو کردارانەی ئاماژەمان پێکرد خودی ئەو دەسەڵاتدارانە دەیسەلمێنن نەک هەر پێشمەرگە نین و پێشمەرگەش نەبوونە، بەڵکو دژبەری میللەتن و بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ دژایەتی جەماوەر دەکەن، خوێن مژین، جگە لە خیانەتکردن لە میللەت پیشەی تریان نییە، هەرچی ڕوودەدات لە هەرێمی کوردستان حزبە دەسەڵاتدارەکانی بەشدار لە کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر پێنج لایەنەکە بەتایبەتی پارتی و یەکێتی لێی بەرپرسیارن، دژی بەرژەوەندی تەواوی کۆمەڵگان، هاوکات لە خزمەتی ڕاستەوخۆی بنەماڵەی دەسەڵاتدارە !!

**ئاساییە بەم نزیکانە جەماوەر بێ ئومێدی بشکێنێ و بڕیاری خۆی بدات و تاقمی تاڵانچی بێ ئومێد بکات**

جەماوەری باشووری کوردستان، جاری یەکەم نییە لەلایەن تاقمی دەسەڵاتدار بێ ئومێد دەکرێت ، حزبی بەعس چل ساڵ بەو شێوەیە ڕەفتاری کرد و ئەنجامەکانمان لەکۆتاییدا بەچاوی خۆمان دیت.

ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبکرێ ئەوەیە، ئەو جەماوەرە ئاستی هۆشیاری سیاسی و تێگەیشتن و خوێندنەوەی بۆ سەرجەم پارتەکان و سەرکردەکان و هەڵسوکەوتی بنەماڵەی دەسەڵاتدار و هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە زۆر بەرزە، بۆیە ئاساییە بەم نزیکانە جەماوەر بێ ئومێدی بشکێنێ و بڕیاری خۆی بدات و تاقمی تاڵانچی بێ ئومێد بکات. ڕەنگە هەر تاکێک پرسیار بکات چۆن لەو بێ ئومێدیە هیوا دروستدەبێتەوە؟ کۆتایی بەو سیستەمە چەپەڵە دەهێندرێت؟ بابەتێکی زانستی فیزیاویە، هەموو کارێک کاردانەوەی هەیە، لەئەنجامی پاڵەپەستۆ کاردانەوەی سەرتاسەری جەماوەری ڕوودەدات. جەماوەر دەستدەکات بە تێپەڕاندنی حزبی کلاسیک، ئایدیۆلۆژیای کلاسیک، سەرکردەی کلاسیک، شێوازی کارکردنی کلاسیک، سیستەمی کلاسیک. بۆ تێپەڕاندنی حزب و ئایدۆلۆژیا و سەرکردە و شێواز و سیستەمی کلاسیک پێویستمان بە مۆدێلێکی تازە هەیە، ئەو مۆدێلەش زۆری نەماوە لەباشوور لەدایک ببێت، هاوکات زەمینەی باشووری کوردستان زۆر لەبارە بۆ پیادەکردنی ئەو مۆدێلە، چونکە هەر تاکێکی کورد خۆی تیاییدا دەبینێتەوە.

دیموکراتیەت لەسەر بنەمای هێزی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی کە تیاییدا هەموو تاکێکی کۆمەڵگا هەموو ئەوانەی لەسەر خاکی کوردستان دەژین واتە ئایین و نەتەوە جیاوازەکان هاوشێوەی گەلی کورد تەواوی مافەکانیان بۆ دەستەبەر بکرێ و ڕێز لە زمان و نەریتیان بگیرێ، هەر هەرێمێک بەشێوەیەکی ئۆتۆنۆم خۆی بەڕێوەببات بۆ هێنانەدی کۆنفیدڕاڵیزمی دیموکراتی ئەوەش نەخشە ڕێگای چارەسەرییە بۆ کوردستان .

ئێستا هەندێک لە وڵاتە جیاوازەکانی جیهان، گەلان سوود لەو فەلسەفە و شیکارەکانی بەڕێز(عەبدوڵا ئۆجالان ) وەردەگرن، بۆ ئەوەی وەک چارەسەری بنەڕەتی بەبنەمای بگرن، بەتایبەتی دوای ڕووخانی بلۆکی سۆسیالیزم، مارکسیزم گەیشتە خاڵێکی چەقبەستوو، بێ چارەیی باڵی بەسەر باوەڕمەندانی چەپدا داگرت.

ئێستا باوەڕمەندانی چەپ و دیموکراتی لە ئەوروپا و ئەمەریکای لاتینی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سیستەمی کۆمۆن و خۆسەری دیموکراتی و گەیشتن بە کۆنفیدڕالیزمی دیموکراتی وەک چارەسەرێکی زانستی بۆ دەربازبوون لەو چەقبەستە هزریە دەبینن، چونکە جێبەجێکردنی ئەو سیستەمە خۆی لەخۆیدا پراکتیزەکردنی سۆسیالیزمە.

**قەیرانی یەک لەدوای یەک بەهۆی حزبەکانی دەسەڵاتەوە دروستبووە، میللەت بڕیاری خۆی دەدات**

دەسەڵاتی بەناو سیاسی لەهەرێمی کوردستان بۆ بەرەودان بە ئاکارەکانی، بێدەنگی جەماوەری هەڵقۆستۆتەوە، هاوکات شەڕی داعشی هەڵقۆستۆتەوە، بەڵام دەسەڵاتی سیاسی و حزبەکانی ناو پەرلەمان و حکومەت دەبێ ئەو ڕاستیە بزانن کە هەموو

بێدەنگیـەک نیشـانەی قەبووڵکـردن نییـە. دەسـەڵاتدارانی هەرێـم وەک مێگـەل دەڕواننـە میللـەت، وادەزانـن میللـەت توانـای بیرکردنـەوەی سیاسـی نییـە! بۆیـە بێباکانـە لـەدژی میللـەت هەڵسـوکەت دەکـەن!! لێـرەدا پێویسـتە ئامـاژە بـەوە بکەیـن هەمـوو حزبێکـی گەنـدەڵ لەهەرێمـی کوردسـتان مەترسـیە بـۆ سـەر گەلـی کـورد، بـەڵام ئەگـەر حزبێـک گەنـدەڵ بێـت و لەسـەربنەمای خێڵەکـی دروسـتبووبێ و ئەندامانـی بنەماڵـە تیاییـدا دەسـەڵاتداربن، مەترسـی لەسـەر گەلـی کـورد زۆر زیاتـرە لـەو حزبـەی کـە گەندەڵـە بـەڵام خێڵەکـی نیـە، چونکـە گۆڕانـکاری لـە عەقڵیەتـی حزبـە خێڵەکـی و بنەماڵەییـەکان کارێکـی زۆر زەحمەتـە.

دەسـەڵاتدارانی هەرێم لەپێناو بەرژەوەنـدی حزبیی و تاکە کەسـیی و بنەماڵەیـی تـەواوی دەسـتکەوتەکانی هەرێمی کوردسـتان کـە بەخوێنی هـەزاران شـەهید و زیندانیانـی سیاسـی و پێشـمەرگە بەدیهاتـووە بـە فیـڕۆدەدەن، لەپێنـاو مانـەوەی خۆیـان و بەردەوامبـوون لەتاڵانکـردن پـەرە بـەو سیسـتەمە چەپەڵـە دەدەن کـە سـەپاندویانە بەسـەر گەلـی

## گەلی باشووری کوردستان ئەمڕۆ لە دوێنێ و پێری باشتر دەزانێ دزی و درۆ دوو کاراکتەری نەگۆڕی سەرکردەی حزبی کلاسیکی کوردستانن

باشـووری کوردسـتان. دەبـی سـەرکردەی لایەنـە کلاسـیکیەکانی کوردسـتان ئـەو ڕاسـتیە بزانـن کـە فرۆفێڵکـردن لـە میللـەت لـە ڕێـگای چەواشـەکاری بەنـاوی ڕیفرانـدۆم و ڕاگەیاندنـی دەوڵەتـی کوردی، یان چوونـە ئەوروپـا و مانـەوە بـۆ چەندیـن مانـگ بەنـاوی چارەسـەری پزیشـکی و کاری تایبـەت دواتـر دووبـارە گەڕانـەوە بـۆ کوردسـتان، یارییەکـی زۆر کلاسـیکە ناتوانـێ هیـچ منداڵێکـی باشـووری کوردسـتان هەڵبخەڵەتێنـێ، باشـتر وایـە بـە ڕاشـکاوانە ڕایبگەیەنـن، بڵێـن هیچـمان پێنیـە بـۆ میللـەت!!

گەلـی باشـووری کوردسـتان ئەمـڕۆ لـە دوێنـێ و پێـری باشـتر دەزانـێ دزی و درۆ دوو کاراکتـەری نەگـۆڕی سـەرکردەی حزبـی کلاسـیکی کوردسـتانن، سـەرکردەیەک کـە خـاوەن ئایدیۆلۆژیـا، بەهـرەی سیاسـی و فەلسـەفەی ئەخلاقیاتـی سیاسـی نەبێـت و تەنیـا خـاوەن دەسـتەواژەی مـاوە بەسـەرچووبێت، گەندەڵـی بکاتـە ناسـنامە بـۆ خـۆی و بـۆ پارتەکـەی هـەر ئەوەنـدەی لـێ چـاوەڕوان دەکرێـت.

## گەلی باشووری کوردستان باش دەزانێت دەسەڵاتدارانی هەرێم بە چ کارتێک یاری دەکەن

جەمـاوەری باشـووری کوردسـتان بڕیـاری خـۆی داوە ڕێـگا چارەی ڕاسـت بەبنەمـا بگـرێ و سـوود لـە ئەزمـوون و ئایدیۆلۆژیـا و فەلسـەفەی شۆڕشـی نـوێ میللەتەکەمـان لەبەشـەکانی تری کوردسـتان و میللەتانـی جیهـان وەربگـرێ، گەلـی کـورد پێویسـتی بـە دەوڵەتۆکەی کـوردی نیـە کـە تیاییـدا دەسـتبەرداری ناوچـە کوردسـتانییەکانی ژێـر دەسـتی حکومەتـی ناوەنـدی عێـراق بێـت و جگـە لـەوەش تەنیـا دوو پارێـزگا لـە خـۆ بگـرێ و لـەوەش کۆمێـدی تـر هەمـان سـەر و چـاو، هەمـان تاقـم و خێـڵ و بنەماڵـە بەشـێوەیەکی نەگـۆڕ دەسـتی بەسـەردابگردن و هەتاهەتایـە دەسـەڵاتداربن، دیکتاتۆریەتـی خۆیـان بکەنـە دەسکەوت و بیفرۆشـنەوە بـە میللـەت، تەنانـەت یەکگرتنەوەی دوو حـزب و زیاتریـش نابێتـە وەڵام بـۆ میللـەت، چونکـە گۆڕانـکاری دروسـت نـاکات ئـەو هێزانـەی ئەمـڕۆ یەکـتر دەگـرن هەڵقـوڵاوی هەمـان قوتابخانـەی دوێنێـن، ڕووکردنـە ئەنکـەرە، تـاران، بەغـداش تەنیـا بـۆ هاوسـەنگکردنی تـەرازووی هێـزە لەنێـوان هابیـل و قابیـل بەتایبەتـی لەبـواری ئابـووری، ئـەوەش خزمـەت بەگەلـی کـورد و دۆزە ڕەواکـەی نـاکات.

مـەرج نیـە دەسـەڵات گۆڕیـن لـە ڕێـگای شۆڕشـی چەکـداری بێـت، بەڵکـو دەکـرێ بـە فەلسـەفەی مۆدێـرن گـەل تاقمـی خـۆ سـەپێندراوی دەسـەڵات بێکاریگـەر بکات و بەشێوەیەکی خۆسـەر خـۆی بەڕێوەببات ئـەوەی لـە شـەقام پێویسـتە داوابکرێـت دەبێـت لـە سـەرەوە جێبەجێبکـرێ، ئـەوەش سیسـتەمێکی مۆدێرنـە پێچەوانـەی هەمـوو سیسـتەمە دیکتاتۆرییەکانـە کـە لەسـەرەوە هـەر بڕیارێـک بـدەن دەیسـەپێنن بەسـەر میللـەت لـە خـوارەوە دەبێـت جێبەجـێ بکرێـت! گەلـی باشـووری کوردسـتان بـاش دەزانێـت دەسـەڵاتدارانی هەرێـم بـە چ کارتێـک یـاری دەکـەن. دەسـەڵاتێک نەخوێنێتـەوە، نەنووسـێ، گـوێ نەگـرێ، بەرگـری لـە بەرژەوەنـدی گەلەکـەی نـەکات و

وابەستەی سوپا و هێزی بێگانەبێت، لەبەرامبەر بۆمبارانکردنی ڕۆژانەی هەرێمی کوردستان لەلایەن تورکیا و ئێران هیچ هەڵوێستێکی نەبێت، بەرامبەر بەداخوازییەکانی جەماوەر کەڕ و لاڵ بێت، ئامادەبێت مووچەی خەڵک تاڵان بکات، ڕۆژنامەنووس تیرۆر بکات، چالاکانی مەدەنی ئەشکەنجە و دەستبەسەربکات، گردبوونەوە و خۆپیشاندان کۆڕ و کۆبوونەوەی جەماوەری قەدەغە بکات، بێباکانە بەردەوامبێت لە تاڵان کردنی وڵات و هەڕاجکردنی خاکی کوردستان، بۆ ئازادکردنی هەزاران ژن و منداڵی کوردی باوەڕمەندی ئێزیدی لەژێر دەستی تیرۆریستانی داعش خاوەن هیچ بەرنامەیەک نەبێت، سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە ئەو دەسەڵاتە ترسنۆکترین و بێ ئابرۆترین و بێبەرنامەترین دەسەڵاتە لەسەر ڕووی زەمین، گەلی کورد لە هەرێمی باشووری کوردستان کە هەرێمێکە شایستەی ئەوەیە ناوی بنێین هەرێمی " ملیۆن شەهید " لەبەر ئەوەی قوربانیەکی یەکجار زۆری داوە شایانی خزمەتکردنە، نەک بەوشێوەیە لەسایەی سیستەمێکی فیوداليزمدا بچەوسێندرێتەوە و سوکایەتی بە ڕەنج و خەباتی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و پێشمەرگە بکرێ!!.

## گەلی باشووری کوردستان باش دەزانێت دەسەڵاتدارانی هەرێم بە چ کارتێک یاری دەکەن

دەستەواژەی هیچ ناکرێ بەرامبەر بەو دەسەڵاتە، دەستەواژەیەکی پووچە، کاتی بەسەرچووە، چونکە تا ئێستا نەبوونی پێشەنگ و بوونی بۆشاییەکی ئایدیۆلۆژی هۆکارێکی سەرەکی خامۆشبوونی گۆڕەپانەکەبوون، بەڵام پراکتیزەکردنی ئایدیۆلۆژیای مۆدێرن بە میتۆدێکی کۆپەراتیڤ کە لەئەنجامدا ببێتە گەرەنتی بۆ باشترکردنی ژیانی خەڵک و هێنانەدی یەکسانی لە ئەرک و مافەکان و دابینکردن هەلی کار بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگا بەبێ جیاوازی ڕەگەزی، نەتەوەیی، ئایینی ... هتد، دەبێتە ڕێگای ڕاست بۆ دەربازبوون لەو سیستەم و تاقمەی کە خەباتی نەتەوەی باشووریان لەکەدارکرد.

هەموو سیستەمێکی ئەنتی دیموکراتی لە جیهان لە بزووتنەوە جەماوەرییەکان دەترسێ، بۆ ئەم مەبەستەش یەکەم هەنگاو کە بیری لێ بکاتەوە بەکارهێنانی هێزە لەدژی جەماوەر، بەڵام ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە، لەهەموو شۆرشێکی میللیدا جەماوەر مافی خۆپاراستنی هەیە لە چوارچێوەی پاراستنی ڕەوادا.

## قەیرانی یەک لەدوای یەک بەهۆی حزبەکانی دەسەڵاتەوە دروستبووە، میللەت بڕیاری خۆی دەدات

مێژوو و تاقیکردنەوەکانی گەلان بەڵگەن لەسەر ئەوەی هیچ ڕژێمێکی ئەنتی دیموکراتی ناتوانێت بەزەبری چەک بەرەنگاری جەماوەر ببێتەوە، درندەیی ڕژێمی سۆمۆزا لە نیکاراگوا لەساڵی (١٩٧٨- ١٩٧٩) ، ڕژێمی پاشایەتی ئێران (شا) ساڵی (١٩٧٩ ) ، ڕژێمی بەعسی عێراق لەساڵی (١٩٩١) ، ڕژێمەکانی وڵاتانی کە بە شۆرشی بەهاری عەرەبی ناسراون چەند نموونەیەکی ئەو ڕاستیەن.

سەبارەت بە دەسەڵاتی ئەنتی دیموکراتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی یەکەم کە دەسەڵات پەنای بۆ برد و ئامادەیە دووبارەی بکاتەوە بەکارهێنانی چەک و کوشتنی هاووڵاتیانی نارازیە بەڵگەش زۆرە لەسەر ئەو تاقیکردنەوەیە. هەنگاوی دووەم دەسەڵاتی هەرێم لەپێناو مانەوەی خۆی کە پەنای بۆ دەبات ئەوەیە هێزە ئیسلامیەکان لەدژی جەماوەر بەکاردێنێ و لە ڕێگای ڕەخساندنی دەرفەت بۆ ئەو هێزانەی وەک سەلەفی، ئیسلامی سیاسی، توندڕەوە ئیسلامیەکان و ... هتد، بەشێوەیەک وەک بۆند لەنێوان دەسەڵات و ئەو هێزانە مۆرکرابێ وا مۆڵەتیان پێدەدات بۆ ئەوەی کار لەسەر جەماوەر و شەقام بکەن بەمەرجێک لەدژی دەسەڵات نەبن.

چالاکانی مەدەنی، ژنان، گەنجان، ڕۆژنامەنووسان، مامۆستایان، زیندانیانی سیاسی و پێشمەرگە و بنەماڵەی شەهیدان، کەمئەندامان، جوتیاران، کرێکاران، ڕۆشنبیران و مووچەخۆر، خانەنشینان و هەر تاکێکی کۆمەڵگا و هەموو ئەو توێژانەی لە چوارچێوەی بەرگریکردن لە مافەکانیان لە تێکۆشاندان، پێویستە ئەو ڕاستیە بزانن کە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان هیچ شەرعیەتێکی نەماوە،

لەچوارچێوەیدا هیچ داواکارییەک ئاراستەی دەسەڵاتێکی ناشەرعی نەکرێت باشترە لەبەرئەوەی داواکردنی دەبێتە هۆی شەرعیەت پێدانی. ئەوەی پێویستە چین و توێژەکانی گەل ئەنجامی بدەن ئەوەیە لەگەڵ لەدایکبونی ئالتەرنەتیڤی نوێ کە ڕۆڵی پێشەنگ دەبینێ بۆ گۆڕانکاری ڕیشەیی، هەر تاکێکی کۆمەڵگا تیاییدا جێگا بگرێ بۆ ئەوەی کۆتایی بە دەسەڵات وسیستەمی بنەماڵە و کۆمپانیای قاچاخچی و نۆکەری بێگانە بهێندرێ و شۆڕشی میللی بەرپابێت، سیستەمی کۆمۆن بەشێوەیەکی کۆپەراتیڤ ببێتە سیستەمی بەڕیوەبردن، کۆتایی بە وشەی دەسەڵات بهێندرێ، چونکە دەسەڵات لەبنەڕەتدا پێویست نیە، ناوەڕۆکی دەسەڵات بریتیە لە کۆمەڵێک دەزگای داپڵۆسێنەر لەدژی میللەت کاردەکات و سیستەمی کەمینەی دیکتاتۆریەتی بنەماڵەیی دەپارێزێت، بۆیە لەبری دەسەڵات بەڕیوەبەرایەتی دیموکراتی پێویستە.

**لەسەر ڕووی زەوی هیچ دەسەڵاتێک نیە نەوت و سامانی وڵاتەکەی بفرۆشێ و داهاتەکەی بچێتە گیرفانی چەند کەس و تاقمێک**

بۆ دەرچوون لەو گێژاوەی هەرێمی باشووری کوردستان کە لەئەنجامی ژمارەیەکی بێ کۆتای قەیرانی یەک لەدوای یەک بەهۆی حزبەکانی دەسەڵاتەوە دروستبووە، میللەت بڕیاری خۆی دەدات، چیتر پێویست بە چاوەڕوانی ناکات، کۆمەڵێک پارتی بەناو سیاسی کە بەرژەوەندی پلە و پۆست و دەسەڵات و پارە کۆیان دەکاتەوە، بەشێوەیەک سەنگەریان لەمیللەت گرتووە کە دەنگی ناڕەزایەتیان لەهەرێمی کوردستان نەهێشتووە، لەسەر ڕووی زەوی هیچ دەسەڵاتێک نیە نەوت و سامانی وڵاتەکەی بفرۆشێ و داهاتەکەی بچێتە گیرفانی چەند کەس و تاقمێک و بێباک بێت لە کاردانەوەی جەماوەر!! تەنیا دوو حزبی دەسەڵات واتە پارتی و یەکێتی بەرپرسیار نین لەدۆخەکە، ئەوانەی ناڕەزایەتی جەماوەریان هەڵقۆستەوە بۆ گەیشتن بەدەسەڵات و دەنگدەرانی خۆیان هەڵخەڵەتاند و چوون بەشداری کابینەی حکومەت بوون ئەوانیش بەرپرسیارن، ئەو سێ حزبەی لەگەڵ یەکێتی و پارتی کابینەی حکومەتیان پێکهێناوە هەر لەسەرەتاوە لەخزمەتی یەکێتی و پارتیدابوون، چونکە بەشداریکردنیان بەشێوەیەکی ئاسۆیی بوو، پۆستیان هەبوو، بەڵام بڕیاری سیاسیان بەدەستنەبوو، بەپێچەوانەوە پارتی و یەکێتی بەشێوەیەکی ستونی لەسەرەوە بۆ خوارەوە هەموو جومگەکانی دەسەڵات و بڕیارەکانیان بەدەست بوو، بەڵام لە پڕاکتیکدا هەر پێنج حزبەکە خزمەت بەبەرژەوەندی یەکتردەکەن کە لەناوەڕۆکدا زەرەمەندی یەکەم جەماوەرە، چونکە هەرچی دەگوزەرێ لەسەر حسابی جەماوەرە و لەخزمەتی دەسەڵاتە!!.

**بۆ ئەم مەبەستەش بڕیار، ئیرادە، باوەڕ بەخۆبوون پێویستە بۆ ئەوەی ئەو ئالتەرناتیفەی کە پێویستە بۆ هەرێمی کوردستان بەمزووانە لەدایک بێت**

هەر تاکێکی کۆمەڵگا مافی ڕەوای خۆیەتی بۆ دەرچوون لەو گێژاوە و لەپێناو پاراستنی دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان کە بەرهەمی خەباتی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و پێشمەرگە و جەماوەرە کە (سەدە)یەکی خایاندووە تا بەدیهاتووە، بەشێوەیەکی کارا بەشداری گۆڕانکاری ڕیشەیی بێت لەهەرێمی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش بڕیار، ئیرادە، باوەڕ بەخۆبوون پێویستە بۆ ئەوەی ئەو ئالتەرناتیفەی کە پێویستە بۆ هەرێمی کوردستان بەمزووانە لەدایک بێت و ببێتە ئامرازی هێنانەدی ئامانجە سەرەکیەکە کە گۆڕانکاری ڕیشەییە.

# "ڕۆڵی ژنان لە بورای سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا"



ویژدان نورەدین

پێشەکی :

ژنـان ڕۆڵـی سـەرەکیان هەیـە لـە لـە بونیادنانـی کۆمەڵگـەدا، هەروەهـا دروسـتکەری ژیانـن، ڕۆڵـی پێشـەنگیان هەبـووە لـە زۆربـەی ئـەو شۆرشـانەی لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا ڕویانـداوە، هـەر لەبـەر ئـەوەش ڕۆڵـی خۆیـان لـە کایەیـی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـدا بـە تـەواوی گێـڕاوە، شانبەشـانی پیـاوان دەبێـت جێگـەو پێگـەی ژنـان لـە بەڕێوەبـردنی کۆمەڵگـەدا تـەواو بەرجەسـتەبێت، بەپێـی تواناکانیـان ئەرکـی خۆیـان جێبەجێبکـەن، ئەگـەر لـە کۆمەڵـگادا پـرسی ژن لایـەنی مێـژووی کۆمەڵایـەتی هەڵسـەنگێنین ئـەوا دەبینیـن ئـەم پرسـە سـەرچاوەی هەمـوو پرسـەکانی کۆمەڵگایـە، ئەگـەر چـاو پیاخشـاندنێکی کـورت بکەیـن بەنـاو مێـژووی کۆنـدا ئـەوە دەتوانیـن لەسـەردەمی (کۆمـۆنی) دەسـت پێبکەیـن کـە مێـژووی ئـەم قۆناخـە دەگەڕێتـەوە بـۆ نێـوان سـاڵانی (٤٠٠٠-٢٠٠٠)پ.ز. هەندێـک لـە مێژوونوسـان ئـەم سـەردەمە بـە چەرخـی زێڕیـن نـاو دەبـەن چونکـە قۆناخێکـە کـە ژن تیاییدا پێشـەنگە، ژیـان لـە دەوروبـەری ژن پێشـدەکەوێت هـەر بۆیـە دەتوانرێـت ئـەم قۆناخـە وەکـو لوتکـەی کۆمەڵگـەی دایـک بەناوبکرێـت، دوابـەدوای ئـەم سـەردەمە سـەردەمی ململانێیـی نێـوان خواوەنـدەکانی ژن و پیـاو دەسـت پێـدەکات کەئەمـەش لـە نێـو سـاڵانی (٤٠٠٠ - ٢٠٠٠) پ.ز خـۆی دەبینێتـەوە.

دەتوانیـن بڵێیـن لـەم سـەردەمەدا هێـزی ژن وردە وردە بـەرەو لاوازبـوون دەچێـت و لەبەرامبـەردا هێـزی پیـاو زاڵدەبێـت، بـەدوای خۆشـیدا کێشـەی کۆمەڵایـەتی سـەرهەڵدەدات، ئیـدی قۆناخـی کۆتایـی کـە لـە سـاڵانی (٢٠٠٠) پ.ز. دەسـتپێدەکات هەتاکـو ئەمڕۆمـان بەردەوامـە کـە تیایـدا پیـاو توانیویەتـی لـەم مێـژووە (٤٠٠٠) سـاڵیەدا هێزێکـی زۆرداری ژنی لـە هەمـوو گۆڕەپانـەکانی ئابـوری و کلتـوری و سیاسی دا بخوڵقێنیـت، لـە بەرامبەریشـدا دیـل بـوونی ژن توندتـر کـراوە، سـەرباری ئـەوەی ژن لـە کۆمەڵگـەی ڕۆژهـەڵاتی ناوینـدا دووچـاری گەلێـک کۆسـپ و بەرهەڵسـتی کۆمەڵگـە هاتـوە بـەڵام توانیویتـی ڕۆڵـی خـۆی لەکایـە سـیاسی و کومەڵایـەتی و تەنانـەت ئابوریـش ببینێـت، هەرچەنـدە لـە زۆربـەی کاتەکانـدا ئـەوە چپێـنراوە بەگوێـی ژنانـدا کـە سیاسـەت پیشـەی پیاوانـە و ژنـان لێـی تێناگـەن، هەڵبەتـە ئەمـەش جۆرێکـە لـەو فێـل و تەڵەکەبازییـەی کـە لەلایـەن سیسـتەمی پیـاو سـالاری بەرامبـەر بـە کیـانی ژنـان دەکرَیـت، مەبەسـتیانە کـە ژنـان لـە چوارچێوەیـەک قەتیـس بکـەن و تەنهـا بۆمەرامـی ئـارەزوی خۆیـان بیهێننـە گـۆڕێ، ئەمـەش وایکـردوە کـە ژنـان لـە دەرەوەی بازنـەی سیاسی و حزبیـدا ببینرێـت بەڵگەشـمان ئەوەیـە کـە زۆر لەحـزب و گروپـە سیاسیەکان دەبینرێـت کـە ڕۆڵـی ژنـان تیایدا کەنارگیرخـراوە هیچ پلـەو پاییەکـی بەهێـزی پێنـەدراوە تەنانـەت لـە کاتی هەڵبژاردنەکانیشـدا تەنهـا ڕۆڵـی پڕکردنـەوەی پێویسـتی پرۆسـەکەی پێدەدرێـت، هەڵبەتـە ئـەم دوورخسـتنەوەیەش خزمـەت بەدەسـەڵاتی پیـاو سالاری دەکات.

**ژن دەتوانێت سیاسەت بکات، سەبارەت بە ئاینە ئاسمانیەکانیش لە دەقەکانیاندا بەهای ژنانیان بەڕێزەوە نرخاندوە**

لـە کاتێکـدا سیاسـەت هونـەری بەڕێوبـردن و خسـتنەڕووی پێویسـتی کۆمەڵگەیـە و شـیکردنەوەی کێشـە کۆمەڵایەتیـەکان و چارەسـەرکردنیەتی، ژن بەهـۆی ئـەو هێـزەی کەهەیـەتی دەتوانێـت هەسـتێت بەبەجێگەیانـدنی هەمـوو ئەمانـە، کەواتـە ژن دەتوانێـت سیاسـەت بـکات، سـەبارەت بـە ئاینـە ئاسـمانیەکانیش لـە دەقەکانیانـدا بەهـای ژنانیـان بەڕێـزەوە نرخانـدوە، نمونـەی ئەمـەش لـە ئاینـی ئیسـلامیش ژن پێگـەی خـۆی هەبـووە نمونـەش (خدیجـەی خێـزانی مەحمـەد)د.خ، کـە خـاوەن هێزیکـی ئابـوری بـوو، توانیبـووی بەسـەرکەوتوی کارەکانی ئەنجـام بگەێنێـت، ئەمـە سـەرباری ئـەوەی لەبـواری کۆمەڵایەتیشـدا ژن کـەسی سـەرەکیە لـە دروسـتبوونی خێـزان و نـەوە خسـتنەوەو دروسـتکردنی هـۆز، لەبـەر ئەوەیـە تاکـو ژن ئـازاد نەبێـت کۆمەڵگـەش پێشـناکەوێت، چونکـە

شانبەشانی پیاوان تەوەری سەرەکین لەدروستبوونی ئەوکیانانەدا مەبەست لەمەش ئەوەیە بەتێپەڕبوونی قۆناخە مێژووییەکاندا ژن توانیویتی زۆر بەباشی کارەکانی بەئەنجام بگەیێنێت ئەمە لەکاتێکدا سیستەمی پیاوسالاری هەمیشە لەگەڕی ئەوەدایە کە ژن لە چوارچێوەبنێت و لە کونجی دیوارەکانی ماڵەکان بیخزێنێت، هیندە بچوکی بکاتەوە لەوەی تەنها بۆ ئارەزوکانی خۆی و نەوە خستنەوە دروست بوویێت، لە کاتێکدا کە بیەوێت هەناسەی ئازادی بەدەست بێنیت لە ژێر چەتری نازناوی جۆراوجۆر خەفەی دەکەن، دەبێت ئەوەشمان لە یادنەچێت کە ئەو خێزانەو ئەو هۆزەی، ئەو منداڵەی کە ژن دروستی کردون هەر ئەوانیش بەهاوکاری سیستەمی پیاوسالاری ژنیان لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری دورخستۆتەوە، بەجۆرێک تەنها وەکو ئالەتێک ببینرێت، ئەگەر کەمێکیش باس لە سیستەمی ڕۆژئاواش بکەین دەبینین ژنان لەوێشدا هەڵگری کۆمەڵێک دۆسیەن سەرباری ئەوپێشکەوتنەی لەوێدا بەدیدەکرێت کەچی نەیانتوانیوە مافە ڕەواکانیان بەتەواوی بەدیبهێنن، هەڵبەتە سیستەمی بەڕێوبردنی وڵات و یەکەی ئابوری سەرمایەداری جێگە پەنجەی خۆی لەمەدا دیاری کردوە جا بۆ ئەوەی ژن بتوانێ هەموو خەونەکانی بەدیبهێنێت، دەبێت لە ئازادبوونیەوە دەست پێبکات، چونکە لەوێوە دەتوانێت چەرخێکی نوێی ژن لە بەرزترین ئاستدا دروست بکات میانەی یەکسانی لەگەڵ پیاودا وە لەو مەودایانەی کە کەنارخراوە دەتوانێت بێتەوە بەلایەنێکی سەرەکی وە ئەو ڕێزەی کە بچوک کرابۆیەوە لە قۆناخە مێژووییەکانی باسمان کرد سەرلەنوێ بۆی بگەڕێتەوەو بتوانێ بەو ئازادی و یەکسانیەی بەرامبەر بە پیاوان بەدەستی دێنێت پێکەوە ڕەگی کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییەکان چارەسەر بکات و بەمەشە سەردەمی دیموکراتی دەست پێدەکات کە پێشکەوتنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

### • پرسی ژن لە ڕۆژهەڵاتی ناوین لە بواری سیاسی و کۆمەلایەتیدا :

ڕۆژهەڵاتی ناوین لانکەی سەرهەڵدانی گەلێک شارستانیەت و کلتور و مێژووی مرۆڤایەتی جیاوازە، سەرباری ئەمەش لانکەی سەرهەڵدانی جۆرەکانی هزری ئاینیە و کاریگەری ئەم هزرەش بۆ ماوەیەکی درێژە لە مێشکی تاکی ئەم کۆمەڵگایە ڕەنگدانەوەی هەیە، مێژووی سەرهەڵدانی زهنیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوین دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ٨-١٢ی زاینی، لەکاتێکدا پایەی زانست و ڕێنسانس لە ڕۆژئاوا پتەوبوو لە بەرامبەردا عەقڵ لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا چووبووە چوارچێوەیەکی پاشکەوت و خەسڵەتی زاڵبونی هێزی سەربازی وبێکاری و کێشمە کێشی هێزەکان، بیری تۆڵەسەندنەوە لەخیانەتی ڕابردوو بەتەواوی دەبینرا، لە نمونە دیارەکانی ئەم حاڵەتەش بریتیە لە کێشەی نێوان (عەرەب و نەتەوەکانی دیکە)، کە چۆن هەریەکەیان لە فرسەتی تۆڵەسەندنەو کار لە دژی ئەوی دیکە دەکات، هەروەها لەڕۆژهەڵاتی ناویندا بەبیانوی ئاین یان ناموس یان موڵک بێگوێدانە بەهای مرۆڤ وەکو جۆگەلە خوێن دەڕێژرێت، هەموو ئەو بێڕێزیەش بەپلەی سەرەکی ژنان دەگرێتەوە، چونکە لەم مەسەلەیە ژنان کراونەتە سیمبول و پیرۆزیان پیسکراوە، ئەمە لەکاتێکدا بەناوبانگترین ژن لە میانەی مێژوودا لەم سەرزەمینە دەرکەوت و هەریەکە لەم ژنانە وەکو خواوەندەکانی خوڵقێنەر و پارێزەری ژیان هەمیشە ماونەتەوە، نمونەشیان وەکو (ئیزیس لە میسر، ئینانا لای سۆمەرییەکان، ڤینۆس لای ڕۆم، ئافرۆدێت لای یۆنانی، کالی لای هندیەکان) کەوابێت ئەو گەورەیەتی ژنە کە وەکو دەسپێکێکی مێژووی و خواوەندی خۆی ئاشکرا کرد، بەڵگەی ئەو بەهێزیەی ژن خۆی لە سەمیرە ئەمیس و کیلۆپاترا و زەنوبیا دەبینێتەوە کەهەریەک لەمانە لە پێناوی ڕاگرتنی شکۆمەندی نیشتمانەکەیان چەندین کاری قارەمانێتیان بەئەنجام گەیاندوە.

**ئاین ڕەگێکی تۆکمەی لە هزری تاکی ئەم کۆمەڵگەیەدا داکوتیوە**

بەکورتی ئەمانە و نمونەی ئەمانە بوونە سیمبولی وەفاداری ژن بۆ مرۆڤایەتی و خاک، لەلایەکی دیکەوە بوونی ئاینی جۆراوجۆر لەم نیشتمانەدا بەدیدەکرێت، ئاین ڕەگێکی تۆکمەی لە هزری تاکی ئەم کۆمەڵگەیەدا داکوتیوە بەچەشنێک لە هەڵسوکەوتی تاکەکاندا بە ڕوونترین شێوە دەبینرێت لەهەمووشیان نزیکتر لە هزری ژنان ئاینی زەردەشتیە کە برنسیپەکانی بەچەشنێکە کە لە بنەمای پرنسیپی دایک سالاری دەچێت، عەرەبەکانیش

لـە ئەنجامـی کەڵـک وەرگرتـن لـە سـەرچاوە نەوتییـەکان بەهـۆی ئـەوەی پێشـکەوتنی سـەرمایەداری لەگـەڵ دینامیکـی نێوخـۆی نەکردۆتـە یـەک بۆیـە دەتوانیـن بـە کـورتی بگوترێـت مەسـەلەی ژن و ئـازادی ژن تیایـدا وەلانـراوە سـەرباری کاریگـەری میتۆلۆژیـای ئایـن بەسـەریندا، هەرچـی لای گـەلی فارسیشـە کـە لـە چوارچێـوەی کۆمەڵگـەی ڕۆژهـەڵاتی ناویندایـە، سـەرەتا بـە ئاینـی زەردەشـت کاریگەربـوو پـاش فتوحـاتی ئیسـلامی کەوتـە ژێـر کاریگـەری ئاینـی ئیسـلام و مەزهـەبی شـیعە.

**ئازادی ژن لەلای فارسەکان هەڵکشان و داکشانی بەخۆیەوە بینی**

ئـازادی ژن لـەلای فارسـەکان هەڵکشـان و داکشـانی بەخۆیـەوە بینـی بەچەشـنێک لـە پێـش پەیدابـوونی مەزهـەبی شـیعە چالاکانـە بەشـداریان لـە کاروبـارە کۆمەڵایەتیـەکان دەکـرد، بـەڵام لەگـەڵ هاتنـی ئاینـی ئیسـلام ( مەزهـەبی شـیعە) وردە وردە ڕەوتی بەشداری ژن لـە دۆسیە کۆمەڵایـەتی و کاروبـاری وڵات دورخرایـەوە، هەرچەنـدە کاریگـەری بیـری سـەرمایەداری لـە نێوشارنشـینەکاندا بـوونی هەبـوو کەچـی ئـەم حاڵەتـە لـەدوای دروسـت بـوونی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران (١٩٧٩) ئـەم وەلانانـەی ژن زەقتربۆیـەوە، سـەرباری ئـەو دۆخـە خراپـەی ئابـوری ئێـران پێـوەی دەناڵێنێـت تاکـی کوردیـش لێـی وەدەر نەهاتـووە بەتایبـەت ژنـانی کـورد بەچەشـنێک هاوشـانی ژنـانی فـارس تێکـەڵ بـەکاری نایاسـای وەکـو سـۆزانی بـوون، هەروەهـا تێکـەڵ بـوون بـە بـازرگانی کـردنی مـادەی بێهۆشـکەر، سـەرباری زوو بەشـودانی کچـان کەتەمەنیـان لەخـوار ١٨ سـاڵیەوە، بـەزۆر خێزانێکـی پێدروسـت دەکرێـت بـێ ئـەوەی مانـای ئەرکداربـوون بـزانی ئەمـەش تەنهـا بـۆ پڕکردنـەوەی غەریـزەی پیـاوان و بەجێگەیانـدنی خواسـتی خێلەکیـە، ئەمـە لەکاتێکـدا کـە ژنـان بەتایبـەتی لەناوچـەی نیشـتەجێی چیـاکان هێزێکـی گـەورەی کشـتوکاڵین، هەروەهـا لـە زۆربـەی سـەرهەڵدانی مێژوویشـدا چالاکانـە بەشـداریان کـردوە، بـەڵام هیـچ کات نەبوونەتـە هێزێـک کـە خۆیـان بکەنـە بابـەتی بـاس. لای گـەلانی ئاشـوری و سریانیـش دۆزی ژنـان لەژێرچەتـری نەتـەوەی بـوون و بنەماڵـەی بچـوک وەلا نرابـوو.

لـە دەوڵـەتی عوسمانیشـدا ژنـان پێگـەی دووەمیـان هەبـوو لـە ڕیزبەندیەکـەدا بـە چەشـنێک کـەژن حوکمـی زینـدان بـوونی لـە نێـو مـاڵ و بنەماڵەکەیـدا بـۆ دەرکـرا، هەروەهـا جگـە لـە کاڵایەکـی بـازرگانی هیـچ ڕۆڵێـک بـەژن نـەدەدرا، لـە بازاڕەکانـدا وەکـو کۆیلەیـەک کڕیـن و فرۆشـتنی پێـوە دەکـرا و وەک ئامرازێکـی کەیـف خـۆشی پاشـا و شـازادەکان کەڵکیـان لێوەردەگرتـن، بەهەمـان شـێوە ژنـانی نێوکۆشـک ببوونـە ئامرازێکـی کەیـف خـۆشی پیـاوەکان و بەرهـەم هێنـانی منـداڵ، بـەڵام بەدامەزرانـدنی کۆمـاری تورکیـا بەسەرپەرشـتی مسـتەفا کەمـال ئەتاتـورک ڕیفۆرمـی بەمەبەسـتی نەهێشـتنی هیـچ مۆرکێکـی دەسـەڵاتی سـوڵتانی عوسـمانی ئەنجامـدا، دەتوانیـن بڵێیـن پرۆسـەکە لاسـای کردنـەوەی ڕۆژئاوابـوو، ئەنجامـی ئەمـەش نەیتـوانی ئـازادی تـەواوی ژنـان و مافەکانیـان بەدیبهێنێـت، چونکـە سیسـتەمەکە نەیتـوانی ڕواڵـەتی بـاوک سـالاری و ڕەوتی

**کاتێک دەوڵەتی ماد دروست دەبێت، زەردەشت دەبێتە ئاینی فەرمی ئیمپراتۆریەتەکە**

کلاسـیکی بەتـەواوی بنەبـڕ بـکات و بـزافی ژنانیـش بۆخـۆی هۆکارێـک بـوو لـەم دۆخـە دیلـەی ژنـان، چونکـە هێنـدە بەهێـز نەبـوون بتوانـن وەڵامـی هەمـوو کێشـەکانی ژنـان بکـەن بەتایبـەتی لەنێـو گوندنشـینەکاندا کـە بەئێستاشـەوە مەسـەلەی کوشـتنی ژنـان بـە تۆمـەتی پاراسـتنی نامـوس بـوونی هەیـە، کەوابێـت دۆخـی ژنـان هـەر بەناهەمـواری و دیـلی مایـەوە، ئەمانـەی سـەرەوە ڕونکردنەوەیەکـی کـورتی دۆخـی ژنانـە لـە ڕۆژهـەڵاتی ناویـن بەپێـی گـۆڕانی قۆناخـە مێژوویيـەکان.

- **ژن لە کۆمەڵگای کوردستاندا:**

هەرچەنـدە ئاینـی زەردەشـت کاریگەرییەکـی تـەواوی لـە کۆمەڵـگای کـوردی هەبـووە بەچەشـنێک ژنی کـورد لەژێـر سـاییەی ئـەم کاریگەرێتیـە توانیویتـی توانـا و مافـەکانی بەرجەسـتە بـکات، چونکـە لـە یەکێـک لـە ئایدیۆلۆژیـاکانی ئاینـی زەردەشـت یەکسـانی نێـوان مرۆڤەکانـە لـە مـاف و ئازادیـدا( ژن و پیـاو)، هەربۆیـە

کاتێک دەوڵەتی ماد دروست دەبێت، زەردەشت دەبێتە ئاینی فەرمی ئیمپراتۆریەتەکە، کاریگەری قوڵی لەسەر شێوازی پێکهاتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازی دەبێت بەتایبەت دروست کردنی زەمینەیەکی یەکسانی ژیانی کۆمەڵایەتی، بەمەش دەرفەتی بۆ ژن ڕەخساند لە بەشداری کردنی لە بوارەکانی بەرهەمهێنا و ژیانی کۆمەڵایەتی دا ئیتر دوابەدوای ئەم قۆناخە ئایدیۆلۆژیای ڕژێمی کۆیلەداری باڵی بەسەر کۆمەڵگای کوردیدا کێشاو بەمەش ژن جارێکی دیکە کەوتەوە چوارچێوەی سنوری ماڵەکان، بەچەشنێک کە بەهۆی کاریگەری هێزی داگیرکەر و

**پایتەختی عوسمانی دامەزرا ئەم کۆمەڵەیە کاریگەربوو بەشۆڕشی ڕۆشنگەری ئەوروپا**

ئەو دۆخە نالەبارەی کۆمەڵگەی کوردی تێیکەوت لەنێوان هێزی داگیرکاری و بەرگریکاریدا و پاراستنی هزری نەتەوەیی، ژنان لەهەرێمەکەدا ناچار بوون ملکەچی هێزی داگیرکەربن، وەکو کاڵایەک تەماشا بکرێن، بەمەش ژنی کورد وردە وردە لە گەوهەری ڕاستەقینە و ناسنامەی خۆی دوورکەوتەوەو ئیدی بووە پاشکۆیەک و کارەکتەرێک، سێ فاکتەر کاریگەری تەواویان لەسەر هەرێمەکانی کورد و کۆمەڵگەی کوردیدا بەجێهێشتوە ئەوانیش:

یەکەم ئاینە بەتایبەتی لە کۆتا ساتەکانی ئاینی زەردەشت و هاتنی ئاینی ئیسلام بەهەموو تەریقەت و مەزهەبەکانیەوە، بوونە هۆکارێک بۆ لەچاڵنانی ژنانی کوردی هەرچەندە ئاینەکان خاوەن پرەنسیپێکی جوان و مافدارن، بەڵام کاتێک ئاینەکان کەوتە دەستی لایەنێکی باڵادەست ئیدی بەها جوانەکانی ئاینی فەرامۆش کردو بەپێچەوانەشەوە خستیە خزمەتی خۆی، وەکو هۆ و پێناوێکی چەواشەکاری بەرامبەر بە ژنان پەیڕەویان دەکرد، بەمەش پیاوانی بەهێزکرد وەکو بوونەوەرێکی گەورەی کۆمەڵگاوە ژنانی لە بەرامبەردا بچوک کردوەو لەچاڵینان، هۆکاری دووەم بریتیە لە فاکتەری سیاسی کە بەهۆی ئەو سیستەمە سیاسیەی کۆمەڵگەی کوردی پیایدا تێپەڕی وایکرد کە تاکی کورد دووچاری چەوساندنەوە کۆیلەداری ببێت، بەڵام بەڕێژەیەکی جیاواز لە

نێو ڕەگەزی ژن و پیاودا بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە مەبەستەکەمان لەسەردەمی (کۆمەڵەی تەعالی کورد) کە لەلایەن ڕۆڵەکانی بنەماڵەی ئەرستۆکراتەکانی کوردانی نیشتەجێی پایتەختی عوسمانی دامەزرا ئەم کۆمەڵەیە کاریگەربوو بەشۆڕشی ڕۆشنگەری ئەوروپا، هەروەها ڕۆژئاوایەتی و مۆدرنیزم هەندێک چالاکی لەبواری (کۆمەڵایەتی و کلتوری و هونەری) ئەنجامداوە ژن تیایدا بۆ یەکەمجار ئەنجومەنی(ژنانی وڵاتپارێزیان)دامەزراند، ئامانجی ئەم ئەنجومەنە پێشخستنی ئاستی کۆمەڵایەتی ژنان بوو، لەبەر ئەوەی ئەم ئەنجومەنە تەنها لە چوارچێوەی توێژێکی بچوک و چینی سەرەوە سنوردارمایەوە، بۆیە تەمەنی کورت بۆ هەرچەندە بارودۆخی سیاسی ئەو سەردەمەش ڕۆڵێکی باشی بینی بۆ خەفەبوونی ئەم ئەنجومەنە، هەروەها دوای دروستبوونی کۆماریش کە لەسەرەتادا ئەم کۆمارییە لەسەربنەمای یەکسانی هەردوو گەل ( کورد، تورک) دروستبوو کەچی دواتر ئایدیۆلۆژییەکەی گۆڕاو بووە هێزێکی دژە دیموکراتی بۆیە تاکی کورد ئەم جارە ئەرکەکەی دوو هێندە قورستربوو لە ناو ئەو بازنەش ژنانی کورد لە باکوردا چالاکانە بەشداریان لەو سەر هەڵدانانەدا کردو وێنەیەکی کاریگەر و خۆڕاگری لەسەر ئەو ڕەوتی ئەو سەرهەڵدانە داناوە، سەرباری ئەوەی دووچاری ئەو هەموو ستەم و چەوسانەوەیە هاتن کەچی هەربەردەوام بوون لەگەیاندنی پەیامی خۆیان ئەمە جگە لەبەڕێوبردنی ئەرکی گشتی، گەشتبوونە پلەی فەرماندەی و گیانبازی دەنگدانەوەیەکی گەورەیان هەبوونە لە نمونەی ئەو ژنانەش(زەریفە لە کۆچگری، بەسێ لە دێرسیم، پەریخان لە ئامەد)، تێکڕا شان بەشانی پیاوان لەڕیزەکانی پێشەوە خەباتیان کردوە.

**لایەنی سیستەمی فیودالیزمی کۆمەڵایەتی و کلتوری عشائیری و خێڵەکی بەتەواوەتی ژنانی لە بەهاکانیان وەدەرناوە**

وێنەی ژنانی بەم چەشنە شەڕەڤی خۆیان پاراستوە و بەکۆکی خۆی وەفادار ماونەتەوە و گیانی خۆیانیان فیداکردوە. ژنانی باشوری کوردستانیش سەرباری ئەو دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی پیایدا



تێپەڕی کەچی لەسەدەی ١٩ هەم لەبواری شۆڕش هەم لە بواری ئەدەبدا جێگا پەنجەیان دیاربووە، بەڵام بەدەسپێکی سەدەی ٢٠ بەرە ئەم دۆخە لەدەست دەدات و کاریگەری وەهایان لەسەر خەبات نامێنێت لە نموونەی ئەو ژنە قارەمانانەش ( حەپسە خانی نقیب، فاتمە محێدین و لیلی قاسم ) کەنموونەی ئارام گرتوی و فیداکارین ئەو خەباتەن، جگە لە لایەنی سیاسی و داگیرکاری لایەنی سیستەمی فیودالیزمی کۆمەڵایەتی و کلتوری عشائیری و خێڵەکی بەتەواوەتی ژنانی لە بەهاکانیان وەدەرناوە و کاریگەرە کوشندەی بەسەر ژنانی باشور جێهێشتوە ئەنجامەکەشی نەریتی خەتەنەکردن و خۆسوتان و شێوانی جەستەی خۆیانی کردۆتە نەریتێک ئەمە جگە لە خراپی دۆخی ئابوریش دیاردەی سۆزانی و بازرگانی پێکردنی ژن وەکو کاڵایەک بەدوای خۆیدا هێنا کۆتایەکەشی قوربانی ژنانی باشور بۆ یاسا کلاسیکەکان، سەبارەت بە دۆخی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەهۆی داگیرکاری خاکەکەیان لەلایەن ڕژێمی ئێران بەهەمان شێوەی ژنانی باکور و باشور سیاسەتی داگیرکاری کاری لە دوورخستنەوەی ژنی کورد کردوە لە بواری بڕیاری چارەنوسی دا، هەرچەشنە دژبەرایەتی ژنان بەتوندترین شێوە وەڵام دەدرێتەوە، هاوکات رەفتارو کرداری ژن بەتەواوەتی یاسای بۆ دانراوە، بەبراوردکرنی ژنانی کورد لەگەڵ ژنانی فارس دەبینین ژنانی کورد زۆرتر بێبەشکراون لە مافەکانیاندا ئەمە سەرباری چەوسانەوەی مەزهەبیش با لەولاوە بوەستێت و کاریگەری زۆری فیوداڵەکانی ئیسلامیان پێوە دیارە، سەبارەت بە ژنانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان (سوریا)، بەهۆی ژێردەستەبوونی خاکەکەیان و کاریگەری کلتوری عەرەبی وئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتی سیاسی بەچەشنێک ژنانی ڕۆژئاواش لەڕووبەڕووی ستەم و زۆرداری بوونەتەوە و بەهاکانیان بەچەشنی ژنانی بەشەکانی دیکەی کوردستان بچوکراوەتەوە ئەمە لە کاتێکدا ژنان ڕۆڵێکی کاریگەری بەرچاویان لە گۆڕانە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی ڕۆژئاوا هەبوو کەچی لە مەودای هزرێکی کلاسیکی لە چوارچێوەی ماڵ قەتیس کراون دووچاری چارەنوسێکی سەرکوتکەرانەهات، بۆیە بەگشتی ژنانی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان لەگەڵ ئەوەی لە دایک بوون و خزمەتی خێزانیان کردوە لەماڵەوە لەگەڵ ئەوەش جەنگاوەرێک بوون خەباتگێڕبوون بەرهەم هێن بوون ئاین دۆست بوون کەچی مافی مرۆڤ بوونیان ئازاد بوونیان ژیانیان بەدەستێکی سیاسی سەقەت و ئابورێکی پڕ لەکێشەو ئایدیۆلۆژیایەکی پیاوسالاری کۆمەڵایەتی و کلتورێکی لە قالبنراوی عشائیری خیڵەکی، دەستەکانی ژن توند پێچراون و قاچەکانی بڕاون و بەتەواوەتی بێدەنگ کراون.

# دەقی ئەنجامنامەی کۆتای کۆنفرانسی ئاشتی و سەقامگیری رۆژهەڵاتی ناوین لە هزری عەبدوڵا ئۆجالاندا




دوای بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی ئاشتی و سەقامگیری رۆژهەڵاتی ناوین لە هزری عەبدوڵڵا ئۆجالاندا، ماوەی سێ رۆژ لە شاری سلێمانی بەردەوام بوو، لە بەیاننامەیەکدا بەڕێوەبەرانی کۆنفرانسەکە ئەنجامنامەی کۆنفرانسەکەیان بڵاوکردەوە.

لە شاری سلێمانی بە بەشداری ٢٠٠ ئەندام لە وڵاتانی تورکیا، ئێران، عێراق،، سوریا، لوبنان، تونس، فەڵەستین، باشووری ئەفریقا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەروەها باکور، باشور، رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوردستان، لە رۆژانی ١٩ تا ٢١ی تەمووزی ٢٠١٦ کۆنفرانسی ئاشتی و سەقامگیری رۆژهەڵاتی ناوین لە هزری عەبدوڵڵا ئۆجالان مان بە ئەنجام گەیاند، لە کۆنفرانسەکەماندا بەشێوەیەکی گشتی نوێنەرایەتی سەرجەم نەتەوە جیاوازەکان و باوەڕییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشداربوو تێیدا، لە قۆناخێکی وەها مێژووییدا کە تێیدا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کراوە بە گۆڕەپانی سێهەمین جەنگی جیهانی و کوردستانیش کە ناوەندی ئێستای جەنگی سێهەمی جیهان پێکدەهێنێت, کۆنفرانسەکەمان لە بارودۆخێکی سیاسی و مێژوویی وەهادا ئەنجام دەدەین و لەم چوارچێوەیەدا بۆ دۆزینەوەی چارەسەری راست و گونجاو لە کات و شوێنی گونجاودا کۆبووینەتەوە، سەبارەت بە دەستنیشانکردنی راستینەی کێشە بنەڕەتییەکانی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دانانی چارەسەری هاوبەش, شیرۆڤە و رێنماییەکانی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالان لە ئاستی باڵادا رۆڵ دەبینێت، لە گفتوگۆکاندا کێشە سەرەکییەکانی بەردەم هەنگاونانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو کێشانەی دەسەڵاتپەرستی، نەتەوە و نەژادپەرستی پاشڤەڕۆ، مەزهەبگەرایی، کێشەی ژن و دۆگماتیزم کە بە هەزاران ساڵە ناوچەکەیان پەلکێشی ناو کێژاو و قەیران کردووە، بە گەورەترین و بناخەییترین کێشە دەستنیشان کراون، لەگەڵ ئەمەشدا راستینەی دەوڵەت - نەتەوە کە زاڵ بووە بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تۆوی دوژمنایەتی لەنێوان گەلان و باوەڕییەکانی هەرێمەکەدا چاندووە، ئەمە لەکاتێکدایە کە توانیویانە بە هەزاران ساڵ پێکەوە بژین.

**بەو هۆکارەی هاوشانی گەلی کورد گەلی فەڵەستینیش زۆرترین ئێش و ئازاریان چەشتووە**

دەوڵەت - نەتەوە کراوە بە ئامرازێک کە ناوچەکە بکەوێتە ناو شەڕێکی بەردەوامەوە. بەو هۆکارەی هاوشانی گەلی کورد گەلی فەڵەستینیش زۆرترین ئێش و ئازاریان چەشتووە، چارەسەری ئەم دوو کێشە بناخەییەی هەرێمەکە کە بوونەتە گرێکوێرە، کاریگەری خۆی بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جێدەهێڵێت، هاوکات هەنگاوێکی گرنگیش لە ئاستی پێشەنگایەتیکردن بۆ ئازادی سەرجەم گەلان و باوەڕییەکانی هەرێمەکەش دەهاوێژرێت، لە ئەنجامنامەکەدا ئاماژە بەوەکراوە:"نوێنەرانی گەلان و باوەڕییەکانی بەشداربووی کۆنفرانسەکەمان لە گفتوگۆکاندا

بەدەستنیشانکردنی ئەو راستییەی کە بنەمای مێژوویی پێکهاتەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشتئەستووره بە ژیانی ئازاد و خۆسەرەوە، لێرەشەوە ئەو راستییە سەلمێندرا کە کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی راستەقینەترین مۆدێلی چارەسەرییە، سەبارەت بە سەرلەنوێ بونیادنانەوەی کلتووری ژیانی رەسەنی هەرێمەکە جەختی لەسەر کرایەوە کە لە ئەزموونی رۆژئاوای کوردستاندا خۆسەری دیموکراتی بناخەگیر بە نەتەوەی دیموکراتی کە فەلسەفەی ژیانی هاوبەشە، بنچینەییترین مۆدێلی چارەسەرییە.

## بۆیە پیلانگێڕی نێو دەوڵەتی لە کەسایەتی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالاندا لەدژی سەرجەم گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەنجامدراوە

بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالان کە بونیادنەری ئەم مۆدێلی چارەسەرییەیە لە ئەنجامی گەلەکۆمەیەکی نێودەوڵەتیدا رفاندنی و مەحکومکردنی بە سیستەمی ئەشکەنجەی ئیمراڵی بێگومان راستەوخۆ گرێدراوە بەو واقیعە مێژووییەی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، ئەم گەلەکۆمەیەی لە رۆژی ١٥ی شوباتی ١٩٩٩ دا ئەنجامدرا نەک تەنیا دژ بە تەڤگەڕی ئازادی کورد بوو بەڵکو هەوڵدرا بە سەرلەنوێ دیزاینکردنەوەی هەرێمەکە دەستێوەردان لە سەرتاسەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات، هەر بۆیە پیلانگێڕی نێو دەوڵەتی لە کەسایەتی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالاندا لەدژی سەرجەم گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەنجامدراوە، لێرەوە کۆنفرانسەکەمان جەختی لەسەر دەکاتەوە کە بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالان تەنیا وەک رێبەری گەلی کورد هەڵناسەنگێنێت، بەڵکو وەک بیرمەند، پێشەنگ و کەسایەتییەکی مێژوویی خۆبەختکار لە پێناو دانانی چارەسەری بۆ کێشە سەرەکییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی و سەرجەم مرۆڤایەتی بەگشتی پێناسە کرا، بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالان کە ٥ی نیسانی ٢٠١٥ وە خراوەتە ژێر گۆشەگیرییەکی توند و گشتگیرەوە و هیچ هەواڵێکی لێ نابیسترێت و ماوەی ١٨ ساڵیشە لە دورگەی ئیمراڵی دووچاری سیستەمێکی ئەشکەنجەی تایبەت و بێ وێنە بۆتەوە، ئامانج لەم بە بارمتەگرتنەی ئۆجالان شکاندنی ئیرادە و نەهێشتنی زەمینەی چارەسەری دیموکراسییانەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆیە پێویستە دۆخی بەبارمتەگرتنی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالان کۆتایی پێبهێندرێت, کە ئەمە نەک تەنیا وەک گەلی کورد بەڵکو داخوازی هەموو گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرجەم هێزە دیموکراسییەکانی جیهانیش هەڵبسەنگێندرێت، لە کۆنفرانسەکەماندا زۆر بە پوختی و ئاشکرایی دەستنیشان کرا کە تاکە رێگەی چارەسەری زیهنی کۆمەڵایەتی و سیستەمیانە، چارەسەربوونی کێشەی ژنە، لەلایەن سەرجەم بەشداربووانی کۆنفرانسەوە بە جۆشێکی مەزنەوە ئاماژە بەوە کرا کە تێکۆشانی ئازادی ژنی کورد ئەمڕۆ بۆتە کانگای ئیلهام بۆ سەرجەم ژنانی جیهان, ئەمەش پشتئەستووره بە خەباتی ئازادی ژن کە بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالان بە رەنجێکی گەورە خوڵقاندوویەتی، هەر لەم کۆنفرانسەدا بەشێوەیەکی بەرجەستە ئاشکرابوو کە لەبەرامبەر پارچەگەرێتی سەپێندراو بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، فیکر و رامانی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالان زەمینەی هاوبەشی و یەکێتی پێشکەش دەکات و لێرەشەوە گەیشتووین بە بڕیاربوونی پرەنسیپی و پراکتیکیانە، لەسەر ئەم بنەمایە:

## تێکۆشانی ئازادی ژن بە بنچینەییترین تێکۆشان دەستنیشان دەکات

١- دەستبەجێ کۆتاییهێنان بە سیستەمی گۆشەگیری ئیمراڵی و ئازادکردنی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالان کە بۆ سەقامگیری ئاشتی و دیموکراتی ناچارییەکە.

٢- لەپێناو بەدیهێنانی ئاشتی و سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چارەسەری نەتەوەی دیموکراتی بە چارەسەری بەردەست و گونجاو دەستنیشان دەکات.

٣- تێکۆشانی ئازادی ژن بە بنچینەییترین تێکۆشان دەستنیشان دەکات بۆ چارەسەرکردنی گرێکوێرەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە رۆژهەڵاتی ناوین و پێشخستنی دیموکراسی و ئازادییەکان.

٤- لەپێناو رۆشنکردنەوە و ئازادکردنی زیهنییەتی داخراو و چەقبەستوو، شۆڕشی زیهنی بە پێویستییەکی بنەڕەتی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەسەند دەکات.

**سەرجەم رژێمە سیاسی و دەوڵەتە مۆنارکی، دیکتاتۆر، کودەتاگەر، دیسپۆتیکەکان رەت دەکاتەوە**

٥- بە لەبەرچاو گرتنی راستینەی دەوڵەمەندی باوەڕی و مەزهەبی لەناوچەکەدا کۆنفرانسەکەمان بڕوا بە ژیانی ئازادی و یەکسانی لەسەر بناخەی پرەنسیپی هاوبەشی سەرجەم دەکات و جەخت لەسەر پێشخستنیشیان دەکاتەوە.

٦- ئەزموونی رۆژئاوای کوردستان کە ئەزموونێکی بناخەیی ئازادی و دیموکراسییە، بە چارەسەرییەکی جێگرەوە بۆ ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەسەند دەکات.

٧- سەرجەم رژێمە سیاسی و دەوڵەتە مۆنارکی، دیکتاتۆر، کودەتاگەر، دیسپۆتیکەکان رەت دەکاتەوە و بەڕێوەبەرایەتی سیاسی دیموکراتییانە پەسەند دەکات.

٨- کۆنفرانسەکەمان وەک مۆدێلێکی گشتگیری راستینەی گەلان و باوەڕییە مێژوویی و هەنووکەییەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی بە گرنگ دەزانێت.

٩- کۆنفرانسەکەمان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەستێوەردانی نیۆلیبراڵی جیهانی سەپێندراو بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چارەسەری نییە و داوای رێزگرتن دەکات لەو چارەسەرییانەی پشتئەستوورە بە ئیرادەی ئازادی گەلانی هەرێمەکەوە.

کۆنفرانسەکەمان دوای ئەو گفتوگۆ چڕوپڕەی ئەنجامی دا، هاوشان لەگەڵ بڕیاردانی پرەنسیپیان، جەخت لەسەر وەرگرتنی بڕیاری کردەییش دەکاتەوە لەم چوارچێوەیەدا:

١- کۆنفرانسەکەمان، هەموو ئەو هەڕەشە و هێرشانەی دەوڵەتی تورک لەدژی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالان بەڕێوەی دەبات وەک کێشەیەک نابینێت کە تەنیا گەلی کورد و کوردستان پەیوەندیدار بکەن، بەڵکو هەموو جۆرە هێرشێکی دژ بە بەڕێزیان وەک بە هێرش بۆسەر هەموو گەلان لەقەڵەم دەدات. کۆنفرانسەکەمان لەدژی ئەو سیاسەتی هەڕەشە و پیلانگێرییانەی دەوڵەتی تورک لەبەرامبەر بە بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالان جێبەجێی دەکات، داوا دەکات شاندێکی پێکهاتوو لە نوێنەرانی جیاجیای گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی بەپەلە بچێت بۆ ئیمراڵی بۆ دیدار لەگەڵا بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالان.

٢- لە دژی سیاسەتی هێرش و پیلانگێڕانەی دەوڵەتی تورک لە بەرامبەر بە بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالان، بانگەوازی لەسەرجەم رێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان بەگشتی و یەکێتی ئەوروپا و نەتەوە یەکگرتووەکان بەتایبەتی دەکات بە پەلە بۆ کۆتاییهێنان بە هەڕەشەی سەر ژیانی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالان بکەونەخۆ و سزای پێویست بەسەر تورکیادا بسەپێنن.

**چارەسەری پرسی کورد کە کلیلی دیموکراتیزەبوونی تورکیایە، یەکێتی ئەوروپا، نەتەوە یەکگرتووەکان و ناتۆ لە چوارچێوەی حقوقی نێو نەتەوەییدا رۆڵی ئەرێنییانە بگێڕن**

٣- لەپێناو بەدیهێنانی دیموکراسییەت لە تورکیادا کە ئەویش بە چارەسەری پرسی کوردەوە پەیوەستە، پێویستە دەوڵەتی تورک دەستبەجێ دەست بەقۆناخی رێکەوتن لەگەڵا بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالان بکات و سەرلەنوێ لەسەر بناخەی رێکەوتنی دۆڵمەباخچە چارەسەری بخاتەوە رۆژەڤی خۆیەوە.

٤- بۆ چارەسەری پرسی کورد کە کلیلی دیموکراتیزەبوونی

تورکیایە، یەکێتی ئەورووپا، نەتەوە یەکگرتووەکان و ناتۆ لە چوارچێوەی حقوقی نێو نەتەوەییدا ڕۆڵی ئەرێنییانە بگێڕن و سزای پێویست بەسەر دەوڵەتی تورکدا بسەپێنن تا بەپێی نۆرمە جیهانییەکانی مافەکانی مرۆڤ بجوڵێتەوە.

٥- لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ساڵانە کۆنفرانسی تایبەت بە هزر و پێشنیازەکانی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالان سەبارەت چارەسەری دیموکراتیانە ئەنجام بدرێت.

٦- دووەمین کۆنفرانس لە چوارچێوەی ڕێنماییەکانی عەبدوڵڵا ئۆجالان بۆ چارەسەری، لە ڕۆژئاوای کوردستان ساز بکرێت.

٧- بەناوی پێکهاتەکانی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە کار بکرێت بۆ دەرخستنی بڕیارنامەیەک لە یەکێتی ئەورووپا کە داوای چارەسەری دیموکراتییانەی پرسی کورد و ئازادی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالان بکات.

٨- سازدانی کۆنفرانسی ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەچوارچێوەی تێزەکانی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالان تایبەت بە مژاری ئازادی ژن.

٩- بۆ کۆتایی هێنان بەو سیاسەتە ناحقوقییانەی لە کەسایەتی بەڕێز ئۆجالاندا دژ بە گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوین دەکرێت و بۆ بەدەستهێنانی مافەکان لەسەر بنەمای مافپەروەری، بڕیاری دامەزراندنی یەکێتی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات.

١٠- کارکردن بۆ گەیاندنی دۆزی حقوقی عەبدوڵڵا ئۆجالان بە دیوانی دادی لاهای.

١١- بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد پێویستە PKK دەستبەجێ لە لیستی تیرۆری یەکێتی ئەورووپا و ئەمریکا دەربخرێت.

## لە ئەنجامنامەی کۆنفرانس:"ئۆجالان وەک بیرمەندی ڕۆژهەڵاتی ناوین پەسەندکرا"




وێنە ئازادی کۆمەڵگە

## ڕۆژئاوای کوردستان ئەنجامدانی کۆنفرانسی ساڵی داهاتووی "هزری ئۆجالانی" خستە ئەستۆی خۆی



منداڵان قوربانی یەکەمی تەقینەوەکەی 7-27ی قامیشلۆ بوون



sala Ekemin
hijmara 8 Heştem
1-8-2016
Tebax
2716

# Azadî Komelge

Govarareki mehaneye serbixwe a siyasi, hizrî, civakiye




## هێزی بەرخودان و ئازادی ژنانی شەنگال



## 3ی 8، کۆمەڵکوژی و ئەنفالی ژنانی شەنگال